کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووهەم - ژمارە ٤٧٢ - خاکەلێوەی ١٤٠٥ - ئاپریلی ٢٠٢٦





سەروتار

## براوەکان و دۆڕاوەکانی شەڕی چل ڕۆژە وتەیەک سەبارەت بە ئاگربەستی دوو هەفتەیی

لە چلەمین ڕۆژی شەڕی وێرانکەری ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، سەرەنجام هەردوولا لەسەر ئاگربەستێکی دوو هەفتەیی ڕێککەوتن. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەم ئاگربەستە کاتییە دوای هەڕەشە کەموێنەکانی دۆناڵد ترامپ بۆ فراوانکردنی هێرشەکان و بە ئامانجگرتنی ژێرخانە مەدەنییەکانی ئێران هاتە ئاراوە، هەروەها لە ئەنجامی نێوەندگیریی پاکستان و قبوڵکردنی کردنەوەی کاتیی گەرووی هورمز لەلایەن ئێرانەوە پێکهاتووە. بەڵام لە پشت ئەم هاتوچۆ دیپلۆماسی و سەربازییانەوە، ڕاستییەکی تاڵ هێشتا وەک خۆی ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە لەم شەڕەدا، حکومەتەکان هەریەکەیان شتێکیان بۆ پێشکەشکردن بە ڕای گشتی خۆیان پێیە، بەڵام خەڵکی ئێران دۆڕاوی سەرەکین.

ئەمریکا دەتوانێت ئەم ئاگربەستە وەک نیشانەیەک لە نواندنی هێزی خۆی ناوزەد بکات، دەتوانێت بڵێت بە هەڕەشە، گوشار و نیشاندانی ئیرادەی سەربازی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ناچار کردووە سەبارەت بە گەرووی هورمز پاشەکشە بکات و مل بدات بە دانوستانی نوێ. ئیسرائیلیش دەتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات کە جارێکی دیکە توانیویەتی یەکێک لە دوژمنە سەرەکییەکانی ناوچەکەی بخاتە ژێر گورزی خۆی و لۆژیکی سەربازیگەری وەک ئامرازێک بۆ چارەسەری کێشەکان بچەسپێنێت. کۆماری ئیسلامیش لە لایەکی دیکەوە، ئەم ئاگربەستە وەک بەڵگەی "مانەوە" و "ڕاوەستان" بانگەشە دەکات، ئەوەی کە لەژێر گوشاری ئەمریکا و ئیسرائیلدا هەرەسی نەهێنا و توانی لایەنی بەرامبەر ناچار بکات کە بوونی سیاسیی ئەو قبوڵ بکەن.

بەڵام ئەگەر هەر سێ ئەم لایەنە شتێکیان هەیە بۆ نمایشکردن، خەڵکی ئێران چییان هەیە؟ دەستکەوتی ئەوان لە چل ڕۆژ شەڕ چییە؟ ئایا ئاسایشی زیاتریان دەستکەوتووە؟ ئایا ئازادیی زیاتریان بەدەستهێناوە؟ ئایا داهاتوویەکی ڕوونتر لەبەردەمیان دایە؟، وەڵامەکە ڕوونە: نەخێر. ئەوەی بۆ خەڵکی ئێران ماوەتەوە، بریتییە لە وێرانی، هەژاری، دڵەڕاوکێ و ئەو هەموو گیانەی کە لەدەست چوون.

حکومەتەکان دەتوانن بە وشەی بریقەدار قسە لە سەرکەوتنی خۆیان بکەن، بەڵام ئەوەی دەبێتە نسیبی خەڵک، مەرگ و هەژاری و پەککەوتنی ژیانی ڕۆژانەیە. لەم شەڕەشدا هەر وا بوو. هەڕەشەی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر پردەکان، وێستگەکانی کارەبا و ژێرخانە مەدەنییەکان، تەنها هەڕەشەیەکی سەربازی نەبوو، ئەمە هەڕەشەیەکی ئاشکرا بوو بۆسەر ژیانی ڕۆژانەی ملیۆنان مرۆڤ. تەنانەت ئەگەر ئەم هێرشانە ئێستا وەستابن، خودی دەست نیشانکردنی ئەم ئامانجانە، نیشانی دا کە لە لۆژیکی هێزە شەڕخوازەکاندا، خەڵکی ئاسایی هیچی تر نین جگە لە ئامرازی گوشار.

لە لایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامیش ناتوانێت خۆی لە بەرپرسیارێتی ئەم کارەساتە بدزێتەوە. حکومەتێکی کە ساڵانێکە ئێرانی بەرەو قەیرانی هەمیشەیی، سەرکێشیی ناوچەیی، دابڕانی نێودەوڵەتی و ئەمنییەتیکردنی کۆمەڵگە بردووە، ناتوانێت ئەمڕۆ خۆی تەنها وەک قوربانیی دەستدرێژیی دەرەکی بناسێنێت.


درێژە لە لاپەڕەی ٢







## پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکار


ل٢




## ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەروبەندی یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانیی کرێکار


ل٣





## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لە مەحکوومکردنی هێرشە مووشەکی و درۆنیەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەمپەکانی پەنابەران لە هەرێمی کوردستان


ل٦




## ئەو زیندانانەی کە دەتوانن ببنە تەڵەی مەرگی زیندانیان


ل٨

## کۆمەڵگەی ئێران لە بەردەم قۆناغێکی ڕاگوزەری مەترسیداری دوای شەڕ


ل١١

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٢ - خاکەلێوەی ١٤٠٥ - ئاپریلی ٢٠٢٦

## درێژەی: (سەروتار)

هەروەک چۆن مووشەک و بۆمبی ئەمریکا و ئیسرائیل ئازادی بۆ خەڵکی ئێران بەدیاری ناهێنێت، مانەوەی کۆماری ئیسلامیش بۆ ئەوان ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئاسایش دابین ناکات. خەڵکی ئێران لە نێوان دوو هێزی وێرانکەردا گرفتار بوون: لە لایەک ماشێنی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل، و لە لایەکی دیکەوە حکومەتێکی کە مانەوەی خۆی لەپێش بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەوە دادەنێت.

ئاگربەست، ئەگەرچی ئێستا لە توندیی کارەساتە دەستبەجێییەکە کەمدەکاتەوە، بەڵام بەواتای کۆتایی ڕەنج و ئازارەکانی خەڵک نییە. بۆ خەڵکی ئێران، شەڕی ڕاستەقینە لە سبەینێی دوای ئاگربەستەوە بە شێوەیەکی دیکە بەردەوام دەبێت، لە گرانبوونی زیاتر، لە بێکاری، لە گوشار بۆ سەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کەمیی سەرچاوەکان و لەو ژێرخانەدا کە لە ئاکامی شەڕدا زیانی بەرکەوتووە و بە دروشم نۆژەن ناکرێتەوە. ئەو ئابوورییە پەککەوتووەی کە لەژێر گەمارۆ، گەندەڵی و بێتوانایییدا هەناسەی لێبڕاوە، بە ئاگربەست ناژییێتەوە. ئەو بنەماڵەی پێش شەڕیش لەژێر باری هەڵاوساندا پشتی چەمابووەوە، دوای شەڕ هەژارتر و زەرەرمەندتر دەبێت.

لەم نێوەندەدا، نابێت لە مەترسییەکی گرنگی دیکە غافڵ بین، ئەویش بریتییە لە کەڵکوەرگرتنی ناوخۆیی لە دۆخی شەڕ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ توندکردنەوەی سەرکوت. ئەزموون نیشانی داوە کە حکومەتە دیکتاتۆرەکان قەیرانی دەرەکی وەک دەرفەتێک بۆ داخستنی کەشی سیاسی، دامرکاندنەوەی نارەزایەتییەکان و ئەمنییەتیکردنی زیاتری کۆمەڵگە بەکاردەهێنن. لەمڕووەوە تەنانەت ئەگەر بۆردومانەکانیش بوەستن، ئەم ئەگەرە تەواو جدییە کە گوشار بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکانی سیاسی، میدیاکان و شارۆمەندانی نارازی زیارتر دەبێت. بە واتایەکی دیکە، خەڵکی ئێران ڕەنگە هاوکات هەم تێچووی شەڕ و هەم تێچووی سنووردارکردنی هەرچی زیاتر لە ناوخۆدا بدەن.

ئەم شەڕە تەنها بە زیانی خەڵکی ئێران نەبووە. ناوچەکەش جارێکی دیکە سەلماندی کە شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ کات بە سنووورداری و کۆنترۆڵکراوی نامێنێتەوە. هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز، نائارامی لە ڕێڕەوە سەرەکییەکانی وزە، گواستنەوەی شەڕ بۆ وڵاتانی دیکە و فەزای گشتگیری ناسەقامگیری، هەمووی ئەمانە نیشان دەدەن کە خەڵکی ناوچەکەش لەم ئاگرە جگە لە وێرانکاری و دڵەڕاوکێ، هیچیان دەستناکەوێت.

بۆ ئێمە و ئەو خەڵکەی خوازیاری کۆتایی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی شەڕبوون، خودی ئەم ئاگربەستە کاتییەش دەتوانێت دەستکەوتێک بێت. بەڵام لە دۆخێکدا کە بێ متمانەییەکی قووڵ دروست بووە، هەڕەشەکان کۆتاییان نەهاتووە و هیچ گەرەنتییەکی ئەوتۆ نییە بۆ ڕێگریکردن لە دەستپێکردنەوەی خولێکی نوێی شەڕ. ئەوەی ئەمڕۆ زەرووره، بریتییە لە بەرگریکردن لە خەڵک لە بەرامبەر هەردوو لۆژیکی وێرانکەری شەڕخوازیی ئەمریکا و ئیسرائیل و دیکتاتۆریی و قەیران-خوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی.

واقیعییەت ئەوەیە کە هیچ کام لە لایەنە ناکۆکەکان نوێنەری بەرژەوەندییەکانی خەڵک نین. ئەمریکا هێزی خۆی دەوێت، ئیسرائیل داگیرکاری و پەرەپێدانی خۆی بە ناوی ئاسایش لە ڕێگەی لۆژیکی سەربازییەوە پێناسە دەکات و کۆماری ئیسلامیش لە هەوڵی مانەوەی خۆیدایە. بەڵام خەڵکی ئێران ژیان، نان، ئازادی، ئاسایش و کەرامەت و ژیانێکی سەربەرزانەیان دەوێت. بێگومان ئەم جەماوەرە تێکۆشەرەی کە بە خەباتی خۆیان ئەم ڕژێمەیان چەندین جار گەیاندووەتە لێواری ڕووخان و لەناوچوون، سەرەنجام هەموو ئەو شتانەی کە شایستەین، بە هێزی وشیاری، یەکگرتوویی و خەبات و تێکۆشانی خۆیان بەدەستی دەهێنن.

***



# پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکار




لەبەردەم یەکی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار داین. بەم بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە کرێکارانی کوردستان، ئێران و سەراسەری جیهان دەکەین. ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی چینی کرێکار، گرنگترین بۆنەی جیهانی لە سەردەمی سەرمایەداریدایە. ئەم ڕۆژە مەزنە هەموو ساڵێک لە سەرتاسەری دنیادا لە لایەن بەملیۆن کەس لە کرێکاران و بێبەشان و خەڵکی ئازادیخواز لە سەر زەوی، ڕێزی لێدەگیرێ. لە کوردستانی شۆرشگێریش سوننەتی ڕێز گرتن لەم ڕۆژە پێشینەیەکی دەیان ساڵەی هەیە. هەڵسوراوانی کرێکاری لە کوردستان بە حەق شانازی بەوە دەکەن کە ژێر زەختی توندترین دیکتاتوری و سەرکوتیش دا ئالای سوری ڕۆژی جیهانی کرێکاریان شکاوە ڕاگرتووە، زیندانی کراون، ئەشکەنجە دراون، قوربانیان داوە و سەربەرزانە ئەم نەریتەیان زیندوو ڕاگرتووە. با بزانین ئەم سەرسەختی و کۆڵنەدانە لە پێناوی چیدا بووە؟
ڕۆژی جیهانی کرێکار بۆنەیەکی دانەبڕاوە لە خەباتی ڕۆژانە و بەردەوامی چینی کرێکار. کرێکارانی پێشرەو و هەڵسوراوانی کرێکاری لە کوردستان بە تەواوی لەو ڕاستیە گەیشتون کە سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان ئەگەر خۆفی خەباتی ڕۆژانە و ڕاپەڕینی ئەو چینەیان لە دڵدا نەبێ، بێگومان مل بە هیچ ئیسلاحات و ڕیفۆرمێك نادەن. کەوابوو هەرچی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا دەیبینین، هەمووی لە سەر دەستی ئەو چینە و بە هیمەتی خەباتی سەنگەر بە سەنگەری ئەو هاتووەتە سەر گۆڕەپانی ژیانی ئینسانی ئەمڕۆوە.
سەرمایەداران و روناکبیرانی چینی دەسەڵاتدار و ئەو کورت بینانەی کە بە ئاواتی ئەوەی ڕۆژێك ئەوانیش دەستیان بە بەرهەمی ڕەنجی شانی چینی کرێکار بگات لە نۆبەدان، هەموویان لە هاوپەیمانییەکی بەکردەوەدا بەردەوام پێمان دەڵێن کە: «بتانهەوێ و نەتانهەوێ نیزامی سەرمایەداری چارەنووسی چارە هەڵنەگرتانە.» سەرنەکەوتنی ئەم یا ئەو شۆڕشی کرێکاریمان بیر دەخەنەوە بۆ ئەوەی تۆوی بێ هیوایی و بێ ئاسۆیی لە ناوماندا بچێنن. ئازادیی ڕادەربڕین و ڕێکخراو بوونمان لێ زەوت دەکەن ، دەوڵەتەکانیان دەخەنە گیانمان و زیندانەکانمان لێ پڕ دەکەن، ئەشکەنجەمان دەدەن، شەلاقمان لێ دەدەن، هەڕەشەمان لێ دەکەن و لە سێدارەمان دەدەن ، هەموی ئەوانە بۆ ئەوی بێ خەبەر و پرژ و بڵاو ڕامانگرن.
بەڵام بۆ چی وادەکەن؟ ئەگەر بەڕاستی ئەوەندە لە لێکدانەوەکەی خۆیان خاترجەمن و باوەڕیان بەوە هەیە کە دەیڵێن، بۆچی وا نیگەرانن و دەست و پێی خۆیان ون کردووە؟ بۆچی مانگرتنێکی کرێکاریی خەویان دەشێوێنێ و ئۆقرەیان لێ هەڵدەگرێ و دەیانشڵەژێنێ؟ بۆچی هەوڵێکی هەرچەند بچووکی کرێکارانیش بۆ بەرپا کردنی جێژنی یەکی مەی بە مەترسی بۆ سەر «ئاسایشی نەتەوەیی» و دەسەڵاتی خۆیان دەزانن؟ بۆچی بە فرۆفێڵ و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتن، تێدەکۆشن هەوڵەکانی کرێکاران بۆ ڕێکخراو بوون لە بار بەرن؟ ئەمرۆ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی سەربەخۆی ڕۆژی کرێکار قەدەغە کراوە. دەکرێت بێ زەحمەت پێمان بڵێن هۆی ئەم خۆف و وەحشەتەیان لە کۆبوونەوەیەکی وەلەو بچووکی ژمارەیەك کرێکار چییە؟
بێگومان ئەو ترس و خۆفەی کە نیشووەتە دڵیانەوە و ئەو کاردانەوەی کە بەرانبەر بە هەر حەرەکەتێکی کرێکاران لێیان دەبینین، بێ هۆ نییە. ئەوان بۆنی بووژانەوە و سەرهەڵدانەوەی چینی کرێکار و بۆنی خەباتی وشیارانە و ڕێکخراوی ئەو چینەیان، دوای چەندین شکست و پاشەکشە کە بە سەری هاتووە، سەر لەنوێ بۆ هاتوە. ئەوان لەگەڵ بە بنبەست گەیشتنی دوایین هەوڵەکانی نیزامی سەرمایەداری بۆ هاتنەدەر لە قەیرانێکی بەرین کە سەرتاپای ئەو نیزامەی داگرتووە و بوتە هۆی گرانی و برسێتی، و شەڕی خویناوی لێرە و لەوێ، دەست پێکردنی دەورەیەکی نوێ لە بووژانەوەی ئاوات و ئامانجەکانی چینی کرێکاریان لە ئاستی جیهانیدا، هەست پێ کردووە.
ئەوان لەو کاتەوە کە بە لە خۆبایی بونێکی ساویلکانە وتیان، مێژوو کۆتایی هاتووە خۆشبەختی و ئاسایشی جیهان تەنیا لە ژێردەستی ئەوان دا مەیسەر دەبێ و سۆسیالیسم باوی نەماوە، تا بە ئەمڕۆ خەڵکیان برسیتر کردووە، ئاسایشیان زیاتر لە جیهان هەڵگرتووە. بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی دەرباز بوون، لە قەیرانێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە بۆ قەیرانێکیتر، لە تاریکی دا پەل دەکوتن.
ئەمرۆ ئەو ڕاستیە زیاتر لە هەمیشە دەرکەوتووە کە بەرانبەر بەم نیزامە و بەرانبەر بەم مەینەتانەی کە سەرمایەداری تووشی بەشەرییەتی سەردەمی ئێمەی کردووە، بەدیل و ڕێگا چارەیەکی دیکە غەیری سۆسیالیزم بوونی نییە. سوسیالیزم واتە بەهرەمەند بوونی یەکسان و تێر و تەسەلی هەموان لە بەرهەمی بیرو بازوی ئینسان، لە کەش و هەوایەکی ئازاد و سەربەست دا. رزگار بوونی کۆمەڵگا لە شەڕ و کوشتار و ستەمکاری و هەڵاواردنیش هەر لەم ڕێگەیەوە مەیسەر دەبێت.
ڕۆژی جیهانی کرێکارانی ئەمسال لە کاتێك دایە کە سەرباری بێکاری و گرانی و هەژاری، کۆمەلانی خەڵك لە ئیران و لە کوردستان لەگەڵ شەرێکی کاوڵکار بەرەورووبوون، کە شەری خەڵک نییە. بۆ ئامریکا و ئیسرائیل شەری سەپاندنی هێژمونیە بە سەر ناوچەکەدا و بۆ کۆماری ئیسلامیش شەری مانەوەی دەسەڵاتێکی کۆنەپەرەست و دژ بە خەڵکە. ئومێدبەستن بە ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، تەنیا هەڵەیەکی سیاسی نییە، بەڵکوو وەهمێکی مەترسیدارە. پرۆژەی ئەم دوو دەوڵەتە ڕزگاریی خەڵکی ئێران لە مەینەتیەکانی نییە، بەڵکوو سەپاندنی نەزمێکی دەستەمۆ و گونجاوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا.
ئەمرۆ ئەرکی هەلسوراوانی کرێکاری لە کوردستان پتر لە هەر کاتێکی دیکە، بریتییە لە گرێدان و لێک هەڵپێکانی خەباتی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە خەباتی سەرتاسەری لە هەموو ئێران، بەهێزکردنی خۆڕێکخستنی جەماوەریی، دوورکەوتنەوە لە وەهم و خۆشباوەڕیی مەترسیدار و خۆ ئامادەکردنی وشیارانە بۆ سبەینێ دوای شەڕ و پەرەپێدانی بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکان.
بارودۆخەکە ئەگەرچی دژوارە بەڵام بێگومان بەزوویی تێپەر دەبێت. بەرەورووبوونەوە لەگەڵ وەها بارووودۆخێکی ڕاگوزاردا، زیاتر لە هەمیشە ئیرادەی پتەو و ورەی بەرز و ریزی یەکگرتووی لێمان دەوێت. کرێکارانی پێشرەو و هەلسووڕاوانی کرێکاری لە کاتی ڕووداو و کارەساتی سرووشتیدا، هەوێنی خەملینی گەلێك دیمەنی شکۆدار لە یەکگرتوویی و هاوپشتی و بەهانای یەکترەوە چوون بوون، ئەوان لەم ڕێگەیەوە ڕەنج و ئازارەکانی ئەم جۆرە کارەساتانەیان لەسەر کۆمەڵانی خەلك سووك کردووە و یەکگرتووانە و بەئەزموونی دەوڵەمەندتر تێپەریان کردووە. با ڕۆژی جیهانیی کرێکار زیاتر ئیلهام بەخشی ئیمە و هەموو ئەو تێکۆشەرانە بێ کە ڕێگەی خەبات بەرەو سەرکەوتنمان گرتووەتە بەر.

پیرۆزبێت یەکی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران

٢٤ ی ئاوریلی ٢٠٢٦
٤ی گوڵانی ١٤٠٥

***

# ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەروبەندی یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانیی کرێکار




**کرێکاران، زەحمەتکێشان و ئینسانە ئازادیخوازەکان!**

لە یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانیی کرێکار، نزیک دەبینەوە، ئەو ڕۆژەی کە تێیدا چینی کرێکار لە سەرانسەری جیهان، مێژووی خەبات، ئازار و ئومێدی خۆی دەباتە سەر شەقامەکان و شوێنی کار و ژیان و ئاڵای هاوپشتی و ڕزگاری، بە شەکاوەیی ڕادەگرێت. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەم ڕۆژە مێژووییە لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و جیهان و لە هەموو خەباتکارانی ڕێگای یەکسانی و ئازادی، بە گەرمی پیرۆزبایی دەکات.

ئەمڕۆ چینی کرێکاری ئێران لە یەکێک لە دژوارترین قۆناغەکانی ژیانی خۆیدا بەسەردەبات. گرانیی تاقەتپڕوکێن، هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر و حەقدەستی چەندین قات خوارتر لە هێڵی هەژاری، ژیانی کرێکارانی کردووە بە دۆزەخ. گرێبەستە کاتی و سپی-ئیمزاکان، نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی، نەبوونی بیمە و نەبوونی هەر چەشنە مافێکی ڕاستەقینە لە شوێنی کار، بارودۆخەکەی گەلێک دژوار و تاقەتپڕوکێن کردووە. ملیۆنان کرێکار تەنانەت ئەوانەش وا کاری تەواو وەختیش دەکەن، لەوپەڕی هەژاریدان و ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک خۆراک، شوێنی نیشتەجێبوون، دەوا و دەرمان و پەروەردە، بۆ بنەماڵەکانیان دابین بکەن. هاوکات لەگەڵ ئەمەش، بێکاریی بەربڵاوی گەنجانی کرێکار و منداڵانی چینی کرێکار، تەنانەت ئەوانەی خوێندنی باڵاشیان هەیە، پەراوێز خراون. ئەم دۆخە ئاکامی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی سەرمایەداریی ڕانتخۆر و مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی و پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ سەرمایەدارە زەبەلاحە ناوخۆییەکان و سەرمایەی جیهانی.

شەڕی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژە و سەرکێشییە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، گوشارێکی دوو هێندەی خستووەتە سەر شانی چینی کرێکار. لە لایەکەوە، کارگەکان، کارخانەکان و ناوەندەکانی کار، لە ژێر سێبەری بۆردومانەکاندا ڕاستەوخۆ بوونەتە کوشتارگەی کرێکاران و لە لایەکی ترەوە، بە نەبوونی مەرجەکانی سڵامەتی و ستانداردەکانی کار و پەرەسەندنی ڕووداوە مەرگبارەکان و بە بوونی ژینگەی کار بە زیندانێکی کە تێیدا کرێکار، یان دەبێ تەسلیمی هەلومەرجە مەرگبارەکان بێت یان لە دوای دەرکردن و بێکارکردن، فڕێ بدرێتە پەراوێزی هەژارییەوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژیانی کرێکاران لەگەڵ مەترسی تیاچوونی جەستەیی و دەروونی بەرەوڕوو دەکاتەوە. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە، ئەمە تێکڕای ڕەهەندەکانی کارەساتەکە نییە. تێچووە سەرسوڕهێنەرە سەربازییەکان، شەڕئەنگێزی و سەرکوتکردنی ناوخۆیی، بە کەمکردنەوەی بودجەی پێداویستی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بە دابەزینی بەردەوامی ئاستی حەقدەست و بە سەپاندنی بێکاری و ئەو حەقدەستە چەندین جار لە خوار هێڵی هەژارییەوە لە گیرفانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەدرێت. ئەم سیاستە لە کردەوەدا ملیۆنان کرێکاری مەحکووم بە مەرگی بەشێنەیی کردووە، مەرگێک کە تێیدا شەکەتی، بەدخۆراکی، نەخۆشی، بێئومێدی و ئاڵوودەبوون، دیمەنە جیاوازەکانی کارەساتێکی یەکگرتوون.

سەرەڕای هەموو ئەم گوشارانە، چینی کرێکاری ئێران لە بەرامبەر ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداریدا بێدەنگ نەبووە. سەرەڕای قەدەغەکردنی فەرمیی مانگرتن و هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکی سەربەخۆ، لە دەیەکانی ڕابردوودا بە تێکڕا ساڵانە شایەتی هەزاران مانگرتن، کۆبوونەوە و نارەزایەتی کرێکاریی بووین لە بوارە جیاجیاکاندا: لە کرێکارانی نەوت و پترۆشیمییەوە تا فووڵاد و ئۆتۆمبێلسازی، لە کانەکان و هێڵی ئاسنەوە بگرە تا پەروەردە و دەرمان، لە کرێکارانی شارەوانییەوە تا کرێکارانی گرێبەست و کاتیی. ئەم نارەزایەتییانە، کە زۆربەی کات لەگەڵ سەرکوت، دەستبەسەرکردن، هەڕەشە و دەرکردن ڕووبەڕوو بوونەتەوە، ئەوە نیشان دەدەن کە چینی کرێکاری ئێران نە بێدەنگە و نە تەسلیم بووە، بەڵکوو لە هەوڵدایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی کاریگەرتر بۆ خۆڕێکخستن و سەپاندنی داواکارییەکانی خۆی بەسەر دەوڵەت و خاوەنکاردا. بە کەمبوونەوەی کەشی شەڕ و دڵەڕاوکێی سەرچاوەگرتوو لە گرژییە سەربازییەکان، ئەم چینە بە پشتبەستن بەم مێژووە دەوڵەمەندەی خەبات، دەتوانێت و دەبێت قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان لەپێناو داواکارییەکانیدا، بە هێز و هۆشیارییەکی زیاترەوە دەست پێ بکاتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، یەکێک لە لاوازییە سەرەکییەکانی خەباتە کرێکارییەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا، بریتی بووە لە پرشوبڵاویی. هەرچەندە هەر مانگرتن و هەر نارەزایەتییەک، لە شوێنی خۆیدا، هەنگاوێکی گرنگ و بوێرانەیە، بەڵام مانگرتنی لێرەولەوێ و تایبەت بە یەک کارخانە یان یەک شار، بەبێ هەماهەنگی و هاوکاتبوون، بە زەحمەت دەتوانن ڕژێم و سەرمایەداران ناچار بە پاشەکشەیەکی جدی و بەردەوام بکەن. ئەزموونی جیهانیی چینی کرێکار و هەروەها ئەزموونی خودی کرێکارانی ئێرانیش نیشانی داوە کە هێزی ڕاستەقینەی ئەم چینە لە «کرداری یەکگرتووانە» و هاوکاتبوونی مانگرتن و نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکان، لە گرێدانی خەباتی بژێوی ژیان و پیشەیی لەگەڵ خەباتی سیاسی لەدژی سەرتاپای سیستەمی سەرمایەداریی دەسەڵاتدارادایە. زاڵبوون بەسەر پرشوبڵاوی و هەنگاونان بەرەو هەماهەنگییەکی سەرتاسەری، ئەرکێکی سەرەکی و بەپەلەیە لە قۆناغی داهاتوودا.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە کە چینی کرێکاری ئێران لەم قۆناغەی ئێستادا، ناچارە دوو داواکاریی میحوەری و سەرەکیی بکاتە هەوێن و ئەولەوییەتی خەبات و تێکۆشانی خۆی، داواکاریگەلێکی کە بەبێ بەدیهێنانیان، هەنگاونان لە بوارەکانی سەرەوەتری ڕێکخستنی حیزبی، سیاسی و پیادەکردنی ڕێبەریی بەسەر بزووتنەوە پێشکەوتووەکانی تری کۆمەڵایەتیدا، یەکجار دژوار دەبێت:

یەکەم، ئازادیی فەرمی و بێ شەرت و مەرجی مافی مانگرتن، بە مانای ڕاستەقینەی وشە، واتە بە فەرمی ناسینی مافی کرێکاران بۆ ڕاگرتنی کار، لە هەر ئاستێک و لە هەر کاتێکدا، بەبێ ترس لە لەدەستدانی بژێوی ژیان، دەرکران، دەستبەسەرکران و سەرکوت.

دووەم، ئازادیی پێکهێنان و چالاکیی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، بە واتایەکی گشتگیر، واتە مافی کرێکاران بۆ دروستکردنی سەندیکا، ئەنجومەن، شوڕا، فیدراسیۆن و هەر چەشنە ڕێکخراوێکی هەڵبژێردراو و وەڵامدەرەوە بە خۆیان، سەربەخۆ لە دەوڵەت، خاوەنکار، دامەزراوە ئەمنییەکان و ناوەندەکانی بەناو»خانەی کارگر» و شوڕا زەردە دەوڵەتییەکان.

سەپاندنی ئەم دوو داواکارییە بەسەر چینی دەسەڵاتداردا، نەک ویست و داواکارییەکی لاوەکی، بەڵکوو پێش مەرجێکە بۆ خۆشکردنی ڕێگا بەرەو ڕێکخستنی سۆسیالیستی و پیادەکردنی ڕۆڵی ڕێبەرییکردنی چینی کرێکار لە سەرانسەری کۆمەڵگادا.

تا ئەو کاتەی ئەم ئازادییانە بە شێوەیەکی فەرمی، یاسایی و ڕاستەقینە بەدەست نەیەن و جێگیر نەبن، خەباتی چینی کرێکار دەبێ تەرکیز بکاتە سەر سەپاندنی بە کردەوەیان لە هەموو ئاستەکاندا. بەو واتایەی کە کرێکاران، لە سەر بەستێنی خەباتی ڕۆژانە لەپێناو کار، حەقدەست، بیمە، شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمنییەتی شوێنی کار و داواکارییە بژێویی و پیشەییەکانی تر، مافی خۆیان بۆ مانگرتن، کۆبوونەوە، هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینە و پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ لە کردەوەدا جێگیر بکەن و پاشەکشەی لێ نەکەن. هەر مانگرتنێک، هەر کۆبوونەوەیەک و هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆ، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی خەبات بۆ جێگیرکردنی ئەم ئازادییە سەرەکیانە. تەنها لە هەناوی ئەم ئەزموونە زیندوو و کردەییەدایە کە فەرهەنگی هاوپشتی و خۆڕێکخستن و ڕێبەرایەتی سەربەخۆی چینی کرێکار، دەتوانێت شکڵ بگرێت و جێگیر بێت.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەو ڕاستییە بنەڕەتییە جەخت دەکاتەوە کە چینی کرێکار تەنها چینێکە کە بە ڕزگاریی خۆی، تێکڕای کۆمەڵگا لە کۆت و بەندی چەوسانەوە، ستەم و هەڵاواردن ڕزگار دەکات. ئەو کۆمەڵگایەی کە چینی کرێکار لەپێناویدا تێدەکۆشێت، کۆمەڵگایەکە لەسەر بنەمای یەکسانی، خۆشگوزەرانی گشتی، نەهێشتنی هەر چەشنە ستەمێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و چینایەتی، کۆمەڵگایەک بەبێ چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و بەبێ هەژاری و سووکایەتی. ئەم چاوەڕوانییە، لەسەر بنەمای جێگە و پێگەی بابەتیی چینی کرێکار لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی دیاریکەری ئەو لە بەرەوپێشچوونی ڕەوڕەوەی ژیانی مادیی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت. تا ئەو کاتەی کە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەسەر شانی کرێکارانە، ئەم چینە دەتوانێت و دەبێت هێزی خۆی بۆ تێکشکاندنی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان و بونیادنانی نەزمێکی نوێی سۆسیالیستی و مرۆیی بەکار بهێنێت.

حیزبی کۆمۆنیست، لەم ڕۆژە جیهانی و مێژووییەدا، داوا لە سەرجەم کرێکاران و زەحمەتکێشان، سەرجەم سۆسیالیستەکان و ئازادیخوازان دەکات کە لە دەوری ویست و داواکارییە هاوبەشەکان و لەپێناو یەکگوتوویی، خۆڕێکخستن و خەباتێکی وشیارانەتر و سەرتاسەریتر هەنگاو هەڵبگرن. یەکی ئایار، ڕۆژی هێز و ئومێدی چینی کرێکارە، با ئەم ڕۆژە بکەینە خاڵی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان لەپێناو ڕزگاریدا.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

گوڵانی ١٤٠٥
ئاوریلی ٢٠٢٦

***

# مافی مانگرتن و مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ، دوو سەنگەری چارەنووسساز لە خەباتی دوای شەڕی کرێکاران لە ئێران

لە ئێرانی ئەمڕۆدا، ویست و داواکارییە کەڵەکەبووەکان وەک برینێکی کراوە بەسەر جەستەی کۆمەڵگاوە قورسی دەکەن، لەوانە نان، کار، شوێنی نیشتەجێبوون، دەرمان، پەروەردە، ئازادی، نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی، ئازادی زیندانیانی سیاسی، کۆتاییهێنان بە هەژاری و کۆتاییهێنان بە سووکایەتی. لە هەر لایەکی ئەم کۆمەڵگایە، دەنگی ڕەنج و مافێکی پێشێلکراو بەرز دەبێتەوە. بەڵام لە نێوان هەموو ئەم داواکارییانەدا، دوو ماف هەن کە ئەگەر چینی کرێکاری ئێران بتوانێت بەسەر دەسەڵاتیدا بسەپێنێت، نەک تەنیا بارودۆخی خۆی، بەڵکوو وێنەی گشتیی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتدا دەگۆڕێت: مافی مانگرتن و مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ.

ئەم دوو مافە، داواکارییەکی تەنیا پیشەیی و سنووردار بە کارگە و کارخانەکان نین. ئەوان دوو کۆڵەکەی مادی و ڕاستەقینەی هەر وەرچەرخانێکی دیموکراتیک لە خوارەوەن، دوو ئامرازی بنەڕەتین کە بەبێ ئەوان زۆرینەی کۆمەڵگا لە سەرەتاییترین ئیمکانی بەرگریکردن لە ژیان و کەرامەتی مرۆیی خۆیان بێبەش دەبن. کۆمەڵگایەکی کە تێیدا کرێکاران مافی ئەوەیان نەبێت کە بە ئازادانە خۆیان ڕێکبخەن و ئازادانە کار ڕابگرن، کۆمەڵگایەکە کە تێیدا چین و توێژە ژێردەستەکان مافی هەناسەدانی سیاسییان نییە. هەر بۆیە، خەبات لەپێناوی ئەم دوو مافە، خەباتێکی لە پەراوێزدا نییە، بەڵکوو یەکێکە لە ناوەندیترین مەیدانەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لە ئێرانی ئەمڕۆ و سبەینێدا.

مافی مانگرتن تەنیا بە واتای دەست لە کار کێشانەوە نییە. مانگرتن، ئەگەر بە فەرمی بناسرێت، هەڵگری کۆمەڵێک ماف و ئیمکاناتە، لەوانە مافی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان، پارێزراوبوون لە دەرکردن و سزادان بەهۆی مانگرتنەوە، مافی وتوێژی بەکۆمەڵ و بەستنی گرێبەستی دەستەجمعی، مافی زانیاریگەیاندن بۆ ڕاکێشانی پاڵپشتی گشتی، مافی هاوپشتی و بانگەواز بۆ مانگرتنی پشتگیری، مافی ئەمنییەتی جەستەیی کرێکاران لە کاتی مانگرتندا، مافی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە لە بەردەم ناوەندەکانی کار، مافی دەستڕاگەیشتن بە شوێنی کار و هەروەها مافی بەهرەمەندبوون لە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و دارایی، لەوانە سندوقەکانی مانگرتن. بە واتایەکی تر، مانگرتن تەنیا ڕاگرتنی کار نییە، بەڵکوو گۆڕینی هێزی پرش و بڵاوی کرێکارانە بۆ لیڤەرێکی گوشاری کۆمەڵایەتی.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ هەیە؛ مافێکی کە لەسەر بنەمای ئەو، کرێکاران دەبێت بتوانن بە ئازادانە سەندیکا، یەکێتی، ئەنجومەن یان هەر ناوەندێکی پیشەیی سەربەخۆی تر دروست بکەن و بە ڕیزەکانییەوە پەیوەست بن، نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن و بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ بەرگری لە مافی پیشەیی، حەقدەست و مافە مرۆییەکانی خۆیان بکەن. پێویستیی ئەم مافە، بریتییە لە قەدەغەکردنی دەرکردن، هەڕەشە، گوشار، پەروەندەسازی و هەر چەشنە ڕێگرییەکی ترە لە چالاکیی پیشەیی. ڕێکخراوی سەربەخۆ واتە کرێکار لە دۆخی تاکەکەسیی تەنیایی و بێپەنایی بێتە دەرەوە و ببێتە بەشێک لە ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ.

واقیعییەت ئەوەیە کە کرێکاری تاک، هەرچەندە تووڕە، وشیار و خۆڕاگریش بێت، لە بەرامبەر سەرمایە، دەوڵەت، دەزگای دادوەری، هێزە ئەمنییەکان و تۆڕە فەرمییەکانی دەسەڵاتدا، لاواز و بێبەرگرییە. دەکرێت دەربکرێت، بانگهێشت بکرێت، هەڕەشەی لێ بکرێت، گۆشەگیر بکرێت و ناچار بە بێدەنگی بکرێت. بەڵام کاتێک کرێکاران ڕێکخراو بن، ئیتر تەنیا کۆمەڵێک کەسی لێک دابڕاو نین، بەڵکوو دەبنە هێزێکی کۆمەڵایەتی، دەبنە بابەتێکی بەکۆمەڵ کە دەتوانێت لە پێگەی هێزەوە بدوێت و هەنگاوی کرداری بنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێکخراوبوون بەتەنیا بەس نییە. ڕێکخراوێکی کە ئامرازی بەکارهێنانی هێزی نەبێت، زوو یان درەنگ تا ئاستی دامەزراوەیەکی ڕاوێژکاریی بێکاریگەر دادەبەزێت. لێرەدایە کە مافی مانگرتن ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی خۆی دەردەخات. مانگرتن، ئەو ساتەیە کە کرێکاران پێگەی خۆیان لە بەرهەمهێنان، گواستنەوە، وزە، پەروەردە، دەرمان و خزمەتگوزارییەکاندا بەکاردەهێنن تا هاوسەنگیی هێز بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. نارەزایەتی ڕەنگە ببیسترێت، بەڵام مانگرتنی ڕێکخراو لایەنی بەرامبەر ناچار بە کاردانەوە دەکات.

هەر بۆیە حکومەتەکان و خاوەنکاران لە سەرانسەری جیهان هەمیشە لە کرێکارانی ڕێکخراو و لە ڕاگیرانی کار دەترسن.

ئەزموونی مێژوویی بزووتنەوەی کرێکاریی جیهانی نیشانی دەدات کە خەبات لەپێناو حەقدەست، سەعاتی کار، گرێبەستی بەکۆمەڵ و ئەمنییەتی شوێنی کار، زۆر زوو دەبێتە مەیدانی پرسیارە گەورە سیاسییەکان. بۆچی؟ چونکە کرێکاران لە کرداردا تێدەگەن کە بەبێ ئازادی کۆبوونەوە، ئازادی ڕادەربڕین، ئەمنییەتی هەڵسووڕاوان، میدیای سەربەخۆ و مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینە، تەنانەت سادەترین داواکارییە ئابوورییەکانیش یان سەرکوت دەکرێن یان بە دەوامدار نابێت. لەبەر ئەوە، مافی ڕێکخراو و مافی مانگرتن، پردێکن لە نێوان خەبات لەپێناو نان و خەبات بۆ ئازادی لە نێوان بەرگری لە بژێوی ژیان و خەبات لەپێناو دیموکراسی لە خوارەوە.

لە ئێران، ئەم ڕاستییە ڕەهەندی قووڵتریشی هەیە. دەوڵەت لێرەدا لە نێوان کرێکار و خاوەنکاردا تەنیا ناوبژیوان نییە، بەڵکوو خۆی یەکێکە لە گەورەترین خاوەنکاران، یاسادانەرە، چاودێرە، سەرکوتگەرە و لە زۆر حاڵەتدا، لە ڕێگەی دامەزراوە نیمچە دەوڵەتییەکان، بونیادەکان، بەڵێندەرەکان و تۆڕە ڕانتییەکانەوە، لایەنی ڕاستەوخۆی ململانێکەشە. کەواتە، بێبەشبوون لە مافی ڕێکخراو و مانگرتن تەنیا بە واتای لاوازیی کرێکاران لە ناوەندەکانی کاردا نییە، بەڵکوو بەو واتایەیە کە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی لە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی بێبەش بوون.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە هەر جارێک شەپۆلێکی نارەزایەتییەکان لە ئێران پەرەی سەندبێت، یەکێک لە لاوازییە سەرەکییەکانی، بریتی بووە لە نەبوونی ڕێکخراوێکی بەردەوام. تووڕەیی بوونی هەبووە، ئازایەتی هەبووە، ئامادەیی بۆ خۆڕاگریی هەبووە، بەڵام ئەو ئەڵقەیەی کە بتوانێت ئەم وزەیە بکات بە هێزێکی بەردەوام، ڕێکخراو و ئامانجدار، زۆربەی کات غایب بووە. مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ و مافی مانگرتن ڕێک ئەو دوو لیڤەری گوشارەن کە دەتوانن ئەم بۆشاییە مێژووییە پڕ بکەنەوە، واتە نارەزایەتی لە ئاخێزە کتوپڕ و پەرتەوازەکانی تووڕەییەوە بگۆڕن بۆ هێزێکی یەکگرتوو و ڕێکخراوی جەماوەری.

لە بریتانیا، یەکێتییە کرێکارییەکان تەنیا بۆ لەپێناو حەقدەستدا خەباتیان نەکرد، بەڵکوو وردە وردە بوونە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی فراوانبوونی مافی دەنگدان، دروستبوونی حیزبی کرێکار و پێکهاتنی بەشێک لە دەوڵەتی خۆشگوزەران. لە لەهستان، سەندیکای سەربەخۆی «هاوپشتی» نیشانی دا کە ڕێکخراوێکی کرێکاریی دەتوانێت لە سنوورەکانی ناوەندەکانی کار تێپەڕێت و ببێتە بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەیەکی گشتی لەدژی ستەم وسەرۆیی. لە کۆریای باشوور، شەپۆلی مانگرتنی کرێکاران لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، یەکێک بوو لە هۆکارە گرنگەکانی تێپەڕبوون لە دیکتاتۆریی سەربازیی گەیشتن بە کەشوهەوایەکی سیاسی کراوەتر. لە ئەفریقای باشووریش، یەکێتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لە خەبات لەدژی ڕژێمی ئەپارتاید لەو وڵاتە.

خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم ئەزموونانە ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە لە هەر شوێنێک کرێکاران توانیبێتیان خۆیان ڕێکبخەن و مانگرتن بکەنە ئامرازێکی ڕەوا و کاریگەری خۆیان، نەک هەر لە ناوەندەکانی کار، بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵگەشدا هاوسەنگیی هێز گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

دوژمنایەتی قووڵی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەم دوو مافەدا لە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. حکومەت بە باشی دەزانێت کە مافی مانگرتن و مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ تەنیا ئیمتیازێکی ئابووری نین، بەڵکوو بناغەکانی دەسەڵاتی سەربەخۆی جەماوەرن. حکومەت دەتوانێت کرێکارێکی تاک، مامۆستایەکی تاک، پەرستارێکی تاک یان خانەنشینێکی تاک سەرکوت بکات، بەڵام لەگەڵ تۆڕێک لە ڕێکخراوە سەربەخۆکان کە توانای هەماهەنگی، ڕێکخستن و مانگرتنیان هەبێت، لەگەڵ ئاستەنگ و ئاڵەنگارییەکی گەورەتر بەرەوڕوو دەبێتەوە. هەر بۆیە لە درێژەی دەیان ساڵدا هەوڵی داوە لە جیاتی ڕێکخراوە ڕاستەقینەکان، دامەزراوەی وابەستە و کۆنترۆڵکراوی وەک «شوراکانی ئیسلامی کار»، «خانەی کارگەر» و هاوشێوەکانی بەسەر کرێکاراندا بسەپێنێت، دامەزراوەگەلێک کە نە بۆ بەرگری لە کرێکاران، بەڵکوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوان و ڕێگریکردن لە سەربەخۆییان دروست کراون.

ئەگەر ئەم دوو مافە مسۆگەر بن، لێکەوتەکانی زۆر قووڵ دەبێ و لە چوارچێوەی ناوەندەکانی کاردا نامێننەوە: یەکەم، هاوسەنگیی هێز لە ناوەندەکانی کار دەگۆڕدرێت، کرێکار تەنیا کەسێک نییە کە پێویست بە حەقدەستە، بەڵکوو بەشێکە لە هێزێکی بەکۆمەڵی ڕێکخراو.

دووهەم، دەرفەتی گرێبەستی بەکۆمەڵ و وتووێژی ڕاستەقینە دەرەخسێت.

سێیەم، حکومەت و خاوەنکاران چیتر ناتوانن بە ئاسانی تێچووی قەیران، شەڕ، گەمارۆ و ئاوەدانکردنەوە بخەنە سەر شانی مووچەخۆران.

چوارەم، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، لە ژنان و خوێندکارانەوە بگرە تا مامۆستایان و پەرستاران و خانەنشینان، لەو کەشە کراوەیەی کە لە ڕێگەی ئەم دەستکەوتەوە پێکدێت، سوودمەند دەبن.

پێنجەم و لە هەمووی گرنگتر، کۆمەڵگە لە شێوازی ئاخێزە کتوپڕ و بێڕێکخراوەکان دوور دەکەوێتەوە و بەرەو خەباتێکی ئامانجدارتر، بەردەوامتر و کەمتێچووتر هەنگاو دەنێت. بە واتایەکی تر، ئەم دوو مافە دەتوانن ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکان لە ئێران، لە ئاخێزە کتوپڕ و پەرتەوازەکانی تووڕەییەوە بگۆڕن بۆ هێزێکی یەکگرتوو و ڕێکخراوی جەماوەری.

ئایا لە هەلومەرجی دیکتاتۆریدا، بەدەستهێنانی ئەم مافانە مومکینە؟ وەڵامەکە ئەرێنییە، بەڵام نەک بە شێوەیەکی لەناکاو و تەنیا لە ڕێگەی نووسینی داواکارییەکانەوە. هیچ کام لە مافە بنەڕەتییەکانی چینی کرێکار لە جیهاندا وەک دیاری نەدراون، بەڵکوو هەموویان لە ئاکامی خەباتێکی دوور و درێژ، پڕ تێچوو و ئاوێتەیەک لە خۆڕاگریی ڕۆژانە و بەردەوام، ڕێکخراوبوون، هاوپشتی و سەپاندنی هەنگاو بە هەنگاو بەدەست هاتوون. بەڵام ئەگەر بە ڕاستی مافی ڕێکخراوبوون و مافی مانگرتن، دوو گرێی سەرەکیی ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوون، کەواتە دەبێت ببنە چەق و ناوەندی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی هێزە چەپ و پێشڕەوەکان. بەرگریی لە هەڵسووڕاوانی کرێکاریی زیندانیی، ئاشکراکردن و لەقاودانی ڕێکخراوە زەردە حکومەتییەکان، بڵاوکردنەوەی ئەزموونە جیهانییەکان، یارمەتیدان بە پەیوەندی نێوان بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی مووچەخۆران و هەروەها جەختکردنەوە لەسەر سەربەخۆیی چینایەتیی بزووتنەوەی کرێکاری، ئەرکێکی لاوەکی نین، بەڵکوو بەشێکن لە کاکڵی ستراتژیکی هەر هێزێکی کە خوازیاری گۆڕانکارییە لەخوارەوە.

داهاتووی ئێران نە لە هەناوی ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکانەوە بنیات دەنرێت، نە لە گەرمەی شەڕی ماڵوێرانکەر و نە لە ڕێگەی دەستێوەردانی دەرەکییەوە، بەڵکوو داهاتوو لەلایەن زەحمەتکێشانی ڕێکخراوەوە بنیات دەنرێت، ئەوانەی کە خەباتی ڕۆژانە لە پێناو مانەوە بە ئاسۆی ڕزگارییەوە دەبەستنەوە و دامەزراوە سەربەخۆکانی جەماوەر لە خوارەوە بونیاد دەنێن. لەم ڕوانگەیەوە، مافی مانگرتن و مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ تەنیا دوو داواکاری لە ڕیزی داواکارییەکانی تر نین، بەڵکوو دوو سەنگەری چارەنووسسازن، دوو لیڤەری بنەڕەتین بۆ ئەوەی ژێردەستانی ئەم کۆمەڵگایە لە بابەتی سەرکوتەوە، ببنە خولقێنەری مێژوو.

***




# له خۆڕێکخستن لە جەرگەی قەیراندا تا چاندنی تۆوی کۆمەڵگەی سبەینێ

لە ساتەوەختەکانی قەیرانی سیاسی، بارودۆخی شۆڕشگێڕانە، شەڕ، کارەساتی سروشتی، سەرکوت و دارمانی میکانیزمە ئاساییەکانی ژیان، کاتێک دەوڵەت و دامەزراوە فەرمییەکان حزووریان نییە یان خۆیان بوونەتە هۆکاری هەڕەشە، خەڵک دەتوانن پشت بە چی ببەستن؟ دەبێ لە ناو خودی کۆمەڵگەدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێین، ئەمە توانایی و پۆتانسێلی هاوپشتیی مرۆڤە هاوچارەنووسەکانە کە وەڵامی بەم پێویستییە دەداتەوە. لەو شوێنانەی دەوڵەتەکان ئامرازی کۆنترۆڵ و سەرکوتن، بەناچاری تەرکیزەکان دەکەوێتە سەر توانایی و پۆتانسێلی گشتیی خودی جەماوەر. لێرەدا ئەم پرسیارە بنەڕەتییە دێتە ئاراوە کە: ئێمە چیمان پێ دەکرێت بۆ خۆمان و بۆ یەکتری ئەنجامی بدەین؟ لەو سەردەمانەدا تەنیا دوو ڕێگە لە پێشە: یان ئەوەتا هەرکەسە و بچێتە ناو قاوغی تاکەکەسیی خۆی و هەوڵ بدات بە تەنیا خۆی لە گێژاوەکە دەرباز ببێت، یان بە وشیارییەوە بەدوای شێوازە نوێیەکانی ڕێکخراوبوون لە خوارەوە واتە (ڕێکخستنی جەماوەری) دا بگەڕێت. ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە ئەگەرچی ڕێگەی یەکەم، سروشتی ترین کاردانەوەیە، بەڵام زۆرترین زەرەر و زیانی لێ دەکەوێتەوە. مرۆڤی تەنیا لە بەرانبەر قەیراندا، لاوازترین و بێ دیفاع ترین بوونەوەرە. بەڵام ڕێگەی دووەم بە واتای پێکەوەبەستنی پەیوەندییەکی خۆبەخشانەیە کە تێیدا مرۆڤەکان نەک لە ڕووی ناچارییەوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای ناسینی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش لە دەوری یەک کۆدەبنەوە. ئەم شێوازە لە هاوپشتی، بەستێنێک دەرەخسێنێت کە تێیدا ئەزموون، ئاگایی و توانایی بەکۆمەڵ دەتوانێت گەشە بکات.

بەڵام کاتێک باس لە ڕێکخراوبوون دەکەین، دەبێ هەر لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە هیچ شێوازێکی ڕێکخستن نابێت ببێتە «دۆگما»، واتە قاڵبێکی ڕەق و نەگۆڕ. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پێکهاتەکان لە ناو جەرگەی پەیوەندییە ڕاستەقینە و هەبووەکانی نێوان مرۆڤەکانەوە سەر هەڵبدەن. لەم نێوەندەدا یەکێک لە واقیعیترین و تاقیکراوەترین وەڵامەکان، بریتییە لە پێکهێنانی شوراکانە لە نزمترین ئاستەکانی ژیانی ڕۆژانەدا. لە هەر شوێنێک چەند کەسێک متمانەیان بە یەک هەیە، ئەزموونێکی هاوبەشیان هەیە و دەتوانن لەسەر بەڵێنی خۆیان سوور بن، کاکڵی «شوڕایەکی ڕاستەقینە» بوونی هەیە، تەنانەت ئەگەر هێشتا ناوێکیشی لێ نەنرابێت. کاتێک باس لە شوڕا دەکەین، لە ئێستادا مەبەستمان پێکهاتەیەکی گەورە و فەرمی نییە. بۆ گەیشتن بە ئاوا پێکهاتەیەک، دەبێ هەر لێرەوە دەست پێ بکرێت. لەبری گەڕان بەدوای پێکهاتە گەورە و ئاڵۆزەکاندا، باشترە کارەکە لەم کۆڕ و کۆمەڵە بچووک بەڵام ڕاستەقینانەوە دەست پێ بکەین. چەند کەسێک بڕیار دەدەن لە کاتە سەخت و دژوارەکاندا تەنیا نەبن و ئەوانی دیکەش بە تەنیا نەهێڵن و لە ڕووی ڕۆڵ و کاریگەری خۆیانەوە هەڵدەبژێردرێن و مەشروعییەتی کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنن.

شورای گەڕەک، شورای کرێکارانی کارگەیەک، شورای پەرستاران و پزیشکانی نەخۆشخانەیەک، شورای موعەلیمانی شارێک، فەرمانبەرانی فەرمانگەیەک یان شورای خوێندکارانی زانکۆیەک، ئەگەر لە هەناوی پەیوەندییە ڕاستەقینەکانەوە سکڵ بگرن، دەتوانن لە کاتی قەیراندا ڕۆڵی زۆر گرنگ بگێڕن. لەوانە: ڕێکخستنی فریاگوزاری و دابەشکردنی دادپەروەرانەی یارمەتییەکان، نیشتەجێکردنی کاتیی بنەماڵە زیانلێکەوتووەکان، دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان لە خۆراک و دەرمانەوە بگرە تا سووتەمەنی، چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بەبێ پێویستی بە دەزگا گەندەڵە حکومەتییەکان، دابینکردنی ئەمنییەتی ڕێژەیی لە گەڕەکەکان، چاودێری لە بەساڵاچووان، منداڵان، نەخۆشەکان و کەسانی تەنیا و لە هەمووی گرنگتر، بەهێزکردنی ورەی بەکۆمەڵ و ئومێدی کۆمەڵایەتی.

ئەوەی ئەم شورایانە دەکاتە پاڵپشتێکی جێی متمانە، نەک پەیڕەو و ناوونیشانەکان، بەڵکوو دامەزرانیانە لەسەر بنەمای پەیوەندییە ڕاستەقینەکان. ئەو هاوڕێیەتییانەی ساڵانێکی زۆر بەردەوام بوون، ئەو هاوکارانەی گەلێک جار یەکتریان تاقیکردووەتەوە، ئەو دراوسێیانەی هێدی هێدی متمانەی یەکتریان بەدەست هێناوە. ئەم کۆڕ کۆمەڵانە ڕەنگە بچووک بن، بەڵام ڕێک بەو هۆیەشەوە ڕاستەقینەن. شێوازە ئاڵۆزترەکانی شورا سەرتاسەرییەکان و لە سەرەنجام «حاکمییەتی شوراییش»، ڕێک لە هەناوی ئەم دامەزراوە بچووک بەڵام کاریگەر و ڕاستەقینانەوە لەدایک دەبن کە دەتوانن کۆمەڵگە بە کەمترین تێچوو لە قەیرانەکان ڕزگار بکەن.

بە شێوەیەکی ئاسایی کاتێک باس لە شۆڕاکانی هاریکاری دەکەین، تەرکیزمان لەسەر تێپەڕبوون لە قەیرانە. بەڵام ئەگەر وردتر لێی بڕوانین، گرنگیی ئەم ئەزموونانە، ئەگەرچی لە بارودۆخی قەیرانیدا دروست دەبن، بەڵام زۆر لە سنووری قەیرانەکە تێدەپەڕن. هەرجارێک کە چەند کەسێک بۆ بڕیاردانی بەکۆمەڵ لە دەورەی یەک کۆدەبنەوە، هەرجارێک کە بەرپرسیارێتییەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، هەرجارێک کە لەبری چاوەڕوانی لە سەرەوە، دەست دەدەنە دەسپێشخەری لە خوارەوە، لە ڕاستیدا خەریکی پەیڕەوکردنی شێوازێک لە ژیانی مەدەنی و دیموکراتیکن، خۆڕاهێنانێکی کە لە سبەینێی هەر وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسیدا پێویستمان پێی دەبێت.

لە هەناوی ئەم پەیوەندییە بچووکانەدا، جۆرێک لە وێناکردنی ژیانی بەکۆمەڵ دروست دەبێت، وەک ئەوەی کە چۆن ناکۆکی و بیروڕا جیاوازەکان چارەسەر بکەین؟ چۆن بڕیاری بەکۆمەڵ بدەین؟ چۆن چاودێریی لاوازترین و بێ دیفاع ترین ئەندامانی کۆمەڵەکە بکەین؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هیچ شۆڕشێک و هیچ سیستەمێکی سیاسیی دادپەروەر، بەبێ وەڵامی کردرای بۆیان، دەوام ناهێنێت. کەواتە ئەزموونی شۆڕاکانی ئەمڕۆ تەنیا کاردانەوە بە قەیران نییە، بەڵکوو ناشتنی نەمام و چاندنی تۆوی کۆمەڵگەی سبەینێشن. لە کۆمەڵگەیەکدا کە گەلێک جار تامی شەڕ، سەرکوت و قەیرانی چێشتووە، نەوەکانی پێشوو هەڵگری ئەزموونگەلێکن کە لە ڕێگەی هیچ کتێب و کارگەیەکدا بە ئاسانی ناگوازرێتەوە. لە تەنیشت ئەمانەدا، نەوە گەنجەکانیش هەڵگری وزە، داهێنان و کارامەیی نوێی تەکنەلۆژی و ڕێکخراوەیین. گرێدانی ئەم دووانە، خۆی شێوازێکی قووڵە لە هاوپشتی. ئەو بەساڵاچووانەی کە ئەزموونی ژیانی خۆیان بە دڵئاواڵییەوە دەخەنە بەردەست، و ئەو گەنجانەی کە ئەم ئەزموونانە ئاوێتەی ئامرازە مۆدێرنەکان دەکەن. ئەگەر کۆمۆنیستەکانی ئەمڕۆ ڕاستگۆیانە بە میراتی خۆیان وەفادار بن، ئەرکیان بریتی نییە لە « ڕێنوێنی و ئامۆژگاری» لە سەرەوە، بەڵکوو ئاسانکارییە بۆ ئەم گفتوگۆ و پەیوەندییانە لە نێوان نەوەکاندا.

ئەگەر بڕیارە هاوپشتیی خەڵکی هاوچارەنووس، شتێک بێت زیاتر لە دروشم، دەبێ لە ناو ئەم کارە بچووک بەڵام شێلگیر و بەردەوامانەدا پێک بێت، واتە لە پێکهێنانی شۆڕاکانی گەڕەک و شۆڕا پیشەییەکان، لە ڕێکخستنی کۆڕ و کۆمەڵە بچووکەکانی متمانە، لە بەیەکەوە گرێدانی ئەزموونی دوێنێ و تواناکانی ئەمڕۆ و هەروەها لەم باوەڕە سادە بەڵام قووڵەدا کە: «هیچ کەس نابێت لە کاتی قەیراندا بە تەنیا بمێنێتەوە».

لە هەناوی ئەم ئەزموونانەوەیە کە نەک هەر لە قەیران تێپەڕ دەبین، بەڵکوو وێنەیەکی عەینیتر و کردەییتر لە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر و مرۆییتر بۆ سبەینێی دوای قەیران و بۆ شۆڕش و بۆ دوای شۆڕش بنیاد دەنێین.

***



# ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لە ڕەتکردنەوەی بانگەشە بێبنەماکان سەبارەت بە وەرگرتنی چەک لە ئەمریکا




دوابەدوای لێدوانەکانی ئەم دواییەی دۆناڵد ترامپ، سەرۆککۆماری ئەمریکا، سەبارەت بە ناردنی چەک بۆ ناوخۆی ئێران لە ڕێگەی هێزە کوردییەکانەوە، دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) بە پێویستی دەزانێت هەڵوێستی ڕوون و هەمیشەیی خۆی جارێکی دیکە ڕابگەیەنێت. کۆمەڵە لە درێژەی مێژووی خەباتی خۆیدا لەدژی کۆماری ئیسلامی و لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی و مافەکانی خەڵکی چەوساوەی کوردستان، لە بەرامبەر خەباتی مەدەنی، ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا، سیاسەتێکی ڕوون، بەرپرسانە و ئاشکرای هەبووە. ئێمە بەردەوام لەسەر ڕێکخستنی خەڵکی تێکۆشەر لە خوارەوە، پشت بەستن بە جووڵانەوە وشیارانە، ڕێکخراو و ئامانجدارە جەماوەرییەکان و خۆبواردن لە میلیتاریزەکردنی کەشوهەوای خەباتی سیاسیی کوردستان جەختمان کردووەتەوە. ئێمە بەردەوام جەختمان لەسەر ئەو ڕاستییە کردووەتەوە کە خەباتی جەماوەر هەرچی زیاتر بە هێزی وشیاری و ڕێکخراوەیی خۆی پشت ئەستوور بێت، بەو ئەندازەیەش توانای مانۆڕی هێزە سەرکوتگەرەکان سنووردارتر دەبێت و ئەگەری هێرش و دەستدرێژی بۆسەر ڕیزەکانی جەماوەر کەم دەبێتەوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ئەزموونێکی دەوڵەمەند لە دەیان ساڵ خەبات، ڕێگەی پڕ هەوراز و نشێوی ئەم نەبەردەیان بەباشی ناسیوە. ئەوان دەزانن کە هێزی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە، نەک لە پڕۆژە سەپێنراوەکانی زلهێزە جیهانییەکان، بەڵکوو لە هێزی ڕێکخراوی خودی خەڵک، لە ناڕەزایەتیی وشیارانە و لە حزووری سەربەخۆ و پشتبەستوو بە ئیرادەی جەماوەردایە. کۆمەڵە ڕێک لەسەر ئەم بنەمایە ناسراوە، متمانەی بەدەست هێناوە و هێزی لێ وەرگرتووە. لەمڕووەوە ئێمە بە توندی ئیدیعای وەرگرتنی هەر جۆرە چەک، یارمەتی، پشتیوانی یان هەماهەنگییەکی سیاسی ـ ئەمنییەتی لەلایەن ئەمریکا یان ئیسرائیلەوە ڕەت دەکەینەوە. کۆمەڵە نەک تەنیا لە بارودۆخی ئێستادا، بەڵکوو لە هیچ کات و قۆناغێکدا و لەژێر هیچ ناوێکدا، نە بەشێک بووە لە پڕۆژەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئێران و نە بچووکترین هەماهەنگییەکی لەگەڵ ئەم پڕۆژانەدا هەبووە. ئەمە هەڵوێستێکی تاکتیکی و کاتی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە ناسنامەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕانەی ئێمە.

کۆمەڵە بزووتنەوەیەکی خاوەن جێگە و پێگەیەی جەماوەرییە لە ناو جەرگەی ئازار و خۆڕاگریی و ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستاندا. مەشروعییەت و متمانەی ئەم ڕێکخراوە، نە لە ژوورە فکرییەکانی دەوڵەتە بیانییەکان، نە لە پەیوەندییە ژێربەژێرەکان و نە لە سات و سەودا ئەمنییەکان، بەڵکوو لە متمانەی جەماوەر، لە پەیوەندی لەگەڵ کرێکاران، ژنان، لاوان و زەحمەتکێشانی کوردستان و سوور بوون و پێداگری لەسەر نەریتی سەربەخۆ و ئازادیخوازانەی خەباتی شۆڕشگێڕانەوە، سەرچاوەی گرتووە.

دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ی هەتاوی
٦ی ئاوریلی ٢٠٢٦ی زایینی

***

پێشڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئێدیتۆر:
ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
Add: Sulimania_Zrguez
Tel:
009647701567854
009647710259353
E-mail:
Peshraw@komalah.org
Web:
http://www.komalah.org/

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden
Tel/Fax: 4608868054
E-mail:
cpi@cpiran.org
Web: www.cpiran.org

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق
Add: Sulimania-Rzgary
Tel: 3300657 - 3300561

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات
Tel/Fax: +46-18-46 84 93
E-mail:
komala@cpiran.org

تەلەفزیۆنی فەزایی کۆمەڵە
Yahsat 1A
Freq: 12072 Mhz
Position: 52.5° Est
Pol: Vertical
Sym: 27500
Fec: 7/8
Web:
http://www.tvkomala.com/

ڕادیۆکان:
بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاە ست بەدرای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٢ - خاکەلێوەی ١٤٠٥ - ئاپریلی ٢٠٢٦

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لە مەحکوومکردنی هێرشە مووشەکی و درۆنیەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەمپەکانی پەنابەران لە هەرێمی کوردستان




هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ئەو کەمپانەی کە شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی پەنابەرانی کوردستانی ئێرانن لە هەرێمی کوردستان، بەردەوام بێوەستان درێژەی هەیە. تەنانەت هێوربوونەوەی کاتیی ئاگری جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە نێوان کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە و ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە، کەمترین کاریگەری لە وەستاندنی ئەم هێرشە تاوانکارانە بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان نەبووە.

لە ئاکامی ئەم هێرشانەدا، هەم لەناو خەڵکی بێبەرگری هەرێمی کوردستان و هەم لەناو چالاکوانانی سیاسی و پەنابەرانی کوردستانی ئێران کە لە هەرێمی کوردستان دەژین، ژمارەیەکی زۆر گیانیان لەدەست داوە و بریندار بوون. تازەترین نموونەی ئەم تاوانانە، هێرش بۆ سەر کەمپی پەنابەرانی سووررداش بوو؛ هێرشێک کە جگە لە چەند بریندار، بوو بە هۆی گیانلەدەستدانی مەزلوومانەی کچی گەنج و تێکۆشەر غەزاڵ مەولان چەپرئاوا؛ کە لە ڕیزەکانی «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان»دا چالاکی دەکرد. غەزاڵ مەولان چەپرئاوا ئەمڕۆ لە گۆڕستانی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە لە شاری سلێمانی، ئەسپەردە کرا.

هەروەک چەند جار جەختمان لەسەر کردووەتەوە، ئەم هێرشانە بۆ سەر شارەکان، ماڵەکانی خەڵک، ناوەندەکانی کۆبوونەوەی مەدەنی و ئوردوگاکانی پەنابەران، تاوانێکی ئاشکرایە و هیچ پاساوێکی سیاسی، سەربازی یا ئەمنی نییە. کەمپی سووررداش، کە بۆ چەندەمین جار دەبێتە ئامانجی مووشەک و درۆنەکانی کۆماری ئیسلامی، یەکێکە لەو شوێنانەی کە بە فەرمی لە لایەن حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە و لە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی بنەماڵەکانی چالاکوانانی سیاسیی کوردستانی ئێران دامەزراوە و بە فەرمی ناسراوە. هێرش بۆ سەر شوێنێکی وا، دەستدرێژییەکی ڕاستەوخۆ و ئاگاهانەیە بۆ سەر گیان و ئاسایشی ئەو پەناخوازانەی کە خۆیان لە چنگی سەرکوت و ڕاوونانی کۆماری ئیسلامی هەڵاتوون و لەم ناوچەیە بە شوێنی پەنا و ئاسایشدا گەڕاون. ئێمە ئەم تاوانانەی کۆماری ئیسلامی لە خاکی هەرێمی کوردستان بە توندترین شێوە مەحکووم دەکەین.

کۆمەڵە خۆی لەبەرامبەر ئاسایش و ئارامیی خەڵکی هەرێمی کوردستان، و بە تایبەتی لەبەرامبەر گیان و چارەنووسی پەنابەرانی سیاسیی کوردستانی ئێران کە لەم ناوچەیە دەژین، پابەند و بەرپرس دەزانێت. ئێمە بە ڕوونی ڕادەگەیەنین کە ئەمجۆرە هێرشانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بۆ سەر کەمپ و شوێنەکانی نیشتەجێبوونی پەنابەرانی سیاسی، هیچ جۆرە پاسوێکیان نییە و لە ڕوانگەی ئێمەوە بە تاوانی جەنگی و پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤایەتی پەناخواز و هاوڵاتیانی مەدەنی دادەنرێت و بە توندی مەحکوومە.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، بە نیهایەتی داخ و خەمەوە، بە بۆنەی گیانلەدەستدانی مەزلوومانەی کچە گەنجی تێکۆشەر غەزاڵ مەولان چەپرئاوا سەرەخۆشی لە بنەماڵەی داغداری ئەو ئازیزە، لە هاوڕێکانی لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا دەکات و ڕێز لە یادی دەگرێت. ئێمە بەردەوامین لە سەر لەقاودانی هەرچی زیاتری ئەم تاوانانە، بەرگری لە ئاسایش و مافەکانی پەنابەران، و فراوانکردنی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستان و هەموو قوربانیانی سەرکوت و جەنگ لە ناوچەکەدا؛ هاوکات لە هەموو هێزە پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکان دەخوازین لەبەرامبەر ئەم دەستدرێژییانە بێدەنگ نەبن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٥

***

# شەڕێک لە گێژاوی یەکلایی نەبونەوەدا

نووسین: عوسمانی حاجی مارف

سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێک بەسەر شەڕەکەدا، ڕێژیمی ئێران تواناییەکی بەرچاوی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی شەڕەکەدا نیشانداوە، دۆخەکەیان گۆڕی بۆ شەڕێکی درێژخایەن و کاتێکی نادیار، هەوڵەکانی نێوەندگیری و دانوسان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە سنووردار ماوەتەوە، شەڕەکە بە خێرایی پەرەیسەندووەو بەردەوامە، هێشتا هەنگاوێکی جدی بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕەکە دەرناکەوێت.

شەڕەکە بە هێرشی ئاسمانی توند دەستی پێکرد بە ئامانجی لاوازکردنی خێرای تواناکانی ئێران و ڕژێمەکەی، بەڵام دوای گەیشتنی شەڕەکە بە لوبنان و دەوڵەتانی کەنداو تا داخستنی گەروی هورمز، بە خێرایی گۆڕا بۆ ڕوبەڕوبونەوەیەکی تارادەیەک کراوەی ناوچەیی، دواتر لە هێرشە سەربازییە تەرکیزکراوەکانەوە بۆ سەر ئێران گۆڕدرا بۆ ململانێیەکی کراوە و فرە بەرەیی، ئەمەش وایکرد ئاڵۆزتر بێت و کەمتر ئەگەری چارەسەرکردنی پێوە دیار بێت.

ئامانجەکانی شەڕ بە درێژایی ڕێرەوی خۆی بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، لە سەرەتادا گرنگیدان بە گۆڕانی ڕێژیمی ئێران، پاشان چارەسەرکردنی پرسی ئەتۆمی، ئینجا قۆناغەکانی دواتر جەخت بو لەسەر نەهێشتنی هەڕەشەی مووشەکی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی بریکارەکانی ناوچەی ئێرانی بەخۆیەوە بینی، پاشان هەوڵ بۆکردنەوەی گەروی هورمز، گەمەی شەڕەکەی بردە ئاستێکیتر بۆ فشار لەسەر ئەمریکا. سەرەڕای ئەم گۆڕانکاریە و فرەیی ئامانجەکان، ناتوانرێت بگوترێ کە تا ئێستا هیچ کام لەو ئامانجانە بەدی هاتوون، شەڕەکە زیانێکی بەرچاوی بە ئێران گەیاندووە، بەڵام ئەم ئەنجامانە ناگاتە گۆڕانکاریەکی ستراتیژی یەکلاکەرەوە. هێشتا گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە هاوسەنگی هێز، یان سروشتی دیمەنی ناوچەییدا بە شێوەیەک نەهێناوەتە ئاراوە کە شەڕەکە ئامانجە سەرەکیەکانی خۆی بەدەستهێنابێت. ئەوەی تا ئێستا بەدەست هاتووە، لاوازبوون و لەدەستدانی بەشێک لە تواناکانی ئێرانە بەبێ ئەوەی بە پەکخستن و ڕادەستبون بگات ، لە کاتێکدا پرسی ئەتۆمیش بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە!. شەڕەکە هەر بەرەو هەڵکشان دەچێت، لەکاتێکدا واشنتۆن و تەلئەبیب هەوڵدەدەن مەرجی تەسلیمبون بەسەر ئێراندا بسەپێنن، بەڵام خوازیاری بۆ ئاگربەست و مەرجەکانی ئێران، ترامپی بنبەست و سەرسامکردووە. ئاماژەکانی پەرەسەندنی شەڕەکە بە بەهێزی ماونەتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ بەردەوامبوونی هێرشەکان و فراوانبوونی مەودای گرژییەکان.

بەڵام فشارە ئابووریە نێودەوڵەتیەکان و ترسی شەڕی ناوچەیی دەتوانن لایەنەکان بەرەو کەمکردنەوەی قۆناغ بە قۆناغ پاڵ بنێن. ترەمپ بە چاوەڕوانی و ئامانجی بەرزەوە شەڕەکەی دەستپێکرد، بەڵام ڕوونی نەکردەوە کە چۆن ئەو ئامانجانە بەدەست دەهێنێت، واپێدەچێت کە ترەمپ پشتی بە باڵادەستی ئاسمانی هێزەکانی و ئەو لێدانانە بەستبوو کە ئاراستەی ئێرانیان دەکرد. زانراوە کە پێوەرەکانی سەرکەوتن لە شەڕەکاندا تەنیا لە کاریگەری لێدانەکان نییە، کۆماری ئیسلامی بە هێزی ئاسمانی ناکەوێت، بەو پێیەی ئامانجەکانی ئەمریکا تا ئێستا بەدی نەهاتووە، بە تایبەت کە ئومێدێکی گەورە بۆ گەیشتنیان هەبوو، کاتێک خامەنەیی و سەرکردایەتی سەربازی، ئەمنی و سیاسی لە ڕۆژەکانی ئەوەڵدا کوژران، بەڵام کاریگەری لەسەر ڕادەستبونی ئێران بۆ واشنتۆن، یان گۆڕانی دەسەڵات نەبو، ئەمەش وایکرد، شەڕەکە لەسەر ئەمریکا و ئیسرائیل قورسترکات.

کەواتە، تەڵەی ئێران توانای ڕاکێشانی ئەمریکایە بۆ ناو شەڕێکی تێچووی زۆر و درێژماوەیە، کە کۆتایی پێهێنانی بۆ ئەمریکا سەختە و خراپ لەسەری دەکەوێت، ترەمپ پێش جەنگ هۆشداری لە فەرماندەی باڵای سەربازی ئەمریکا وەرگرتووە، کە ڕەنگە ئێران بە پەکخستنی هاتوچۆی کەشتیوانی لە گەرووی هورمزەوە تۆڵە بکاتەوە. بەڵام ترامپ گریمانەی ئەوەی کردبو کە ڕژێمی ئێران پێش ئەوەی بتوانێت گەروی هورمز داخات دەڕووخێت!.

شەڕەکە بووەتە بارگرانیەکی سیاسی و ئابووری و مۆراڵی لەسەر ئەمریکا و ترەمپ، پێدەچێت ئێستا کەمترین تێچوی بژاردە ئەوە بێت کە ترەمپ گەر بۆی بگونجێت بە خێرایی «سەرکەوتن» ڕابگەیەنێت و کۆتایی بە ململانێکان بهێنێت!. دەنا ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیەی لە ئامانجی ستراتیژی هێرش بۆ سەر ئێران ڕوویداوە، کاریگەری لە مەوقعیەتی ئەمریکا لە ئاستی جیهان و ناوخۆی ئەمریکادا بە نەرێنی دەشکێتەوە بەسەریدا.

پێشهاتە سەربازیەکان بە خێرایی کاریگەریان لەسەر بازاڕەکانی جیهانی و نرخی وزە هەیە، ئەمەش ئەو حاڵەتە دەهێنێتە پێشەوە، کە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسێکی ناوچەیی نییە، بەڵکو توخمێکی بنەڕەتییە بۆ سەقامگیری ئابووری نێودەوڵەتی. داخستنی گەرووی هورمز بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی شۆکی ئابووری جیهانی لێبکەوێتەوە. هەڵبەتە ململانێی بەردەوامی ئەمریکا و ئێران، ڕەنگدانەوەی ململانێیەکی فراوانترە لەسەر بەئەنجام گەیاندنی شێوازیک بۆ نەزمی جیهانی داهاتوو و سنووری بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و ململانێی زلهێزەکانی دنیای سەرمایەداری، کە لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردۆتە گۆڕەپانێک بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگی هێزی جیهانی، کە ماڵوێرانی قوربانیەکی زۆر دەبێتە بەشی دانیشتوانی ئێران و ناوچەکە کە دژی ئەم شەڕەن.

ئەوەی گرنگە سەرنجی لەسەر بدەین، بە هیچ جۆرێک ئەم شەڕە نەک سودی بۆکرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش نیە و نابێت، بەڵکو بەڵایەکی گەورەیە بۆ سەر ژیان و گوزەران و ئاسایش و بێئیرادەکردنیان، بۆیە پێویستمان بە بەهیزکردنی بزوتنەوەی دژی شەڕە لەتەواوی جیهاندا و بەرزگردنەوەی خواستی بێ مەرج و دەستبەجێێ شەڕە.

***



# شەڕ، وێرانکاریی کۆمەڵایەتی و بنبەستی گۆڕینی ڕژێم لە ڕێگەی ئاسمانەوە

بەردەوامیی شەڕ لە نێوان ئەمریکا، ئیسرائیڵ و ئێران، زیاتر لە هەر کاتێکی تر جەوهەری ڕاستەقینەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی دەرخستووە. ئەم شەڕە چیتر تەنیا ململانێی نێوان ئەرتەشەکان، بنکەکان و فەرماندەپیە سەربازییەکان نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون، بووەتە شەڕێک لەدژی ژێرخانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێتە ئامانجی بۆردومانەکان تەنیا ناوەندە سەربازییەکان نین، بەڵکوو وێستگەکانی کارەبا، زانکۆکان، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، تۆڕە خزمەتگوزارییەکان و شوێنەکانی نیشتەجێبوونی خەڵکن، واتە هەمان ئەو شادەمارانەی کە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بەوانەوە گرێدراوە.

هێرشکردنە سەر وێستگەکانی کارەبا بەواتای لەکارخستنی نەخۆشخانەکان، تێکچوونی تۆڕەکانی گەیاندنی ئاو و لەکارکەوتنی سەرچاوە سەرەکییەکانی ژیانی شارنشینی. بۆردومانکردنی قوتابخانە و زانکۆکان، دەستدرێژییە بۆ سەر داهاتووی نەوەیەکی کە بڕیارە ئەرکی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە بگرێتە ئەستۆ. لەم نێوەندەدا، پیسبوونی هەوا زیانە ژینگەییەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ، زیانگەیاندن بە سەرچاوەکانی ئاو و خاک و هەروەها ئاسەوارە بۆماوەییەکانی توندوتیژی لەسەر دەروونی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی و منداڵان بە تایبەتی، لە زومرەی ڕەهەندەکانی ئەو کارەساتەن کە زۆرجار لەناو هەراوهوریای ڕاپۆرتە سەربازییەکاندا پەراوێز دەخرێن.

ئەو تێڕوانینەی کە پێی وایە بۆردومانی ئاسمانی بەتەنیا دەتوانێت ڕژێمێک بڕووخێنێت، تێڕوانینێکی ناواقیعی و نادێروکییە. مێژووی شەڕە هاوچەرخەکان گەلێک جار ئەوەیان سەلماندووە کە هێزی ئاسمانی، هەرچەندە ئامرازێکی گەورەی وێرانکاریی دەخاتە بەردەستی دەوڵەتان، بەڵام بە تەنیا ناتوانێت ببێتە هۆی گۆڕینی ڕژێم. بۆمب و مووشەک دەتوانن ناوەندەکانی فەرماندەیی، بنکەکان، پردەکان، پاڵاوگەکان و دامەزراوە کارگێڕییەکان لەناو ببەن، بەڵام ناتوانن سەرزەمینەکە داگیر بکەن، بۆشایی دەسەڵات پڕ بکەنەوە، یان سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ بونیاد بنێن. «گۆڕینی ڕژێم» بە واتای ڕاستەقینەی خۆی، پێویستی بە ئامادەیی بەربڵاوی هێزی زەمینی هەیە، هێزێکی کە بتوانێت لە مەیداندا کۆنترۆڵی سیاسی و کارگێڕی بەدەستەوە بگرێت و سیستەمێکی نوێ بسەپێنێت یان جێگیری بکات.

ئێمە لە نموونەکانی وەک ئەفغانستان، عێراق و لیبی لەم سێ دەیەی ڕابردوودا بینیمان کە گۆڕینی ڕژێمەکان تەنیا بەرهەمی بۆردومان نەبوون، بەڵکوو ڕووخانی حکومەت لەو وڵاتانە تەنیا بەهۆی ئامادەیی و پێشڕەویی هێزە زەمینییە ناوخۆییەکانەوە مومکین بوو. جگە لەوەش، ئەنجامی کۆتایی بریتی نەبوو لە جێگیربوونی سیستەمێکی دیموکراتیک و سەقامگیر، بەڵکوو بەرەودان بوو بە پشێوی، پارچەپارچەبوونی دەسەڵات و خولێکی نوێی توندوتیژی. ئەم ئەزموونە بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدات کە لەناوبردنی پێکهاتەیەکی حکوومی، مەرج نییە ببێتە هۆی هاتنەئارای جێگرەوەیەکی سیاسیی سەقامگیر و مەشرووع.

سەبارەت بە ئێرانیش، ڕەوتی گۆڕانکارییەکان هەتا ئێرە سەلمێنەری هەرئەو ڕاستییەن. هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، هەرچەندە بوونەتە هۆی کوژرانی ژمارەیەک لە بەرپرسانی پلەباڵای ڕژێم، لەوانە شەخسی خامنەیی و زیانی قورسیان بە پێکهاتە حکومییەکان گەیاندووە، بەڵام ئەوەی ڕووی نەداوە، هەرەسهێنانی خێرای ئەو ڕژێمەیە، ئەو شتەی کە سەڵتەنەتخوازان و هەندێک لایەنی تر هیوایان لەسەر هەڵچنیبوو.

بە هەمان شێوە، ئەم چاوەڕوانییەش کاڵفامانە و ساویلکانەیە کە خەڵک لە ناو جەرگەی شەڕێکی ئاوادا بە شێوەیەکی خۆڕسک دەست بدەنە ڕاپەڕینی سەرتاسەری. جەماوەرێکی نارێکخراو، بێ ڕێبەرایەتی و بێ چەکوچۆڵ، کە شەڕی مانەوە دەکات، چۆن دەتوانن لە گەرمەی شەڕ و بۆردوماندا، هەم گیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان بپارێزن و هەم ماشێنێکی سەرکوتی ڕێکخراو و پڕچەکوچۆڵ تێکبشکێنن؟ ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی تەنیا بەرهەمی تووڕەیی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی ئامادەیی، ڕێکخراوەیی مەدەنی، بوونی حیزب و لایەنە سیاسییە قبووڵکراوەکان، ئاسۆیەکی هاوبەش و بوونی ئیمکانێکی کردارییە بۆ بەرپاکردنی ئاخێزێکی جەماوەری. لە بارودۆخی شەڕدا، بەشێکی بەرچاوی وزە و پۆتانسێلی کۆمەڵگە لەپێناو مانەوە، دۆزینەوەی پەناگە، دەستڕاگەیشتن بە دەرمان، خۆراک، ئاو و لانیکەمێک لە تەناهیی خەرج دەکرێت. لە بارودۆخێکی ئاوادا، کورتکردنەوەی ئەو پرسە لەم پرسیارە سادەیەی کە «بۆچی خەڵک ڕاناپەڕن؟» تەنیا بە واتای لەبەرچاو نەگرتنی ڕاستییە مادییەکانی شەڕ و بارودۆخی کۆمەڵگەیە.

لەم بارودۆخەی ئێستادا، ئەرکی بەپەلە و هەنووکەیی هێزە سیاسی و مەدەنییەکان، بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر ڕاگرتنی شەڕ و، یەکەم پێویستیش بۆ ئەم مەبەستە، بریتییە لە دروستکردنی گوشاری ڕای گشتیی جیهانیی بۆ کۆتاییهێنانی دەستبەجێی شەڕ. ئەم شەڕە دەبێ وەک کارەساتێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بکرێتە بابەتێکی جیهانی لەسەر ئاستی ڕای گشتیدا. هەر ڕۆژێک لە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە، واتە لەناوچوونی هەرچی زیاتری ژێرخانەکان و دژوارتربوونی هەر جۆرە بنیاتنانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا. لەم چوارچێوەیەدا، لەقاودان و ئاشکراکردنی ڕۆڵی سەڵتەنەتخوازان و ئەو هێز و لایەنە ڕاستڕەوانەی تر کە هیوایان لەسەر دەستێوەردانی دەرەکی و بۆردومان هەڵچنیوە، گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە. ئەمانە بە کردەوە وتەبێژی سیاسی و میدیایی پرۆژەیەکن کە تێچووەکەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیتوو، بە بەهای گیان و ژیانی خۆیان دەیدەن.

هاوکات، ئەرکێکی تەواو کرداری و بەپەلەش لەبەردەمدایە، کە بریتییە لە ڕێکخستنی گرووپە فریاگوزارییە خۆجێییەکان بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوانی شەڕ. لە بارودۆخێکدا کە نەخۆشخانەکان، خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تۆڕەکانی فریاگوزاری لەژێر گوشارێکی توندان، هەر هەوڵێکی ڕێکخراو بۆ گەیاندنی دەرمان، خۆراک، پاڵپشتی دەروونی و گەیاندنی پێداویستییە سەرەتاییەکان بە خەڵک، گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە. دژایەتیکردنی شەڕ تەنیا لە ئاستی هەڵوێستی سیاسیدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو لە بەرگرییەکی بەرچاو لە ژیانی خەڵکیش دا ڕەنگ دەداتەوە.

دژایەتیکردنی بۆردومان، بە هیچ شێوەیەک بە واتای پشتگیریکردن لە کۆماری ئیسلامی نییە، هەروەک چۆن ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامیش نابێت ببێتە پاساوێک بۆ بێدەنگی و بێباکی بەرامبەر بە شەڕ، وێرانکاری و کوشتار. ئەم دوو بابەتە نەک هەر دژ بە یەک نین، بەڵکوو خۆی لە درێژەی لۆژیکێکی سیاسی و مرۆییدا دەبینێتەوە، واتە بەرگریکردن لە کۆمەڵگە لە بەرامبەر ستەم و سەرەڕۆیی ناوخۆیی و بەرامبەر بە دەستدرێژی و وێرانکاریی دەرەکی. ئەگەر بڕیار بێت بیر لە داهاتوویەکی ئازاد و ئینسانیی بۆ ئێران بکرێتەوە، ئەو داهاتووە نەک لە ئاسمانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانەوە، بەڵکوو لە هەناوی ڕێکخستنی وشیارانەی جەماوەر، خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی و خەباتێکی سەربەخۆ لە هەردوو جەمسەری کۆنەپەرستی ناوخۆیی و شەڕخوازی دەرەکییەوە سەرهەڵدەدات.

***

# لەناو جەرگەی شەڕدا، ئێعدام لە گرتووخانەکان و کۆمەڵکوژیی کرێکاران لە شوێنی کار

لە ماوەی ٣٦ ڕۆژی شەڕی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ گوشاری شەڕی دەرەکی، بەرەیەکی دیکەشی کردووەتەوە، بەرەی شەڕ لەدژی خەڵکی ئێران. ئەم شەڕە دووەمە نەک بە بۆمب و مووشەک و درۆن، بەڵکوو بە پەتی سێدارە، ژووری تاکەکەسی، ترس و تۆقاندنی سیاسی و توندترکردنی سەرکوت بەڕێوە دەچێت. لە کاتێکدا هەموو چاوەکان براونەتە ئاسمان و هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا، حکوومەت لە ناوخۆی وڵاتدا کەشی شەڕ وەک ئامرازێک بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی هەمیشەیی خۆی، واتە «حکوومەت لە ڕێگەی ترسەوە»، بەکار دەهێنێت. لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی لەم قۆناغەدا، بەشێکە لە ستراتیژی مانەوەی ڕژێمێکی شپرز و سەرلێشێواو. ڕژێمێکی کە باش دەزانێت مەترسی سەرەکی بۆ سەر مانەوەی، جەماوەری خەڵکی ئێرانن. ئەو جەماوەرەی کە ئەم نیزامە گەندەڵ، ناکارامە، سەرکوتگەر و دژە کرێکارەیان ناوێت و خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتین. حکوومەتێک کە مەشروعیەتی لە کۆمەڵگەکەی خۆی وەرنەگرتبێت، لە کاتی قەیراندا پەنا بۆ توندوتیژترین ئامرازەکانی سەرکوت و ترساندن دەبات. لە کۆماری ئیسلامیدا، ئەم ئامرازە جگە لە ئێعدام هیچی تر نییە. لە ماوەی ئەم ٣٦ ڕۆژەدا، ناوی ئەو لەسێدارەدراوە سیاسییانەی کە ڕاگەیەندراون، بەپێی ڕێکەوت بەم شێوەیەیە:

**٢٧ی ڕەشەممەی ١٤٠٤: کورووش کەیانی (هاووڵاتیی خاوەن دوو ڕەگەزنامەی ئێرانی - سوئێدی)**

**٢٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٤: ساڵح محەممەدی (١٩ ساڵە و زۆرانباز)**

**٢٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٤: سەعید داوودی (٢١ ساڵە)**

**٢٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٤: مەهدی قاسمی**

**١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٥: عەلی ئەکبەر دانشوەرکار**

**١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٥: محەممەد تەقەوی سەنگدەهی**

**١١ی خاکەلێوەی ١٤٠٥: بابەک عەلیپوور و پوویا قوبادی**

**١٣ی خاکەلێوەی ١٤٠٥: ئەمیر حوسێن حاتەمی (نارازی ١٨ ساڵە)**

**١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٥: ئەبولحەسەن مونتەزەر و وەحید بەنی عامریان**

**١٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٥: محەممەد ئەمین بێگلەری، شاهین واحدپەرەست (کەلهوڕ)**

بە گوێرەی مێژووی کۆماری ئیسلامی، دوور نییە لە ناو گرتووخانەکاندا چەندین تاوانی ڕانەگەیەندراوی دیکەش ئەنجام درابێت. ئەم ناوانە تەنیا لیستی قوربانیان نین، بەڵکوو بەڵگەی زیندووی تاوانێکی ڕێکخراون. هەر کام لەم ناوانە ئەوەمان بیر دەخەنەوە کە کۆماری ئیسلامی کە لە دەرەوە خۆی لە گێژاوی شەڕدا دەبینێت، لە ناوخۆدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی لەسێدارەدانەوە بەر بە هەر دەرفەتێکی نارەزایەتی و خۆڕاگریی بگرێت.

نیگەرانییەکان تەنیا بۆ ئەو ئێعدامانە نییە کە بە کردەوە دەرهاتوون، بەڵکوو ڕاپۆرتەکان باس لە گواستنەوەی ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی لەوانە ئەمین فەهیم و ئەبولفەزل ساڵحی سیاوەشانی بۆ شوێنێکی نادیار دەکەن، کارێکی کە لە نەریتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامیدا زۆرجار سەرەتایەک بووە بۆ جێبەجێکردنی حوکمی سێدارە.

واقیعییەت ئەوەیە کە لەسێدارەدان لە ناو جەرگەی شەڕدا، نیشانەی هێز نییە، بەڵکوو نیشانەی ترسە. کۆماری ئیسلامی دەزانێت کە کۆمەڵگە لێی تێپەڕیوە. دەزانێت خەڵک ئەم ڕژێمە بە بەرپرسی ڕاستەوخۆی هەژاری، ناسەقامگیری، هەڵاواردن، گەندەڵی و وێرانکاری دەزانن. هەر بۆیە هەوڵ دەدات لە ژێر سێبەری تەقینەوەکان و کەشی سەربازیدا، تاوانەکانی ناو زیندان بە ئاسایی و بێدەنگی بەرەوپێش ببات. ئەمە شەڕێکی دەروونییە لەدژی کۆمەڵگە، پەیامێکی خوێناوییە بۆ خەڵک کە ئەگەر لە ئاسمان شەڕێک لە ئارادایە، لەسەر زەویش پەتی سێدارە ئامادەیە.

بەڵام بۆ تێگەیشتنی تەواو لەم دۆخە، نابێت تەنیا سەیری گرتووخانەکان بکەین. هاوکات لەگەڵ لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی، پرسێکی دیکەش بوونی هەیە. بۆردومانەکان تەنیا «بنکەکانی ڕژێم» ناکەنە ئامانج، ئەمە یەکێکە لە گەورەترین درۆکانی شەڕ. کاتێک کارگەی پۆڵا، ناوەندەکانی پێترۆشیمی، پاڵاوگەکان، وێستگەکانی کارەبا، تۆڕەکانی گواستنەوە و دامەزراوە پیشەسازییەکان دەکرێنە ئامانج، ئەوەی لەناو دەچێت تەنیا «ژێرخان» نییە، بەڵکوو کرێکارانن. ئەو کرێکارەی لە کارگەی پۆڵا شەوکار دەکات، کرێکاری گرێبەستی پێترۆشیمی، شۆفێر، تەکنیکار، کارمەندی خزمەتگوزاری، پاسەوان، کرێکاری ڕۆژکار و هەزاران زەحمەتکێشی دیکە، هەر بەو بۆردومانانە کۆمەڵکوژ دەکرێن.

بەڵام لە گێڕانەوەی فەرمیی شەڕدا، ئەم کرێکارانە هیچ جێگایەکیان نییە. لە ئامارە سەربازییەکاندا ناوی ئەوان ناهێنرێت. لە هەواڵەکاندا باس لە «هێرش بۆ سەر ناوەندە پیشەسازییەکان» دەکرێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکرێت کە لەو ناوەندانەدا مرۆڤی زیندوو کاریان دەکرد، ئارەقەیان دەڕشت، بژێوی خێزانەکانیان دابین دەکرد و لە ژێر داروپەردووی هەمان «ئامانجە پیشەسازییەکاندا» نێژران. ئەم بێناونیشانییە بە ڕێکەوت نییە، بەڵکوو بەشێکە لە لۆژیکی دژەمرۆیی شەڕ و سەرمایە. لەم لۆژیکەدا، گیانی کرێکار هیچ نرخێکی نییە. هەر وەک چۆن کۆماری ئیسلامی زیندانیی سیاسی بە ناو و ناتۆرەی ئەمنییەتی دەکوژێت، ئامێری شەڕیش کرێکارە کوژراوەکان لە ژێر ناوی بێ گیانی «زیانی لاوەکی»دا دەشارێتەوە.

لەمڕووەوە، چینی کرێکاری ئێران ئەمڕۆ لە ژێر داروپەردووی شەڕێکی دوولایەنەدایە. لە لایەکەوە بۆردومان و تێکدانی شوێنی کار و بژێوی ژیان، لە لایەکی دیکەوە سەرکوت، لەسێدارەدان و ئەمنییەتی کردنی هەر دەنگێکی نارەزایەتی لە ناوخۆدا. ئەم دوو بەرەیە لە یەکتر جیا نین. کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە بژێوی ژیان و گیانی خەڵکی کردووەتە بارمتەی پرۆژە دەسەڵاتخوازیەکانی خۆی، پرۆژەگەلێک کە خەڵک بە هەژاری، گەمارۆ، شەڕ، ناسەقامگیری و ئێستاش بە لەسێدارەدان، باجەکەی دەدەن.

لە ئاوا دۆخێکدا، ڕەهەندە وێرانکەرەکانی شەڕ نابێت تاوانەکانی ڕژێم لە ناو زیندانەکاندا بخاتە پەراوێزەوە. نابێت لە ژێر باری قورسی هەواڵەکانی تایبەت بە تاوانی شەڕ، هەواڵی تاوانی ناو زیندانەکان ببێتە پرسێکی لاوەکی. هەر وەک چۆن ناکرێت لە ژێر ناوی «بەئامانجگیرانی ستراتیژی و ژێرخانیی»، گیانلەدەستدانی کرێکاران لە کارگەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لە بەرچاو ون بکرێت. ئەمڕۆ بەرگریکردن لە خەڵکی ئێران، واتە وەستانەوەی هاوکات لەدژی هەڵگیرسێنەرانی شەڕ، دژی لەسێدارەدان، سەرکوت و بەبارمتەگرتنی بژێوی ژیان و گیانی خەڵک.

دەبێ ناوی لەسێدارەدراوەکان دووپات بکرێتەوە. دەبێ بەرگری بکرێت لەو زیندانیانەی کە لە ژێر تیغی سێدارەدان. دەبێ ناوی کرێکارە کوژراوە بێ ناونیشانەکانی ناو بۆردومانەکان، بگەڕێندرێنەوە ناو جەرگەی گێڕانەوەکان. کۆماری ئیسلامی لە کاتی قەیراندا، پێش هەموو شتێک هێرش دەکاتە سەر جەماوەرەکەی خۆی، جارێک بە پەتی سێدارە، جارێک بە پەرەپێدانی هەژاری و جارێکیش بە سپاردنی کۆمەڵگە بە لۆژیکی شەڕ، هەر هەمان ئامانجی «هەوڵدان بۆ مانەوە» بەرەوپێش دەبات.

***

# ئەو زیندانانەی کە دەتوانن ببنە تەڵەی مەرگی زیندانیان

لەو ڕۆژانەی کە هەموو سەرنجەکان لەسەر شەڕ و وێرانکارییەکانی شەڕ بوو، هەزاران کەس لە پشت دیواری زیندانەکانی ئێران، نە ناویان لە هەواڵەکانی شەڕدا دەهات و نە دەنگیان لە پشت میلەکانەوە دەگەیشتە گوێی کەس. زیندانی ئێڤین، کە هەمیشە هێمای سەرکوتی سیاسی بووە لە ئێران، ئەم ڕۆژانە لە هاوکات لەگەڵ نیگەرانییەکان لەوەی کە هەر ساتێک ئەگەری هەیە بۆمبێک بەر ئەو زیندانە بکەوێت، لەگەڵ شەپۆلێک لە کێشەی کەڵەکەبوو بەرەوڕووە.

ئەو ڕاپۆرتانەی لە ناوخۆی زیندانەکەوە بەدەست دەگەن، نیگەرانییەکان بە چەند قات زیاتر دەکەن: کەمیی دەرمان، کەمبوونەوەی بەشەخۆراک، نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییە تەندروستییەکانی وەک فڵچەی ددان و شامپۆ و لە هەمووی گرنگتر، بێسەرشوێنبوونی چەندین مانگەی ئەو زیندانیانەی کە نە حوکمیان بۆ دەرچووە و نە وەڵامی داواکاریی مەرەخەسییەکانیان دراوەتەوە.

لە بەشی دەرمان و چارەسەر، دۆخەکە زۆر لەوەش خراپترە. ئەو زیندانیانەی کە بەدەست ئازاری تاقەتپرووکێنی ددان یان نەخۆشییەکانی گورچیلەوە دەناڵێنن، دەستیان بە خزمەتگوزارییە پزیشکییە پسپۆڕییەکان ڕاناگات. ئەو دەرمانانەی بنەماڵەکان بە هەزار ئومێد و دەستەو داوێنی ئەم و ئەو دەینێرن، زۆر جار ناگەنە دەستی زیندانییەکان. ناردنی زیندانیان بۆ ناوەندە دەرمانییەکانی دەرەوەی زیندان بە کردەوە ڕاگیراوە و تەنها کاتێک ڕوو دەدات کە زیندانییەکە گەیشتبێتە لێواری مردن.

لە سەرەتای ئەو شەڕەوە، کەشوهەوای ئێڤین بە توندی ئەمنییەتی تر بووە. زیندانییەکان لە ژوورە جیاوازەکاندا زیندانی کراون، پەیوەندییان لەگەڵ بنەماڵەکانیان براوە یان زۆر سنووردار کراوە و ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە بەرپرسانی زیندان بە چەکی تەواو ئۆتۆماتیکەوە هاتووچۆی دەکەن.

لە باشووری وڵات، زیندانی شەیبانی ئەهواز، وێنەیەکی زۆر تاریکتری هەیە. هەندێک لە بەشەکانی ئەم زیندانە بە تایبەت بۆ ئەو خۆپیشاندەرانە تەرخان کراوە کە لە مانگەکانی ڕابردوودا دەستگیرکراون. بە دەیان کەس لە ناو ژوورە بەرتەسک و بچووکەکاندا جێ کراوەنەتەوە و بە گشتی سەدان زیندانی لە فەزایەکی زۆر تەنگ و نەگونجاودا ڕاگیراون. کەمیی ئاو، کۆنترۆڵ و چاوەدێری توند لە کاتی چوون بۆ سەرئاو و بڵاوبوونەوەی کێچ و ئەسپێ، دۆخی تەندروستی گەیاندووەتە ئاستێک کە جۆرها نەخۆشیی پێست لە نێو زیندانیاندا بڵاو بووەتەوە. دەرمانە بەردەستەکانیش کوالێتییان خراپە و تەنانەت دەوترێت هەندێکیان ماوە بەسەرچوون. زۆربەی ئەم زیندانیانە لە دۆخێکی نادیار و بەبێ حوکمدان، بە تۆمەتی قورس، بەبێ دادگاییکردن و لەژێر گوشاری لێپرسینەوەی بەردەوامدان.

لەم نێوەندەدا زیندانی ورمێ، دۆخێکی تایبەتی هەیە. ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاسیی کورد لەم زیندانەدا ڕاگیراون و ڕاپۆرتەکان باس لە ئەگەری لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ و گوشارێکی ئەمنییەتی لەڕادەبەدەر دەکەن. هەروەها زیندانەکانی سنە و بۆکانیش بەهۆی کۆبوونەوەی دۆسیە سیاسییەکانی زیندانیانی کورد و حوکمەکانی سێدارە، ئەو ناوەندانە بوونەتە چەقی نیگەرانییەکان.

لە هەفتەکانی ڕابردوودا، شەپۆلێکی نوێی لەسێدارەدانی سیاسی، ئێرانی گرتووەتەوە. لە کۆتاییەکانی ڕێبەندانەوە، هاوکات لەگەڵ دەستپێکی ململانێ سەربازییەکان، ژمارەی ئێعدامەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە لە کەمتر لە دوو مانگدا، لانیکەم ١٣ بۆ ١٤ زیندانی سیاسی لەسێدارە دراون، کە هەندێکیان لەخوار تەمەنی یاساییەوە بوون.

١٧ی خاکەلێوە: عەلی فەهیم، گەنجێکی ٢٦ ساڵان کە لەژێر ئەشکەنجەدا ناچار بە دانپێدانان کرابوو، لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لەسێدارە درا.

دوو ڕۆژ پێش ئەوە، محەممەد ئەمین و ئەمیرحسێن حاتەمی تازە لاوێکی ١٨ ساڵان کە لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا دەستگیر کرابوو، لەسێدارە دران.

پێشتریش، ئەبولحەسەن مۆنتەزر و وەحید بەنی عامریانیش لەسێدارە درابوون. هەروەها سێ خۆپیشاندەری گەنج، لەوانە لاوێکی ١٩ ساڵان، هەر لەو ماوەیەدا لەسێدارە دران.

لە پاڵ ئەم ئێعدامانەدا، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان حوسێن غاوی (ناسراو بە سێلاوی) لە کۆتاییەکانی خاکەلێوەدا لە گرتووخانەی سپای پاسداران لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستداوە.

هەر ئێستا، ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیان لەژێر مەترسیی جێبەجێکردنی خێرای حوکمی سێدارەدان. ناوی حەوت کەس بە دیاریکراوی لە ڕاپۆرتکانی مافی مرۆڤدا هاتووە، کە بریتین لە: پەخشان عەزیزی، حاتەم ئۆزدەمیر، یۆسف ئەحمەدی، مێحراب عەبدوڵلازادە، ناسر بەکرزادە، ڕەئووف مەعروفی و محەممەد فەرەجی. ئەم کەسانە لە زیندانەکانی ئێڤین، ورمێ، سنە و بۆکان ڕاگیراون. کەسانێکی تریش لە دۆخێکی ناڕوون بەڵام نیگەرانکەردا بەسەر دەبەن، لەوانە: وریشە مورادی، عەلی قاسمی، پژمان سوڵتانی، کاوە ساڵحی و ڕزگار بەگزادە. جگە لەمانە، لانیکەم پێنج هاودۆسیەی ئەمیرحسێن حاتەمی لە ژووری تاکەکەسیدا ڕاگیراون و ئەگەری هەیە حوکمەکانیان بەم زووانە جێبەجێ بکرێت. بە گشتی مەزەندە دەکرێت کە لانیکەم ٥٦ زیندانی سیاسی، مەحکووم بە ئێعدام لە زیندانەکانی ئێراندا بن و سەدان کەسی تریش مەترسیی دەرچوونی حوکمی ئێعدامیان لەسەرە.

ئەوەی ئەم شەپۆلە لە قۆناغەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە، بریتییە لە خێرایی و پێکهاتەکەی. ڕاپۆرتەکان نیشانی دەدەن کە سەرۆکی دەزگای دادی ڕژێم فەرمانی داوە کە پرۆسەی جێبەجێکردنی حوکمەکانی سێدارە لەدژی تۆمەتبارانی سیاسی، خێرا بکرێت. تۆمەتگەلێکی وەک «محاربە» و «هاوکاری لەگەڵ دوژمن» بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دەهێنرێن. زۆربەی تۆمەتباران لە دادگاییکردنێکی چەند کاتژمێریدا، بەبێ دەستڕاگەیشتن بە پارێزەری سەربەخۆ، سزا دراون و ئەو دانپێدانانانەی لەژێر گوشار و ئەشکەنجەدا وەرگیراون، بنەمای سەرەکیی دەرکردنی ئەو حوکمانەن.

زیندانی قزڵحەساری کەرەج بووەتە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی سێدارە. لە زیندانی ئێڤین، زۆرێک لە زیندانیانی سیاسی لە بەندە ئەمنییەکانی ٢٠٩ و ٢٤٠دا ڕاگیراون و پەیوەندییان لەگەڵ بنەماڵەکانیان پچڕاوە.

لە سەرەتای شەڕەوە، دەستگیرکردنی بەربڵاو بەڕێوە چووە کە ژمارەیان دەگاتە دەیان هەزار کەس. لە نێوان دەستگیرکراوەکاندا، چالاکوانان، خوێندکاران و تەنانەت منداڵانیش بەرچاو دەکەوێت. زۆر کەس لە گرتووخانە نهێنییەکاندا ڕاگیراون و بنەماڵەکانیان بێ هەواڵن لە چارەنووسیان.

لە ناو هەموو ئەم هەواڵانەدا، ئەوەی دەبێت زیاتر لە هەموو شتێک باسی لێوە بکرێت، حاڵ و ڕۆژی ئەو کەسانەیە کە لە پشت ئەم ئامارانەوەن. دایکێک کە هەموو ڕۆژێک لە پشت هێڵی تەلەفۆنەوە چاوەڕێی هەواڵێکی منداڵەکەیەتی. باوکێک کە کارتۆنێک دەرمانی ناردووە و نازانێت بەدەست جگەرگۆشەکەی گەیشتووە یان نا. هاوسەرێکی کە بۆ ماوەی چەندین هەفتە دەنگی لایەنی بەرامبەری نەبیستووە. ئەو منداڵانەی کە تێناگەن بۆچی باوک یان دایکیان نایەتەوە بۆ ماڵ.

دۆخی شەڕ، زیندانیان لەگەڵ مەترسییەکی زیاتر بەرەوڕوو دەکاتەوە. ئەو زیندانانەی کە تەنانەت لە دۆخی ئاساییشدا لە پێوەرە مرۆییەکانەوە دوورن، لە کاتی شەڕدا دەتوانن ببنە تەڵەی مەرگ. بۆردومان و پەرەسەندنی نائاسایی لەژێر سێبەری شەڕدا، هەموویان گیانی زیندانیان هەرچی زیاتر دەخەنە مەترسییەوە.

ئەو داخوازییەی کە دەبێت لە هەموو کاتێک بەرزتر دووبارە بێتەوە بریتییە لە ئازادکردنی دەستبەجێی زیندانیانی سیاسی و ئەقیدەتی، بە تایبەت لە دۆخی شەڕدا. بەڵام تا ئەو ڕۆژە، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە ناوەکانیان لەیاد نەکەین، ڕاپۆرتەکان بڵاو بکەینەوە و هاوخەمی بنەماڵەکانیان بین و بە تەنیا جێیان نەهێڵین.

***

# بانگەوازێک بۆ ڕزگارکردنی گیانی زیندانیانی سیاسی لە ئێران

لە سەرەتای شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لە ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ەوە، شەپۆلێکی نوێی سەرکوت و دەستبەسەرکردنی بەربڵاو لە سەرانسەری وڵات دەستی پێکردووە. لە سایەی شەڕ و کەشی ئەمنیدا، حکوومەت هەوڵ دەدات هەر دەنگێکی نارازی کپ بکات و بەر لە هەر شتێک، زیندانیانی سیاسی و خۆپیشاندەرانی کردووەتە ئامانج. ئەمڕۆ داکۆکیکردن لە گیانی ئەم زیندانیانە ئەرکێکی بەپەلە و هەنووکەییە بۆ هەموومان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

بەپێی زانیارییەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، لە ماوەی ٥٠ ڕۆژی ڕابردوودا لانیکەم ٣٦٤٦ کەس لە شارە جیاجیاکان دەستبەسەر کراون. لە بارودۆخێکدا کە بەهۆی پچڕانی درێژماوەی ئینتەرنێت و شاردنەوەی زانیارییەکان، لەوانەیە ئاماری ڕاستەقینە زۆر لەوە زیاتر بێت. تەنیا دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ١٨ی خاکەلێوەوە، لانیکەم ٧٦٧ کەسی دیکە دەستبەسەر کراون. لە نێوان دەستبەسەرکراوەکاندا، لانیکەم ١١١ چالاکی سیاسی، مەدەنی، سەندیکایی، خوێندکاری، ئەندامانی بنەماڵە دادخوازەکان و کەسایەتییە ناسراوەکان هەن، ئەو کەسایەتییانەی کە زۆربەیان بوونەتە هێمای خۆڕاگریی مەدەنی و خەبات لەدژی سزای سێدارە و سەرکوت.

وەزارەتی ئیتلاعات، ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، هێزی ئینتزامی و پۆلیسی پسپۆڕ لەوانە پۆلیسی ئیتلاعات و ئەمنییەت و پۆلیسی فەتا، بڕبڕەی پشتی ئەم سەرکوتە نوێیەن. لە زۆر حاڵەتدا، داواکارییە گشتییەکان و ناوەندە دادوەرییەکانیش ڕاستەوخۆ دەوریان هەبووە لە داڕشتنی پلان و هەماهەنگیی ئەم دەستبەسەرکردنانەدا. تۆمەتە فەرمییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بۆ هەمووان وەک یەکە: سیخوڕی، پەیوەندی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکان، ناردنی وێنە و شوێنی بنکە هەستیارەکان، هەوڵدان لەدژی ئاسایشی نەتەوەیی، هاوکاری لەگەڵ بێگانە و گەلێک ناو و ناتۆرەی قورسی وەک محارب و هتد... ئەو تۆمەتانەی کە بەپێی یاساکانی خودی کۆماری ئیسلامی دەتوانن ببنە هۆی دەرچوونی حوکمی سێدارە.

فەرماندەی هێزی ئینتزامی، ئەحمەدڕەزا ڕادان، لە بەرنامەیەکی تەلەوزیزیۆنیدا بە شانازییەوە باسی لە دەستبەسەرکردنی زیاتر لە ٢٧٠٠ کەس کردووە. بە وتەی ناوبراو، زیاتر لە ٩٠٠ کەس بەهۆی شێواندنی بیروڕای گشتی لە دنیای مەجازیدا، زیاتر لە ٤٠٠ کەس بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەی بەرکەوتنی مووشەکەکان و گواستنەوەی زانیاری و هەروەها زیاتر لە ٢٠٠ کەس بەهۆی بەکارهێنانی ستارلینک و ئامێرە تەکنیکییەکان بۆ تێپەڕبوون لە فیلتەرینگ، دەستبەسەر کراون. ئەم دانپێدانانە فەرمییە بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدات کە تاوانی سەرەکیی زۆرێک لەم هاووڵاتییانە، گەیاندنی زانیاری سەربەخۆ و بەکارهێنانی مافی ئازادیی ڕادەربڕینە.

زۆرێک لە دەستبەسەرکراوان لە زیندانەکان، گرتووخانە نهێنییەکان و ناوەندە نافەرمییەکانی ژێر چاودێریی دامەزراوە ئەمنییەکاندا ڕاگیراون. بنەماڵەکان لە شوێنی ڕاگرتنی ئازیزانیان، دۆخی جەستەیی و دەروونییان و تەنانەت جۆری تۆمەت و ڕەوتی دۆسیەکانیان بێئاگان. پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵە و پارێزەر، نەبوونی دەرفەتی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، بێبەشکردن لە چاودێریی پزیشکی و دانپێدانانی زۆرەملێی تەلەویزیۆنی، نیگەرانییەکی جدییان لەسەر چارەنووسی زیندانیانی سیاسی دروست کردووە.

هێرشی دڕندانەی ٩ی خاکەلێوە بۆ سەر بەندی زیندانیانی سیاسیی یەکەی ٤ی زیندانی قزڵحەسار، نموونەیەکی ئاشکرای ئەم سیاسەتی کۆمەڵکوژییە بێدەنگەیە. دەیان کەس لە هێزە سەرکوتگەرەکان بە سەرکردایەتیی ئەشکان کەماڵی، حەسەن قوبادی و قاسم سەحرایی، نیوەشەو هێرشیان کردە سەر بەندی زیندانیانی سیاسی و بە لێدان و ئەزییەت و ئازاری توند، هەموویان لە بەندەکە هێنایە دەرەوە و ڕەوانەی ژووری تاکەکەسییان کردن. شەش کەس لە زیندانیان کە سەرجەمیان هەڵسووڕاوی کەمپەینی «نا بۆ سێدارە» بوون و لەلایەن دادوەر ئەفشارییەوە حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپابوو، هەر ئەو شەوە لە بێدەنگییەکی تەواودا و بەبێ تەواوکردنی ڕەوتی دادگاییکردن و بەبێ دوایین دیدار لەگەڵ بنەماڵەکانیان، لە سێدارە دران. ئەمە تەنیا نموونەیەکە لە تۆڵەسەندنەوەی حکوومەت لە زیندانیانی سیاسی. بەپێی ڕاپۆرتەکان، لە مانگی خاکەلێوەدا لانیکەم ١٤ زیندانی سیاسی لەسێدارە دراون. کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» و شێوازەکانی دیکەی خەباتی مەدەنی لە ناوخۆدا، بەوپەڕی بوێرییەوە لە بەرامبەر ئەم ئامێری کوشتارەدا ڕاوەستاون. ئەوان داوا لە هەموو ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکان دەکەن کە بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەو کەسانەی سزای سێدارەدانیان لەسەر، هەنگاوی بەپەلە، جدی و کاریگەر بنێن.

لە دەرەوەی وڵات، چالاکییە نارەزایەتییەکان دەتوانن و دەبێ دەورێکی یەکلاکەرەوە بگێڕن. بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی بەردەوام لە بەردەم باڵیۆزخانەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، کەمپەینی میدیایی بەرفراوان، کۆکردنەوەی واژۆ و کەمپەینی جیهانی، بەڵگەمەندکردنی دەستبەسەرکردن و ئەشکەنجەدانی دەستبەسەرکراوان و هاوکاریی نزیک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، هەموو ئەمانە ئامرازگەلێکن کە دەتوانن تێچووی سیاسیی سێدارە و ئەشکەنجە بۆ کۆماری ئیسلامی بەرز بکەنەوە. داواکاریی دیاریکراوی ناردنی لێژنەی ڕاستیدۆزی نێودەوڵەتی بۆ ناو زیندانەکان، هێنانەگۆڕێی دۆسیەکان لە ناوەندە جیهانییەکان و ڕاکێشانی پشتگیریی سەندیکا کرێکارییەکان، ئەکادیمییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە سەرانسەری جیهان، دەبێ ببێتە تەوەرەی سەرەکیی چالاکییەکانی دەرەوەی وڵات.

لە ناوخۆی وڵاتیش، سەرەڕای بوونی سەرکوتی توند، بەڵام هێشتا دەتوانرێت و دەبێت دەنگ بەرز بکرێتەوە. بانگەوازی ئێمە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخواز لە سەرانسەری ئێران ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێت، هەوڵ بدەن لەدژی حوکمی سێدارە و لەپێناو ئازادیی زیندانیانی سیاسی. بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و واژۆکردنی توماری نارەزایەتی، کۆبوونەوە لە بەردەم دامەزراوە حکومییەکان، بەشداریکردن لە ڕێورەسمی گیانبەختکردووان، کۆبوونەوە لە ماڵی سزادراوانی سێدارە و دانی دروشم لەدژی سێدارە و بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی، دەتوانن لە زومرەی ئەو هەوڵانە بن. ئەم شێوازانەی خۆڕاگریمان زۆر جار تاقی کردووەتەوە و ئەمڕۆ، لە بارودۆخی پەرەسەندنی سێدارەکان، پێویستە هەرچی زیاتر پەرەیان پێ بدەین و لێکیان هەڵپێکین. بەهێزکردنی یەکگرتوویی و کاری ڕێکخستن لە گەڕەکەکان، زانکۆکان و ناوەندەکانی کار و پتەوکردنی هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵەی زیندانیان، لە زومرەی ئەو سەنگەرانەن کە حکوومەت لێیان دەترسێت.

ئێستا دەبێت ببینە دەنگ و زمانحاڵی ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە لە پشت دیوارە بەرزەکانی زیندان دەنگیان کپ کراوە. هەر کۆبوونەوەیەک، هەر بەیاننامەیەک، هەر چالاکییەک و هەر کەمپەینێکی جیهانی دەتوانێت لە پێناو ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤێکی بێتاواندا کاریگەر بێت. دەرکردنی حوکمی سێدارە دەبێت دەستبەجێ ڕابگیرێت و سەرجەم زیندانیانی سیاسی دەبێت بێ شەرت مەرج ئازاد بکرێن. هاوپشتیی ئێمە، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، دەتوانێت و دەبێت ببێتە هێزێک کە ئەم داواکارییە بەسەر دەسەڵاتداراندا بسەپێنێت.

***

# پەنابەرانی ئەفغانستانی، قوربانیانی بێدەنگی شەڕ، هەڵاواردن و بێدەرەتانیی

شەڕ تەنیا شارەکان وێران ناکات، بەڵکوو سنوورەکانی ئەخلاقیش تێکدەڕووخێنێت. لە بارودۆخی شەڕدا، یەکەم قوربانییەکان هەمیشە ئەو کەسانەن کە پێشوەختە لە کەمترین توانای بەرگریکردن لە خۆیان بێبەش بوون. بێدەنگەکان، پەراوێزخراوەکان، کرێکارانی بێ ناسنامە، ژنانی بێپەنا و ئەو منداڵانەی کە هیچ ڕۆڵێکیان لە دروستکردنی ئەم جیهانە نادادپەروەرەدا نەبووە. کۆچبەران و پەنابەرانی ئەفغانستانی لە ئێرانی ئەمڕۆدا ڕێک لەم پێگەیەدا خۆیان دەبیننەوە. لە ناو جەرگەی قەیرانەکاندا، بێ ئەوەی پەناگەیەکیان هەبێت، بێ ئەوەی دەنگیان ببیسترێت و بێ ئەوەی مافە سەرەتاییەکانیان بە فەرمی بناسرێت.

دوابەدوای توندبوونەوەی کەشی ئەمنییەتی سەرچاوەگرتوو لە شەڕی ١٢ ڕۆژە و ئەم شەڕەی ئێستا، کۆچبەرانی ئەفغانستانی زیاتر لە هەر کاتێکی تر کەوتوونەتە بەر فشار، سەرکوت، دەستبەسەرکردن، دەرکردن و تەریک کەوتنەوە. ئێمە لەبەردەم دۆخێکداین کە تێیدا ئەو مرۆڤانەی ساڵانێکی زۆر لە سەختترین بارودۆخدا ژیاون و کاریان کردووە، لەناکاو دەبن بە «کێشەیەکی ئەمنییەتی»، وەک بڵێی ڕەنج و هەژاری و کاری تاقەتپڕوکێن و بێمافی بەس نەبێت، ئێستا دەبێت باری شەڕیش لەسەر شانی خۆیان هەست پێبکەن.

ساڵانێکی زۆرە ملیۆنان ئەفغانستانی لە ئێران دەژین. زۆربەی ئەوان لە کارە سەخت و کەمداهات و نافەرمییەکاندا، لە بیناسازی و کشتوکاڵەوە بگرە تا بەشە خزمەتگوزارییەکان و دەستفرۆشی، پشکێکی گرنگیان لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەدا هەبووە. ئەوان زۆربەی کات لە پەراوێزی شارەکان، لە ناوچە بێبەش و نائارامەکان، بەبێ هیچ چەشنە پاڵپشتییەکی یاسایی، بەبێ ئەمنییەتی پیشەیی و بە ترس و خۆفی بەردەوام لە دەستبەسەرکران و دەرکردن، ژیانیان بەسەر بردووە. کۆمەڵگە سوودی لە هێزی کاری ئەوان وەرگرتووە، بەڵام کەمتر ئامادە بووە کەرامەتی مرۆیی و مافە بنەڕەتییەکانیان بە فەرمی بناسێت. ئێستاش لە هەستیارترین ساتەوەختەکانی قەیراندا، هەر ئەم چینە دەبنە ئاسانترین ئامانج بۆ زەخت و گوشارە ڕێکخراوەکان.

دەرکردنی بەربڵاو، دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ، گەلێک ڕاپۆرتی جۆراوجۆر سەبارەت بە هەڵسوکەوتی خراپ و توندوتیژی و پاڵپێوەنانی بنەماڵەکان بەرەو سنوورەکان، نیشانەی شکستی ئەخلاقی و یاسایین لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مرۆڤە بێپەناکاندا. هیچ کۆمەڵگەیەک بە سووکایەتیکردن بە لاوازترین توێژی دانیشتووانی خۆی ئەمن تر نابێت. سەرچاوەی ئەمنییەتی ڕاستەقینە دادپەروەرییە نەک قوربانیکردنی مرۆڤەکان. کاتێک دەوڵەت یان کەشێکی گشتی، کۆچبەر وەک هەڕەشەیەک دەبینێت، لە ڕاستیدا ڕێگە بۆ ئاساییبوونەوەی توندوتیژی خۆش دەکات، ئەو توندوتیژییەی کە زوو یان درەنگ بەرۆکی هەمووان دەگرێتەوە.

بەڵام کارەساتەکە هەر بەوەندە کۆتایی نایەت. ئەوانەی لە ئێران دەردەکرێن، دەگەڕێندرێنەوە بۆ وڵاتێک کە خۆی گیرۆدەی یەکێک لە قووڵترین قەیرانە مرۆییەکانی ناوچەکەیە. ئەفغانستانی ئەمڕۆ لەگەڵ هەژارییەکی گشتگیر، دارمانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، برسییەتی، نائارامی و بێبەشبوون لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکان دەستوپەنجە نەرم دەکات. بۆ زۆرێک لە دەرکراوەکان، گەڕانەوە، نەک بە واتای گەڕانەوە بۆ سەر ماڵوحاڵ، بەڵکوو بە واتای فڕێدرانە ناو جەرگەی ناسەقامگیری، بێ ئاسۆیی و بێبەشییەکی هەرچی زیاتر.

لەو نێوەندەدا، ژنانی ئەفغانستانی کەوتوونەتە چەقی یەکێک لە بەئازارترین لایەنەکانی ئەم تراژیدیایەدایە. ئەو ژنانەی پێشتر لە ئێرانیش لە پەراوێزی بازاڕی کاردا، لە ناوەندە نافەرمییەکاندا و بەبێ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستی و پاڵپشتییە یاساییەکان دەژیان، ئێستا بە دەرکردنیان، دەگەڕێندرێنەوە بۆ شوێنێک کە تێیدا سەرەتاییترین مافەکانیان زیاتر لە جاران پێشێل دەکرێت. ژنی سەرپەرشتیاری بنەماڵە، ئەو ژنەی دەبێت نانی بنەماڵەکەی دابین بکات، ئەو ژنەی لە هەمان کاتدا ئەرکی چاودێریکردنی منداڵان و دابینکردنی بژێوی ژیانی لەسەر شانە، لە ئاوا دۆخێکدا بە کردەوە لە نێوان دوو بەرداشی نادادپەروەریدا دەهاڕدرێت، واتە بێمافی لە وڵاتی خانەخوێ و بێبەشبوون لە سەرەتاییترین مافەکانی لە زێدی خۆیدا. ئەم واقعییەتە سەبارەت بە ژنانی کۆچبەری ئەفغانستانی، شێوەیەکی هەرە بەرچاوی ستەمی جێندەرییە لەسەر بەستێنی کۆچ و شەڕدا.

منداڵانی کۆچبەری ئەفغانستانیش لەم توندوتیژییە فرەچەشنە بێبەش نەکراون. زۆرێک لەوان پێشتریش لە پەروەردەیەکی بەردەوام، ئاسایشی دەروونی و قۆناغی منداڵییەکی ئاسایی بێبەش بوون. ژمارەیەکی زۆریان پەلکێشی ناو بازاڕی کارە سەخت و دژوارەکان کراون، کەوتوونەتە بەر چەوسانەوە و داهاتوویان بووەتە قوربانیی هەژاری و ناسەقامگیری. ئێستا ئەم منداڵانە بە دەستبەسەرکردن، گواستنەوەی زۆرەملێ، دابڕان لە بنەماڵە، دەرکردن و گەڕانەوە بۆ ژینگەیەکی نائارام، جارێکی تر سزا دەدرێن. ئەوان سزا دەدرێن تەنیا لەبەر ئەوەی لاوازترن. هیچ وێنەیەکی نادادپەروەری لەوە هەژێنەرتر نییە کە منداڵێک ببێتە قوربانی بڕیارگەلێکی کە هیچ ڕۆڵێکی تێیاندا نەبووە.



ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر کۆچبەرانی ئەفغانستانی دەێت، دەرەنجامی یەکگرتنی سێ قەیرانی هاوکاتە، قەیرانی شەڕ و ئەمنییەتیکردنی کەشەکە، هەژاری و چەوسانەوەی درێژخایەن و هەڵاواردنی یاسایی و کۆمەڵایەتی. ئەم سێ قەیرانە وێرانکەرە، ژیانی کۆچبەرانی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ داوە. بەردەوامی ئەم دۆخە، بێپەناکردنی ڕێکخراوی ئەو مرۆڤانەیە کە پێشتریش ئازارچێشتوو و بێ پشت و پەنا بوون.

بێدەنگبوون لەمەڕ ئەم ڕاستییە، کارێکی دروست نییە. بەرگریکردن لە پەنابەرانی ئەفغانستانی هەڵبژاردەیەکی ئەخلاقی لاوەکی یان کارێکی تەنیا خێرخوازی نییە، بەڵکوو ئەم بەرگرییە، تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتی و پێوەری پابەندبوونی ئێمەیە بە سەرەتاییترین بنەماکانی مافی مرۆڤ. دەبێت پاڵپشتی لە ناوەندە فریاگوزارییەکان و داکۆکیکاران لە مافی پەنابەران بکرێت، دەبێت میدیاکان ناچار بکرێن بێدەنگی بشکێنن، دەبێت داوا لە دەوڵەتەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بکرێت کە بە ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەر بە قەدەغەی دەرکردنی زۆرەملێ، پاڵپشتی لە منداڵان و پاراستنی ژنان و بنەماڵە ئازارچێشتووەکان هەڵبستن. کۆچبەرانی ئەفغانستانی «کێشە» نین، ئەوان مرۆڤن، هاوسێن، کرێکارن، دایکن، منداڵن و شایستەی ژیانێکی باشترن.

لە جیهانێکدا کە شەڕ هەموو ڕۆژێک سنوورێکی نوێ دەبەزێنێت، تەنیا شتێکی کە دەتوانێت ئێمە لە دارمانی تەواوی ئەخلاقی بپارێزێت، بریتییە لە پێداگریی لەسەر هاوپشتی مرۆیی. دەنگی پەنابەرانی ئەفغانستانی نابێت لە ناو دەنگ و باسی شەڕدا ون بێت. بەرگریکردن لەوان، بەرگریکردنە لە شکۆی مرۆڤ.

***

# گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی ئێران، شەڕێکی ئابووری لەدژی جەماوەر

بە شکستی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لە ئیسلامئاباد و ڕاگەیاندنی دەسپێکردنی گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چووە قۆناغێکی نوێ و مەترسیدارەوە. ئەگەر نەتوانرێت یان نەیانەوێت شەڕێکی ڕاستەوخۆ بە ئاسانی پەرە پێ بدەن، ئەمجارە ئامرازی گەمارۆدان، کۆنترۆڵی دەریایی و گوشینی گەرووی ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان هاتووەتە ئاراوە. بەڵام گەمارۆی دەریایی لە ڕاستیدا جۆرێکی دیکەیە لە شەڕ، شەڕێکی کە لە ڕواڵەتدا بە مووشەک و بۆمب دەست پێ ناکات، بەڵام لە کرداردا بە لەناوبردنی بژێوی ژیان، برسییێتی، کەمبوونی کاڵا، بێکاری، هەڵاوسان و دارمانی ژیانی ڕۆژانەی ملیۆنان مرۆڤ بەرەوپێش دەچێت.

واقیعییەت ئەوەیە کە گەمارۆ، ئابڵۆقە و گوشاری ئابووری، تەنانەت کاتێکیش کە بە ناوی بەئامانجگرتنی ڕژێمەوە دەخرێنە ڕوو، پێش هەر شتێک ژیانی خەڵک وێران دەکەن. ئەوە خەڵکن کە ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی نرخەکان، نەبوونی کاڵا، نائەمنی پیشەیی، دابەزینی حەقدەستی ڕاستەقینە و گەلێک زەرەر و زیانی کۆمەڵایەتی دیکە دەبنەوە. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بینیمان کە سەرەڕای گەمارۆ ئابوورییەکان کە ژیانی خەڵکیان کردووە بە دۆزەخ، کۆماری ئیسلامی چ جبەخانەیەکی گەورەی لە قووڵایی زەویدا دروست کردووە و چ تێچوویەکی زەبەلاحی بۆ بەهێزکردنی هێزە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا خەرج کردووە.

بە سنووردارکردن یان ڕاگرتنی هەناردەی نەوت و بەشێکی گرنگی هەناردەی نانەوتی، داهاتی دراوی ئێران دادەبەزێت و ئەمەش دەستبەجێ دەبێتە هۆی توندبوونەوەی کورتهێنانی بودجەی حکومەت. بەڵام کورتهێنانی بودجە لە ژیانی واقیعییدا واتە: کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، گوشاری زیاتر بۆ سەر کەرتی پەروەردە و تەندروستی، دواکەوتن یان کەمکردنەوەی حەقدەستەکان، بەرزبوونەوەی باجە ناڕاستەوخۆکان، چاپکردنی پارە و لە سەرەنجام گواستنەوەی تێچووی قەیرانەکە بۆ سەر شانی چین و توێژە هەژار و دەستکورتەکان.

لە هەنگاوی دواتردا، کەمبوونەوەی خستنەڕووی دراوی بیانی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئەرز. لە ئابوورییەکی وەک ئێراندا کە وابەستەییەکی قووڵی بە هاوردەکردنی کەرەستەی خاو، ئامێرەکان، دەرمان و زۆرێک لە کاڵا بنەڕەتییەکان هەیە، بەرزبوونەوەی نرخی دراو بە خێرایی دەبێتە هۆی شەپۆلێکی نوێی گرانی.

هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکان و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان، پرۆسەی هاوردەکردن دەکەوێت، زنجیرەی دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ بەردەوامبوونی بەرهەمهێنان دەپچڕێنێت و پیشەسازییەکان لەگەڵ کەمبوونەوەی توانا یان داخران بەرەوڕوو دەکاتەوە. لە کارگەوە تا بەندەر، لە گواستنەوەوە تا خزمەتگوزاری، لە بەرهەمهێنانەوە تا دابەشکردن، تەواوەتی بەشە ئابوورییەکان دەکەوێتە بەر مەترسیی قەیرانێکی زنجیرەییەوە. ئەم دۆخە دەبێتە هۆی بێکاریی زیاتر، دواکەوتنی مووچە و مایەپووچبوونی کۆمپانیا بچووکەکان.

ئامانجی ئەمریکا چ لە ڕێگەی شەڕی ڕاستەوخۆوە (وەک ئەوەی لە ماوەی شەڕی ٤٠ ڕۆژەدا بینیمان) و چ لە ڕێگەی گەمارۆکانی تائێستا و ئابڵۆقەی بەندەرەکانی ئێران، بریتی نییە لە ئازادیی کۆمەڵانی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگای سەرکوت. دەوڵەتی ئەمریکا دەیەوێت ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی نەزم و سیستەمی دڵخوازی خۆیدا ڕێکبخات.

ئەگەر ئەم گوشارانە ببنە هۆی گۆڕانکاری لە ناوخۆی دەسەڵاتی ئێراندا و ئەو بەشانەی کە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە «واقیعبینتر» زاڵتر بن، ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە دیموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی یان ئازادیی کۆمەڵانی خەڵکەوە نییە. بەڵکوو ئەگەری ئاوا گۆڕانکارییەک، واتە دارشتنەوەی سەرلەنوێی هەمان دەسەڵاتی حاکم بە هەمان سەرکوتی ناوخۆییەوە، بەڵام سازگار و گونجاوتر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لەلایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامیش ئەم دۆخە بۆ توندکردنەوەی کەشی ئەمنی بەکاردەهێنێت. هەر شەپۆلێکی نارەزایەتی دەکرێ بە ناوی «هاوکاری لەگەڵ دوژمن» سەرکوت بکرێت، داخوازییە بژێویی تەوەرەکان پەراوێز بخرێن و بارودۆخی نائاسایی ببێتە ئامرازێک بۆ کپکردنی دەنگە سەربەخۆکان.

لە ئاوا بارودۆخێکدایە کە سیاسەتی سەربەخۆی جەماوەر گرنگی پەیدا دەکات. نابێت ڕێگە بدرێت کۆمەڵگە لە نێوان دوو جەمسەری وێرانکەردا یەکێکیان هەڵبژێرێت: یان ماشێنی شەڕی ئەمریکا، یان ستەم و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی. ئەمە دووفاقییەکی درۆینەیە. ڕێگەی سێیەم بوونی هەیە: ڕێگەیەک کە پشت بە هێزی سەربەخۆی کرێکاران، موعەلیمان، پەرستاران، خانەنشینان، ژنان، خوێندکاران و سەرجەم ئەو چین و توێژە هەژارانە دەبەستێت کە هەم دژی شەڕن و هەم دژی ستەم و سەرەڕۆیی.

لەمڕووەوە، دەبێ هاوکات جەخت لەسەر چەند تەوەرێک بکرێتەوە: دژایەتی لێبڕاوانە لەگەڵ هەر جۆرە سزایەکی بەکۆمەڵی خەڵک لەوانە گەمارۆکان و ئابڵۆقەی بەندەرەکان و هتد...، ڕەتکردنەوەی سەرکێشییە ناوچەییەکان و پرۆژە ئەتۆمی و ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی کە کۆمەڵگەیان بە بارمتە گرتووە و هەروەها بەرگریکردن لە مافی ڕێکخراوبوونی جەماوەر و نارەزایەتی دەربڕین لەدژی سیستەمی دەسەڵاتدار لە ئێران.

کۆتاییهاتنی بنەڕەتی و هەمیشەیی شەڕ، تەنها بریتی نییە لە ڕاگرتنی کاتیی پێکدادانی سەربازی. ئاشتی ڕاستەقینە کاتێک دەستەبەر دەبێت کە ژیانی خەڵک چیتر نەبێتە ئامرازی چەواشەکاری و سات و سەودای نێوان دەوڵەتەکان، ئەرتەشەکان و بلۆکەکانی دەسەڵات. لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم ئاشتییە تەنها لە ڕێگەی بەهێزبوونی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە خوارەوە، پەرەپێدانی هاوپشتی چینایەتی و بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی دژ بە شەڕ و دژ بە ستەم و سەرەڕۆییەوە دەستەبەر دەبێت.

***

# لە ئاگربەستی کاتییەوە بەرەو ئاشتییەکی بەردەوام، خواستی دەستبەجێی جەماوەر

ئەو ئاگربەستەی ئێستای شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتی رادەی وێرانکارییەکانی کەم کردووەتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بە واتای کۆتاییهاتنی قەیرانەکە نییە. لە ئاگربەستەوە تا ئاشتی، بە لەبەرچاوگرتنی ئامانج، بەرژەوەندی و پاڵنەرە دژە خەڵکییەکانی لایەنەکانی ئەو شەڕە، هێشتا ڕێگەیەکی دوورودرێژ لە پێشە. هەر بۆیە، لە نێوان داخوازییەکانی ئەمڕۆدا، دەبێ خواستی گۆڕینی بێ شەرت و مەرجی ئەم ئاگربەستە کاتی و لەرزۆکەی ئێستا بۆ ئاگربەستێکی هەمیشەیی و بەردەوام، لە سەرووی هەموو ویست و داواکارییەکاندا بێت.

ئەوەی ئەمڕۆ هاتۆتە ئاراوە، زیاتر لەوەی کە ئاشتی بێت، وەستانێکی لەرزۆکە لە نێوەراستی قەیرانێکی قووڵدا. لۆژیکی سەرەکیی ململانێکان هێشتا وەک خۆی ماوەتەوە. توانا سەربازییەکانی هەردوولا لەناو نەچوون، ئەنگیزە و پاڵنەری نواندنی هێز و پێشگیری هەر هەیە و بێ متمانەییەکی قووڵیش لە ئارادایە. ئاگربەستی ئێستا کۆتایی ململانێ نییە، بەڵکوو تەنیا وەستانێکی کاتییە بە ئاراستەیەک کە هێشتا بۆی هەیە بەرەو کارەساتێکی گەورەتر بڕوات. لە ئاوا بارودۆخێکدا، هەر ئان و ساتێک ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم ئاگربەستە هەرەس بهێنێت و شەڕ بە توندوتیژییەکی زیاترەوە دەست پێ بکاتەوە.

ئەم شەڕە نیشانی دا کە ئەمریکا سەرەڕای ئەو باڵادەستییە سەربازییە بەربڵاوە، نەیتوانی ئیرادەی خۆی بەو شێوەیەی کە دەیویست بەسەر لایەنی بەرامبەردا بسەپێنێت. ئەمریکا دەیویست بە گوشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی، لە ناوخۆی ڕژێمدا گۆڕانکارییەک دروست بکات کە لە کۆتاییدا بتوانێت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێدا بگاتە ڕێککەوتنی دڵخوازی خۆی. بەڵام ئەم ئامانجە لە ڕێگەی شەڕەوە بەدی نەهات. ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەمریکا توانای سەربازیی خۆی لەدەست داوە، بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە کە هێزێکی گەورە بەکار هێنرا، بەڵام ئامانجە سیاسییەکەی نەپێکا. لە بەرامبەردا، کۆماری ئیسلامی تەنیا لەبەر ئەوەی ئامانجەکەی ئەمریکا لە ڕێگەی شەڕەوە نەهاتووەتە دی، دەتوانێت ئیدیعای سەرکەوتن بکات.

بەڵام لە نێوان هەموو ئەم هاوکێشانەی دەسەڵاتدا، ڕاستییەکی ڕوون و حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم شەڕە، شەڕی خەڵکی ئێران نەبوو. نە ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ئامانجی خەڵکی ئێران بوون، نە مانەوەی کۆماری ئیسلامی هاوواتای بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە. بۆ خەڵکی ئێران، سەرکەوتن یان شکستی هەر کامیان، بە تەنیا ئازادی، دادپەروەری، خۆشگوزەرانی و ژیانێکی باشتر ناهێنێتە دی. ئەزموونی ئەم شەڕە جارێکی تر بە ڕوونی نیشانی دا کە موشەک و ئاگر، ڕێگەی ڕزگاریی جەماوەر خۆش ناکەن. لەناوچوونی ژێرخانەکان، وێرانیی شارەکان، ترس، ئاوارەیی، گرانی، نائەمنی و هەڵوەشانەوەی ژیانی ڕۆژانە، هیچ کام لەمانە خەڵک لە ڕزگاری نزیک ناکەنەوە. ڕاستە کە ڕژێم لەژێر گوشاری شەڕدا لاواز دەبێت و توانای ئابووریی دادەخورێت و کەلێن و ناکۆکییەکانی ناو بازنەی دەسەڵاتدا زیاتر دەبێت، بەڵام لە نێوان لاوازبوون یان ڕووخانی ڕژێمێک، مەودایەکی واقیعی و گرنگ هەیە. ئەم مەودایە پێکهاتەی سیاسی، دەزگای کارگێڕی، هێزی سەربازی، تۆڕە ئەمنییەکان و ئامێری سەرکوت پڕی دەکەنەوە. هیچ ڕژێمێک تەنیا لەبەر ئەوەی کەوتووەتە ژێر گوشار، خۆی لەخۆیدا نارووخێت. ئەگەر کۆمەڵگە لە خوارەوە خۆی ڕێک نەخستبێت، تەنانەت لاوازبوونی حکومەتیش دەتوانێت نەک ئازادی، بەڵکوو سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی شێوەیەکی تری ستەمکاری لێبکەوێتەوە.

لە ئاوا بارودۆخێکدا، سەرەکیترین و دەستبەجێترین ویست و داخوازی دەبێ ڕوون بێت، کە بریتییە لە: گۆڕینی ئەم ئاگربەستە کاتی و لەرزۆکە بۆ ئاگربەستێکی هەمیشەیی، بەردەوام و بێ شەرت و مەرج. ئەم داواکارییە، بە واتای بێلایەنی نییە لە بەرامبەر سیستەمی ستەم و سەرەڕۆیی و چەوسانەوە، بەڵکوو بەرگریکردنە لە گیانی مرۆڤەکان، بەرگریکردنە لە دەرفەتی هەناسەدانی کۆمەڵگە، بەرگریکردنە لە هەلی خۆڕێکخستنی جەماوەر و بەرگریکردنە لە داهاتوویەکی کە قرار نییە ئاگری موشەک و گرمەی فڕۆکە دیاری بکات. تا ئەو کاتەی کە ئاگری شەڕ خۆش بێت، بوار بۆ سەرکوت، ئەمنییەتیکردنی کەشوهەوای کۆمەڵگا، پشتگوێخستنی ویست و داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان و کپکردنی دەنگی جەماوەر زیاتر دەبێت. شەڕی نێوان دەوڵەتەکان لەژێر هەر ناوێکدا بێت، بە کردەوە ڕێگە لە دەخالەتی سەربەخۆی خەڵک دەگرێت. هەر بۆیە، بەرگری لە ئاگربەستی بەردەوام، بەرگریی لە ئەگەری سیاسەتکردنی جەماوەریشە.

تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە چارەنووسی خەڵکی ئێرانەوە هەیە، فاکتەری یەکلاکەرەوە نە سەرکوتنی ئەم دەوڵەتە و نە شکستی ئەو دەوڵەت. بەڵکوو فاکتەری یەکلاکەرەوە، بریتییە لە ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار، زەحمەتکێشان، ژنان، گەنجان و خەڵکی ئازادیخواز. ئەوەی یەکلاکەرەوەیە، دروستکردنی دامەزراوەکانی دەسەڵاتی سبەینێیە لە خوارەوە، ئەو دامەزراوانەی کە بتوانن نوێنەرایەتیی ئیرادەی گشتیی جەماوەر بکەن، بەرگریکاری بەرژەوەندی زۆرینە بن و ڕێگەی ئازادی و یەکسانی خۆش بکەن. ئەم ڕێکخراوبوونە لە ناو جەرگەی خەباتی هۆشیارانە و بەکۆمەڵی جەماوەرەوە سەر هەڵدەدات، لە ناوەندەکانی کار، لە گەڕەکەکان، زانکۆکان، تۆڕەکانی هاوپشتی کۆمەڵایەتی، لە دامەزراوە مەدەنییەکان و لە هەر شوێنێک کە بتوانرێت ئیرادەی گشتی بکرێتە هێزێکی کاریگەر.

گرنگترین و هەنووکەیی ترین ئەرکەکانی ئێمە لە ئێستادا بریتین لە: خەبات لەپێناو بەدیهاتنی ئاگربەستێکی دەستبەجێ و بەردەوام، پاراستنی گیان و بژێوی خەڵک، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەمنییەتیکردن و سەرکوت بە بیانووی بارودۆخی شەڕ و بەهێزکردنی ڕێکخراوبوونی سەربەخۆی خەڵک لە خوارەوە. قۆناغی داهاتوو ئەگەر هۆشیاری و ڕێکخراوبوونی لەگەڵدا بێت، دەتوانێت ببێتە قۆناغی نیشاندانی هێزی یەکگرتووی جەماوەرێکی کە لە ناو ئازار و ئاگردا خاراوتر بوون. ئەگەر ئەمڕۆ ئاگربەستی بەردەوام بکەینە داخوازییەکی سەرتاسەری، هەنگاوێکی گرنگمان لەپێناو بەرگریکردن لە ژیان هەڵگرتووە و ئەگەر ئەم ویست و داواکارییە بە ڕێکخراوبوون و دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە گرێ بدەین، ئەو کات دەتوانین هیوادار بین کە سبەینێ نەک هەر لە شەڕ، بەڵکوو لە ستەم و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامیش تێپەڕ دەبین.

***



# ١٢ی خاکەلێوە، ڕۆژی سەپاندنی کۆماری ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا

١٢ی خاکەلێوە لە بیرەوەریی سیاسی و مێژوویی کۆمەڵگەی ئێراندا، نیشانەی ساتەوەختێکی چارەنووسسازە لە ڕەوتی زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی شۆڕشی ١٣٥٧ و دەستپێکی جێگیربوونی فەرمیی سیستەمێکی کە لەسەر بنەمای سەرکوتی سیاسی، زاڵبوونی ئیدئۆلۆژی، هەڵاواردنی سیستماتیک و بێبەشکردنی ڕێکخراوی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان بنیادنرا. لەم ڕۆژەدا، ئەوەی لەژێر ناوی «ڕێفراندۆم»دا خرایە بەردەم کۆمەڵگە، تەنیا ئامرازێکی سیاسی بوو بۆ مەشروعییەت بەخشین بە دەسەڵاتێکی کە لە هەناوی شۆڕشێکی جەماوەرییەوە سەری هەڵدابوو، بەڵام هەر لە یەکەم هەنگاوەکانیدا، کەوتە سەر ڕێچکەی نکوڵیکردن لە داخوازییە بنەڕەتییەکانی ئەو شۆڕشە.

پاش ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی، ئێران لە بارودۆخێکی تایبەتدا بوو. کۆمەڵانی خەڵک بە بەشدارییەکی بەربڵاو و تێچوویەکی زۆر، کۆتاییان بە دەسەڵاتی یەکێک لە گرینگترین دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە هێنا و لە ئاسۆی سیاسیی کۆمەڵگەدا، خواستی ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی و بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو. سەرەڕای ئەوەش، لەو قۆناغەدا بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگە هێشتا بەتەواوی لە سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو هێزانەی کە بەپەلە خەریکی قۆرخکردنی دەسەڵات بوون، تێنەگەیشتبوون. ئەم بۆشاییە لە وشیاری مێژوویی و سیاسی، بووە زەمینەیەک تا ڕێبەریی پیاوانی ئایینی بە پێشەنگایەتی خومەینی، کۆنترۆڵی دۆخەکە بەدەستەوە بگرن و ئاراستەی شۆڕش لە ناوەڕۆکە ڕزگاریبەخشەکەی بەلارێدا بەرن.

ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوە ڕێک لە کەشێکی وادا بەڕێوە چوو. دارشتنی ئەم ڕێفراندۆمە هەر لە سەرەتاوە فریوکارانە، قۆرخکارانە و بێ هیچ پێوەرێکی دموکراتیک بوو. پرسیاری سەرەکی نەک لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد لە نێوان شێوازە جیاوازەکانی حکوومەت، بەڵکوو لە قاڵبی دوو جەمسەرییەکی سەپێنراودا دارژرابوو، کە بریتی بوو لە «کۆماری ئیسلامی، ئەرێ یان نا؟» لەم چوارچێوەیەدا، نە دەرفەتێک بۆ خستنەڕووی بەدیلە سیاسییەکانی دیکە هەبوو، نە ئیمکانی دیالۆگ و وتووێژێکی گشتیی یەکسان ڕەخسابوو. بە واتایەکی وردتر، خەڵک لەبەردەم هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەدا نەبوون، بەڵکوو کەوتنە بەردەم جۆرە ئەندازیارییەکی سیاسی کە ئامانجەکەی بریتی بوو لە گواستنەوەی خێرای دەسەڵات بۆ دیکتاتۆرییەکی مەزهەبی. ئەرکی سیاسیی ئەم دوو جەمسەرسازییە ڕوون بوو. لە کەشێکدا کە زۆربەی خەڵک بە ڕق و بێزارییەکی قووڵەوە لە دەست ستەم و سەرەڕۆیی پەهلەوی ڕزگار ببوون، هەر دەنگێکی «نا» بۆ کۆماری ئیسلامی وەک دیفاع کردن لە گەڕانەوەی سیستەمی پێشوو لە قەڵەم دەدرا.



بەم شێوەیە، ملیۆنان کەس لەو خەڵکەی کە نە باوەڕیان بە حکوومەتی مەزهەبی هەبوو و نە خوازیاری پاشایەتی بوون، خرانە ناو تەنگژەیەکی سیاسی و ئەخلاقییەوە. دەنگی «ئەرێ» لەو بارودۆخەدا، لە زۆر حاڵەتدا نەک نیشانەی هەڵبژاردنێکی ئاگایانە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ڕەتکردنەوەی ڕژێمی پێشوو، نەبوونی بژاردەی ڕاستەقینە، زاڵبوونی کەشی پڕوپاگەندە و هەروەها بوونی جۆرێک لە وەهم و خۆشباوەڕی بوو بەرامبەر بە ناوەرۆکی حکوومەتی ئیسلامی.

هەوڵی بە پەلەی خومەینی و هێزە هاوئاراستەکانی بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕێفراندۆمە، هەر لەم ڕاستییەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەوان باش لەوە تێگەیشتبوون کە هەرچی کات تێپەڕێت، دەرفەتی زیاتر بۆ ئاشکرابوونی سروشتی کۆنەپەرستانەی پڕۆژەی «کۆماری ئیسلامی» دەڕەخسێت و هێز گەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی زیاتر بەرامبەر بە لێکەوتەکانی جێگیربوونی حکوومەتێکی دینی هەستیار دەبن. لەبەر ئەوە، بەڕێوەبردنی خێرای ڕێفراندۆم، پێش شکلگرتنی کەشێکی ئازاد و سیاسی، بەشێک بوو لە ستراتیژی داگیرکردنی دەسەڵات و داخستنی ئاسۆکانی دیکە بەرووی شۆڕشدا.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، تەنانەت لەو کاتەشدا هەموو کۆمەڵگە تەسلیمی ئەم نمایشە نەبوو. هێزە وشیارەکان، کۆمۆنیستەکان و خەڵکی کوردستان، کە مەترسیی جێگیربوونی سیستەمێکی دینی و دژە ئازادییان هەست پێکردبوو، ئەم ڕێفراندۆمەیان بایکۆت کرد و سەبارەت بە ئەنجامە کارەساتبارەکانی هۆشدارییان دا. ئەوان بە دروستی نیشانیان دابوو کە دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی نەک درێژەی شۆڕش، بەڵکوو نکوڵیکردنە لە شۆڕش. ئیدیعای بەشداری و پشتیوانی ٩٨ لەسەدی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتاوە زیاتر لەوەی ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵگەیەک بوو لە دەستپێکی نەریتی ساختەکاری، زێدەڕۆیی، ئەندازیاری سیاسی و شێواندنی ئیرادەی گشتی.

ئەم ئامارە، تەنانەت لەگەڵ داتاکانی پەیوەست بە بارودۆخی جوگرافی، سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتیشدا نەدەگونجا. لە کوردستان، خەڵک بە وشیارییەوە و بە شێوەیەکی بەربڵاو بەشدارییان لەم نمایشەدا نەکرد و بەم شێوەیە، هەر لە سەرەتاوە مەشروعیەتی سیاسیی ئەو سیستەمە تازە دامەزراوەیان بە فەرمی نەناسی. لە تورکمان سەحرا و هەندێک ناوچەی دوورەدەستیش، یان ئەسڵەن سندوقی دەنگدان دانەنرا، یان دەرفەتی بەڕێوەچوونی دەنگدان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بوونی نەبوو. لە زۆر شوێنی دیکەی وڵاتیش ژمارەیەک لە هاووڵاتیان، سەرەڕای فشارە سیاسی و دەروونییەکان، لە دەنگدان خۆیان پاراست یان بە پووچەڵکردنەوەی دەنگەکانیان، نارەزایەتی خۆیان نیشان دا. هەر لەم خاڵەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە تایبەتمەندییە جێگیرەکانی خۆی چەسپاند: جێگۆڕکێی ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵک بە ئامارسازی، نمایشی هەڵبژاردن و بەرهەمهێنانەوەی مەشروعیەت لە سەرەوە.

لەمڕووەوە ١٢ی خاکەلێوە ڕۆژی چەسپاندنی سڕینەوەی خەڵکە لە پێگەی خۆیان لە چارەنووسی شۆڕشدا. ئەم ڕێکەوتە، دەستپێکی فەرمیی سیستەمێک بوو کە تێیدا سەرکوتی نەیاران، هەڵاواردن دژی ژنان، سەرکوتی نەتەوە بندەستەکان، هێرش بۆ سەر ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکاری و جەماوەرییەکان و چەسپاندنی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لەژێر پەردەی ئاییندا، بوونە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی دەسەڵات.

ئێستا پاش چەندین دەیە ئەزموونی ڕاستەوخۆ، بۆ بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئێران ڕوون بووەتەوە کە ١٢ی خاکەلێوە نەک ڕۆژی جێگیربوونی «کۆمار»، بەڵکوو ڕۆژی بە فەرمی ناسینی ستەم و سەرەڕۆییەکی دینی و چینایەتی بوو. ئەمڕۆ ژنان، کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، خوێندکاران، گەنجان، بێکاران، نەتەوە بندەستەکان و سەرجەم ئەو چەوساوانەی کە باری قەیران، هەژاری، سەرکوت و هەڵاواردنیان لەسەر شانە، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە خۆیان لەگەڵ ئەم سیستەمە سیاسییەدا یەکلایی کردووەتەوە. ئاخێزە سەرانسەرییەکانی دەیەی ڕابردوو، لە بەفرانباری ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ١٣٩٨ەوە تا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» و نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ڕابردوو، بە ڕوونی نیشانیان داوە کە کۆمەڵگەی ئێران بە دوای ئاسۆیەکی نوێدا دەگەڕێت بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری.

بەڵام خوێندنەوەی سەرلەنوێی ١٢ی خاکەلێوە، تەنیا بۆ داوەری لەسەر ڕابردوو نییە، بەڵکوو ئەم خوێندنەوەیە، هۆشدارییەکی سیاسییە بۆ ئەمڕۆش. ئەزموونی شۆڕشی ١٣٥٧ نیشانی دا کە ڕووخانی دەسەڵاتێکی ستەمکار و سەرەڕۆ، ئەگەر هاوکات نەبێت لەگەڵ ڕێکخستنی وشیارانە، حزووری سەربەخۆی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، دروستبوونی دامەزراوەکانی ڕێبەری لە خوارەوە و ڕێگریکردن لە قۆرخکاریی دەسەڵات، دەتوانێت ڕێگە خۆش بکات بۆ جێگیربوونی شێوازێکی نوێ لە پاوانخوازی. هەر بۆیە، وانە سەرەکییەکەی ١٢ی خاکەلێوە ئەوەیە کە هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕزگاریبەخش بەبێ وشیاری بەکۆمەڵ، ڕێکخستنی بەردەوام، بیرەوەری مێژوویی و دوورکەوتنەوە لە وەهم و خۆشباوەڕی بەرامبەر بە هێزە کۆنەپەرست و هەلپەرستەکان، ناگاتە ئەنجام.

لە ئاوا ڕۆژێکدا، جێگای خۆیەتی کە یادی سەرجەم کۆمۆنیستەکان، خەباتکارانی شۆڕشگێڕ، ژنان و پیاوانی پێشەنگ و ئازادیخواز، بەرز ڕابگرین کە لە بەرامبەر جێگیربوونی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستان و بەمەبەستی ڕێگریکردن لە سەقامگیربوونی ئەم دەسەڵاتە دژە مرۆییە، چ لە مەیدانی خەباتدا و چ لە زیندانەکان و لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان بەخت کرد، یادی ئەوان بەشێکە لە هێزی مەعنەوی و سیاسیی خەباتی ئەمڕۆ.

***

# کۆمەڵگەی ئێران لە بەردەم قۆناغێکی ڕاگوزەری مەترسیداری دوای شەڕ

زیاتر لە مانگێک بەسەر شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تێدەپەڕێت، شەڕێکی کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چۆن کۆتایی دێت، هەرلە ئێستاوە ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە کۆمەڵگەی ئێران نەک تەنیا لەگەڵ قەیرانێکی سەربازی، بەڵکوو لەبەردەم گۆڕانکارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدایە. لە ئاوا دۆخێکدا، پرسی سەرەکی دوای کۆتاییهاتنی شەڕ تەنیا بێدەنگبوونی چەکەکان و ڕاوەستانی بۆردومانەکان نابێت. بەڵکوو ئەوەی کە دەکەوێتە چەقی سەرنجەوە، بریتییە لە ئاستی وێرانکاری، ئەگەر یان مەحاڵبوونی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە و چارەنووسی ژیانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتێکدا کە ژێرخانە سەرەکییەکان، ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و تۆڕەکانی خزمەتگوزاریی گشتیی، زیانی جددییان بەرکەوتووە.

شەڕەکان کاتێک کۆتاییان دێت کە لایەنەکان بگەنە جۆرێک لە ڕێککەوتن، یان لاوازبوون و پەککەوتەیی نیزامیی و حکوومیی کۆماری ئیسلامی، بەکردەوە ئیمکانی بەردەوامیدان بەم شەڕە مەحاڵ بکات. بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەک کە کەوتووەتە بەر وێرانکارییەکی بەربڵاو، کۆتاییهاتنی شەڕ خۆی لەخۆیدا بە واتای گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی نییە. کۆمەڵگەی دوای شەڕ، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە پێشتریش لەگەڵ قەیرانی بەردەوام و پێکهاتەیی بەرەوڕوو بووە، پێدەنێتە قۆناغێکەوە کە تێیدا ئاوەدانکردنەوە، نەک تەنیا پڕۆژەیەکی تەکنیکی، بەڵکوو پرسێکی چارەنووسساز دەبێت بۆ مانەوە، سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و داهاتووی سیاسی.

ئەگەر دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، گەمارۆی ئابووریی ئێران بەردەوام بێت و هیچ کرانەوەیەک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ هاتنی سەرمایە، تەکنۆلۆژی، کەرەستەی خاو و سەرچاوە پێویستەکانی ئاوەدانکردنەوە ڕوونەدات، وێرانکارییەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ، نەک هەر نۆژەن ناکرێنەوە، بەڵکوو دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە. ئەم دۆخە بەو واتایەیە کە وێرانکاری لە ڕووداوێکی کاتییەوە دەبێتە دۆخێکی جێگیری کۆمەڵایەتی، دۆخێکی کە تێیدا خەڵک ناچارن لە ناو جەرگەی کەموکوڕی، پەککەوتەیی و ناسەقامگیریدا بژین.

ئەنجامەکانی ئاوا دۆخێک زۆر ڕوونە: هەژاری بەربڵاوتر دەبێت، ئاستی ژیان ئەوەندەی تر دادەبەزێت، خزمەتگوزارییە گشتییەکان زیاتر لە جاران لاواز دەبن، بێکاری هەرچی زیاتر پەرە دەسێنێت، ڕەوتی بەرهەمهێنان و دابەشکردن تێکدەچن و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر دەبنەوە. ئەوەی پێشتریش لە ئەنجامی گەندەڵیی دامەزراوەیی، گەمارۆ، هەڵاوسانی بەردەوام، ناکارامەیی و سیاسەتە دژە خەڵکییەکانی کۆماری ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێنرابوو، دوای شەڕ ئاستێکی بەربڵاوتر و وێرانکەرتر بەخۆیەوە دەگرێت. شەڕ، وەک هەمیشە، لە زمانی فەرمیدا بە ناوی دەوڵەتەکان و دەسەڵاتەکانەوە تۆمار دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوە خەڵکن کە باجەکەی بە نان، گیان، داهاتوو و کەرامەتی خۆیان دەدەن. برسییەتی هەرچی زیاتر، پەرەسەندنی بێ ماڵوحاڵی، زیادبوونی زیانە کۆمەڵایەتییەکان، کۆچبەری، کاری منداڵان، ئائەمنی دەروونی و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێک دەبن لە ئەگەرەکانی کۆمەڵگەی دوای شەڕ.

ئاشکرایە کە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی دوای شەڕ، کارێکی خێرا و سادە نییە و خۆی لەخۆیەوە ڕوونادات. ئاڵمانی دوای شەڕی جیهانیی دووەم، کە بە ڕادەیەکی زۆر وێران ببوو، ساڵانێکی زۆری خایاند تا بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دۆخێکی تا ڕادەیەک ئاسایی. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەو وڵاتە لە چوارچێوەی «تەرحی مارشاڵ»دا لە سەرمایە، تەکنۆلۆژی و پاڵپشتییەکی بەربڵاوی ویلایەتە یەکگرتووەکان سوودمەند بوو. بەڵام تەنانەت بەو حاڵەشەوە ئاوەدانکردنەوەی ئاڵمان پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆز بوو، نەک کارێکی کورتخایەن.

سەبارەت بە ئێران، ئاسۆکە لەوەش لێڵ ترە. چونکە ئەگەر وڵات دوای کۆتاییهاتنی شەڕ هەر بە گەمارۆدراوی و لە دۆخی دابڕانی ئابووریدا بمێنێتەوە، نە قسە لە سەرمایەی دەرەکیی بەربڵاو دەبێت، نە گواستنەوەی تەکنۆلۆژی و نە بەرنامەیەکی ئاوەدانکردنەوە بە پشتگیریی نێودەوڵەتی. لەبەر ئەوە، بەراوردی مێژوویی پێمان دەڵێت کە کۆمەڵگەی ئێران لە ئەگەری نەبوونی وەها دەرفەتێکدا، لەوانەیە هەیە بچێتە ناو خولێکی درێژخایەن لە ڕکود، پەککەوتەیی و هەژاریی درێژخایەنەوە.

نموونەی نزیکتر، شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقە. ئەو شەڕە، سەرەڕای جیاوازیی زۆری لەگەڵ ئەو دۆخەی ئێستا، بەڵام نیشانی دا کە ئاسەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی شەڕ، دەتوانن بۆ چەندین دەیە لەسەر کۆمەڵگەیەک بمێننەوە. ئێستاش دەبێت بە واقیعبینییەوە قبووڵ بکرێت کە ئەو شەڕەی ئێستا، تەنانەت ئەگەر لە ئاستی سەربازیشدا کۆتایی بێت، شوێنەوارەکانی لە ئاستێکی قووڵتری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەردەوام دەبن.

بەڵام ئەم واقیعە بە هیچ جۆرێک بە واتای سەقامگیریی یان ئەوەی کە ئەو نەزمە سیاسییەی ئێستا لەگەڵ هیچ ئاستەنگ و ئاڵەنگارییەک بەرەوڕوو نابێتەوە، نییە. بەڵکوو بەپێچەوانەوە، کۆمەڵگەی دوای شەڕ، ئەگەری زۆرە بکەوێتە ناو یەکێک لە ناسەقامگیرترین قۆناغەکانی ژیانی هاوچەرخی خۆیەوە. ئەو دام دەزگا سیاسییەی کە پێش شەڕیش لەگەڵ قەیران، ناکارامەیی، گەندەڵی، بێتوانایی لە بەڕێوەبردنی ئابووری و کەلێنێکی قووڵ لەگەڵ کۆمەڵگە ڕووبەڕوو بوو، دوای شەڕ لەگەڵ ئەو ویست و داواکارییانەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە چیتر ناتوانرێت بە دانی بەڵێنی دووبارە و بەو زمانەی پێشوو، یان میکانیزمە ئاسایییەکانی سەرکوت کۆنترۆڵ بکرێت.

پرسی نان، کار، شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، دەرمان، پەروەردە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاوەدانکردنەوە، دەبنە پرسە بەپەلە و حاشاهەڵنەگرەکانی کۆمەڵگە. کۆمەڵگەیەکی کە وێرانکاریی، بە گۆشت و پێستی خۆی هەست پێکردووە، چیتر بە ئاسانی تەسلیمی تەبلیغات و پڕوپاگەندەی فەرمی نابێت. لە ئاوا دۆخێکدا، دژوازی نێوان بێتوانایی پێکهاتەیی دەسەڵات و پێویستییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە، دەبێتە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی قەیرانی سیاسی. ئەمە هەمان ئەو دۆخەیە کە تێیدا جارێکی تر دۆسیەی دەسەڵاتی سیاسی دەکرێتەوە.

کۆتاییهاتنی شەڕ، هاوکات دەبێتە ساتی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ڕیزبەندیی هێزە سیاسییەکانیش. لە ساتە قەیراناوییەکانی مێژوودا، دروشمە گشتییەکان و بانگەشە ڕواڵەتییەکان، زوو یان درەنگ جێگەی خۆیان دەدەن بە داوەرییە عەینییەکان. کۆمەڵگە بە دروستی دەپرسێت: کێ بوون ئەوانەی لە ناو جەرگەی شەڕدا، ئازاری خەڵکیان بینی و کێ بوون ئەوانەی دیلی هاوکێشەکانی دەسەڵات یان وەهمە سیاسییەکانی خۆیان بوون؟ چ هێزگەلێک بەردەوامیی شەڕ و قووڵکردنەوەی وێرانکارییان قبووڵ کرد و چ هێز و لایەنێک بوون کە هەوڵیاندا بەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵک و پێویستیی ڕزگارکردنی کۆمەڵگە بکەنە ئەولەوییەتی سەرەکی خۆیان؟

لەو ڕوانگەیەوە، کۆتاییهاتنی شەڕ، ساتی تاقیکردنەوەی متمانەی سیاسییە. ئەو ڕەوتانەی بەبێ بچووکترین سەرنجدان بە ئەنجامە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی شەڕ، پێشوازییان لە درێژەکێشانی کردووە یان لە بەرامبەر وێرانبوونی کۆمەڵگەدا بێدەنگ بوون، بێگومان لەگەڵ داخوران و لاوازبوونی پێگە و متمانەی خۆیان بەرەوڕوو دەبنەوە. لە بەرامبەردا، ئەو هێزانەی کە توانیویانە سنووری خۆیان هەم لەگەڵ شەڕ و هەم لەگەڵ ئەو نەزمەی کە شەڕ بەرهەم دەهێنێت دیاری بکەن و لە هەمان کاتدا پرسی ڕزگارکردنی کۆمەڵگە و ئاوەدانکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، بخەنە سەرووی هەموو شتێکەوە، دەرفەتی زیاتریان دەبێت بۆ بینینی ڕۆڵ و کاریگەریی لە قۆناغی پاش شەڕدا.

لەم نێوانەدا، بەرپرسیارێتی هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەگەر ئەم هێزانە بیانهەوێ لە قۆناغی ڕاگوزەری داهاتوودا ڕۆڵێکی ڕاستەقینە بگێڕن، هیچ ڕێگە چارەیەکیان نییە جگە لەوەی کە دەبێ لە تەسکبینیی گرووپیی و پەنابردن بۆ فۆرموڵە زێهنییە چەق بەستووەکان تێپەڕن. ئێستا کاتی ئەوە نییە کە سیاسەتی ڕزگاریخوازانە تەنیا لە قاڵبی ئاماژەی ڕواڵەتی بە چەمکە گەورەکان بەرهەم بهێنرێتەوە، بەڵکوو کاتی «شیکردنەوە و لێکدانەوەی دیاریکراوە بۆ بارودۆخێکی دیاریکراو».

چەپ، ئەگەر بیهەوێ ببێتە هێزێکی کاریگەر، دەبێت بتوانێت پەیوەندی لە نێوان ئاسۆی مێژوویی سۆسیالیزم و پێویستییە بەپەلە و هەنووکەییەکانی ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵایەتی دروست بکات. پرسی ئەمڕۆی کۆمەڵگە، لە هەنگاوی یەکەمدا، بریتییە لە بەرهەمهێنانەوەی دەرفەتی ژیان. کۆمەڵگەیەکی کە لەگەڵ وێرانکاری، بێکاری، کەمی، برسییەتی، نائەمنی و دارمانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەرەوڕووە، پێش هەر شتێک پێویستی بە وەڵامێکی ڕوون هەیە بۆ پرسی مانەوە و کەرامەتی مرۆیی. هەر هێزێک دەرک بەم واقیعە نەکات، تەنانەت ئەگەر ڕادیکاڵترین وشەکانیش بەکار بهێنێت، لە کۆمەڵگە دادەبڕێت.

لەمڕووەوە، ئەرکی بەپەلەی هێزە پێشکەوتنخوازەکان ئەوەیە کە سیاسەت بگەڕێننەوە بۆ ئاستی ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک. پشتگیریکردن لە ڕێکخستنی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان، داکۆکیکردن لە مافی ڕێکخراوەیی، پێداگری لەسەر دابەشکردنی دادپەروەرانەی ئیمکانات، پێداگری لەسەر دەستڕاگەیشتنی گشتی بە دەرمان، پەروەردە، نیشتەجێبوون و بژێوی ژیان و هەروەها ڕاوەستان لە بەرامبەر ئەمنییەتی کردنی ویست و داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێت ببنە پاڵنەرە سەرەکییەکانی دەستێوەردانێکی بەرپرسیارانە. لە درێژەی ئاوا پرۆسەیەکدایە کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوە، ئاڵتەرناتیڤ و جێگرەوەی دڵخوازی خۆیان بۆ ڕژێمی دوای شەڕ ئامادە دەکەن.

***

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٢ - خاکەلێوەی ١٤٠٥ - ئاپریلی ٢٠٢٦

# پچڕانی ئینتەرنێت لە ئێران، شەڕێک لەدژی بژێویی خەڵک و ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە

پچڕانی سەرتاسەریی ئینتەرنێت لە ئێران ئێستا گەیشتووەتە پەنجاەمین ڕۆژی خۆی، دۆخێکی کە بەپێی ڕاپۆرتی نوێی «نێت بلاکس»، لە وڵاتێکی بەستراوە بە هێڵی ئینتەرنێتەوە بێ وێنەیە. ئەم دامەزراوە سەربەخۆیە جەختی کردووەتەوە کە ئەم پەککەوتنە درێژخایەنە نەک تەنیا دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی جیهانیی پەکخستووە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ زیانی بە بژێوی ژیان، ئاسایش و مافە مرۆییەکانی ملیۆنان کەس گەیاندووە. ئەگەر ئینتەرنێت لە جیهانی ئەمڕۆدا یەکێک لە شادەمارە زیندووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت، برینی، شێوازێکە لە شەڕ لەدژی خەڵک.

لە کاتی دەستپێکردنی ئەو شەڕە واتە لە ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ەوە، کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە پەنای بردووەتەوە بەر یەکێک لە ناسراوترین ئامرازەکانی سەرکوت و کۆنترۆڵ و نزیکەی ٩٠ ملیۆن کەس بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە. لە ڕواڵەتدا، ڕەنگە ئەم سیاسەتە وەک کارێکی ئەمنی و سەربازیی پەیوەندیدار بە دۆخێکی تایبەت نیشان بدرێت، بەڵام لە بەکردەوە، ئامانجەکەی تەنیا بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی گەیاندن و وەرگرتنی زانیارییەکان، سنووردارکردنی ڕێکخراوبوونی کۆمەڵایەتی و دابڕانی خەڵکە لە یەکتر.

بەڵام بەر لە هەر شتێک دەبێ سەرنج بدرێتە ڕەهەندە ئابوورییەکانی ئەم کارەساتە. تەنانەت میدیای فەرمیی کۆماری ئیسلامی ئێرنا، ناچار بووە دان بەوەدا بنێت کە پچڕانی پەنجا ڕۆژەی ئینتەرنێت بووەتە هۆی لەدەستدانی کریارە دەرەکییەکانی هەندێک لە کار و کاسبییەکان و لەناوچوونی بەشێک لە داهاتی دراوی چاوەڕوانکراو. هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە تەنانەت لە ئەگەری کۆتایی هاتن بە کێشەی پچڕانی ئینتەرنێتیش، گەڕاندنەوە و بەدەستهێنانەوەی سەرلەنوێی کریارە لەدەستچووەکان پرۆسەیەکی درێژخایەن، سەخت و لە هەندێک حاڵەتدا مەحاڵ دەبێت. ئێرنا هەروەها هۆشداری داوە کە خۆراگریی کار و کاسبییە ئۆنلاینەکان بە شێوەیەکی گشتی تەنیا ٢٠ ڕۆژە و دوای ئەوە، شەپۆلێک لە ئیفلاسبوون ڕوو دەدات کە چیتر شیاوی گەڕانەوە نییە. ئەم وەسفەی کە باس لە لێکەوتەکانی پچڕانی ئینتەرنێت لەژێر ناوی «سۆنامی ئابووری و بژێوی ژیان» دەکات، لە ڕاستیدا دانپێدانانێکی فەرمییە بە قووڵایی ئەو قەیرانەی کە حکوومەت خۆی دروستی کردووە.

خەمڵاندنەکان نیشانی دەدەن کە زیانی سەرچاوەگرتوو لەم پەککەوتنە، هەتا ئەمڕۆ سنووری چوار ملیارد دۆلاری تێپەڕکردووە. ئەفشین کولاهی، یەکێک لە بەرپرسانی ژووری بازرگانیی کۆماری ئیسلامی، ماوەیەک لەمەوپێش ڕێژەی زیانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی، بە ڕۆژانە نزیکەی ٨٠ ملیۆن دۆلار خەمڵاند. بەڵام لە پشت ئەم ژمارانەوە، ئەوەی لە ڕاستیدا لە حاڵی لەناوچووندایە، بریتییە ژیانی ڕۆژانەی ملیۆنان مرۆڤی کە کار، فرۆشتن، پەروەردە، دەوا و دەرمان و پەیوەندییەکانیان بە ئینتەرنێتەوە بەستراوەتەوە. کاتێک فرۆشتنی ئۆنلاین دادەبەزێت، تەنیا کۆمپانیا گەورەکان زیانیان بەرناکەوێت، ئەو خەیاتەی لە ماڵەوە داواکاری وەردەگرێت، فرۆشیارێکی بچووک لە ئینستاگرام، ئەو شۆفێرەی بە ئەپلیکەیشن کار دەکات، پەیامنێر، وەرگێڕ، موعەلیمی تایبەت، دوکاندارە بچووکەکان و هەزاران کرێکاری خزمەتگوزاریش، سەرچاوەی داهاتەکەیان لەدەست دەدەن.

لە دۆخێکدا کە ئابووریی ئێران پێشوەختە لەگەڵ سستبوونی ئابووری و هەڵاوسان، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، دابەزینی بەهای دراوی وڵات و پەرەسەندنی بێکاری دەستەوێخەیە، بەهۆی پچڕانی ئینتەرنێتەوە گورزێکی کوشندەتری بەردەکەوێت. ئەم سیاسەتە تەنیا وەستانێکی کاتی لە کار و کاسبییەکاندا دروست ناکات، بەڵکوو پرۆسەی بەرهەمهێنان، دابەشکردن، پەرەپێدان، پەیوەندی لەگەڵ کڕیار و تەنانەت دابینکردنی کەرەستەی خاویش لەکار دەکەوێت. لە ئاکامدا، قەیرانی ئابووری قووڵتر دەبێتەوە و فشاری ئەمەش، وەک هەمیشە، زیاتر لە هەمووان دەکەوێتە سەر شانی چین و توێژە هەژار و دەستکورتەکان. چینە دەوڵەمەندەکان، هەرچەندە بە سەختیش بێت، بەڵام ڕێگایەک بۆ تێپەڕاندنی سنووردارکردنەکان، کڕینی ئامرازی گرانبەها یان دەستڕاگەیشتن بە تۆڕە تایبەتەکان دەدۆزنەوە. بەڵام بۆ کرێکاری ڕۆژانە، خوێندکار، فرۆشیاری بچووک، بنەماڵە کەم داهاتەکان و ئەوانەی ژیانیان پێشتر لە لێواری دارماندا بووە، ئەو ئیمکانیاتە بوونی نییە. لێرەدا کە نایەکسانیی چینایەتی بە ڕوونی خۆی نیشان دەدات، ئینتەرنێت بۆ دەوڵەمەندەکان سنووردارکردنێکی بەئازارە، بەڵام بۆ هەزاران دەتوانێت بە واتای بڕانی نان بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەهەندەکانی ئەو کارەساتە تەنیا ئابووری نین. چونکە ئینتەرنێت ئەمڕۆ چیتر کاڵایەکی لۆکس نییە، بەڵکوو بەشێکە لە ژێرخانە سەرەکییەکانی ژیان. خەڵک لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندی بە بنەماڵە و کەس و کاریانەوە دەگرن، هەواڵ و زانیاری وەردەگرن، بەدواداچوون بۆ دەوا و دەرمان و چارەسەری پزیشکی دەکەن، فێری زانست دەبن و لە دۆخی قەیرانیدا، لە مەترسییەکانی دەوروبەریان ئاگادار دەبنەوە. لە دۆخی شەڕدا، ئەم ڕۆڵە تەنانەت گرنگتریش دەبێت. خەڵک بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی شارەکان، گەڕەکەکان و ڕێگا ئەمن و بێ مەترسییەکان، پێویستیان بە دەستڕاگەیشتنی ئازادانە بە زانیاری هەیە. کاتێک ئەم شادەمارە دەبردرێت، کۆمەڵگە لە نێوان دەنگۆ و ترس و بێخەبەریدا جێ دەهێڵدرێت.

یەکێک لە قورسترین لێکەوتەکانی ئەم دۆخە، بریتییە لە فشارێکی دەروونیی بەربڵاو کە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنرێت. بێخەبەری لە ئازیزان، بێتوانایی لە بەدواداچوونی هەواڵە سەربەخۆکان، ژیان دەبێت بە شێوازێک لە ئەشکەنجەی بێدەنگ. بۆ دایکێک کە نازانێت جگەرگۆشەکەی لە شارێکی تر، زیندووە یان نا، پچڕانی ئینتەرنێت کابوسێکی بەردەوامە. حکوومەت بە بڕینی ئینتەرنێت، دڵەڕاوکێ دەکاتە پرسێکی گشتی و کۆمەڵایەتی.

لە ڕوانگەی سیاسییشەوە، ئەم سیاسەتە مانایەکی ڕوونی هەیە. پچڕانی ئینتەرنێت ئامرازێکە بۆ شاردنەوەی ڕاستی. کاتێک خەڵک نەتوانن گێڕانەوەی خۆیان بە دنیای دەرەوە بگەیەنن، گێڕانەوەی فەرمیی دەوڵەت زاڵ دەبێت. تاوانەکان، وێرانکارییەکان، دەستگیرکردنەکان و سەرکوت لە تاریکیدا دەمێننەوە. بەم هۆیەشەوە، پچڕانی ئینتەرنێت لە ڕاستیدا بەشێکە لە ئامێری کۆنترۆڵ و سەرکوت.

هاوکات، حکوومەت خەڵکی بەرەو بازاڕی ڕەشی ئینتەرنێت پاڵپێوەناوە. برەودان بە پرۆکسییە سنووردار و گرانبەهاکان، و مەترسییەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک «ستارلینک»، شێوازێکی تری جیاکاری و نائەمنی دروست کردووە. ئەوانەی پووڵ و توانای زیاتریان هەیە، ڕەنگە بتوانن لانیکەمێک لە ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بکرن، بەڵام زۆربەی خەڵک یان بە تەواوی بێبەش دەبن یان دەبێ بۆ پەیوەندییەکی لاواز و نائەمن، تێچوویەکی زۆر بدەن. لە ئەنجامدا، دیسانەوە هەر هەژارانن کە زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت.

لەبەر ئەوە، پچڕانی ئینتەرنێت لە ئێران دەبێ وەک قەیرانێکی مرۆیی و پێشێلکارییەکی ئاشکرای مافە سەرەتاییەکانی خەڵک بناسرێت. پێشێلکردنی مافی پەیوەندی، مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، مافی کار، مافی ئەمنییەت و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا مافی ژیان. ئەمە هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر کۆمەڵگە.

بەڵام لە دڵی ئەم تاریکییەدا، پێویستییەکی بنەڕەتی دەردەکەوێت، ئەویش بریتییە لە هاوپشتیی کۆمەڵایەتی. کاتێک حکوومەت خەڵک لە بێخەبەری و گۆشەگیریدا جێ دەهێڵێت، تەنیا شتێکی کە دەتوانێت بەشێک لە فشارەکان کەم بکاتەوە، بریتییە تۆڕەکانی هاوکاری و متمانەی نێوان خەڵک خۆیان. دەبێ لە گەڕەکەکان، لەناو بنەماڵەکان، کۆڕ و کۆمەڵی دۆستانە و دراوسێیەکان، ڕێگەیەکی بەدیل بۆ گەیاندنی هەواڵ، چاودێری و پشتیوانیکردن لە یەکتر بەهێز بکرێت. لە ئاوا دۆخێکدا، هەر تۆڕێکی بچووک و هەر هەنگاوێکی بەکۆمەڵ بۆ یارمەتیدانی کەسانی زیانلێکەوتوو و هەر شێوازێک لە هاوڕێیەتی مرۆیی، شێوازێکە لە بەرگریی کۆمەڵایەتی.

***

# شەڕ، تەشەنەسەندنی هەژاری و دەبێ چی بکرێت؟

لە یەکێک لە پرتەوژمترین قۆناغە سیاسی و ئابوورییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، ژیان و بژێوی چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکان زیاتر لە هەر کاتێکی تر کەوتووەتە ژێر گوشارەوە. تەنانەت پێش دەستپێکردنی شەڕیش، بێکاری و کارکردنی ناتەواو، لەگەڵ حەقدەستی کەم و گرانیی بەردەوام، ژیانی بنەماڵە کرێکارییەکان و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگای تووشی دارمان کردبوو. هەرچەندە ئامارە فەرمییەکان هەندێک جار ڕێژەی بێکارییان کەمتر نیشان دەدا، بەڵام واقیعییەت ئەوە بوو کە بەشێکی زۆری دانیشتووان کە لە تەمەنی کارکردن دابوون، بەکردەوە لە پەیداکردنی کار بێئومێد ببوون و لە بازاڕی کار چووبوونە دەرەوە. ئەمەش واتە بە ملیۆنان مرۆڤی کە نە لە ڕیزی کەسانی لەسەر کار و نە لە ئاماری بێکاراندا هەژمار دەکرێن. بازاڕی کار پێش شەڕیش لەسەر بنەمای گرێبەستی کاتی، کاری بێ بیمە، ڕۆژکار و دەرکردنی ئاسان بوو. کرێکارانی بیناسازی، شۆفێران، وردەفرۆشان، کرێکارانی خزمەتگوزاری شارەوانی و کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکارانی کەرتە نافەرمییەکان لە دۆخێکدا بوون کە تەنیا بە نامەیەک یان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، نان بڕاو دەبوون. لە ئاوا دۆخێکدا، شەڕ ڕۆڵی گورزی کۆتایی بینی و لە ماوەیەکی کورتدا ئەوەی ساڵانێک بوو لە حاڵی پرتووکاندا بوو، گەیاندیە لێواری دارمان.

خەمڵاندنە سەرەتاییەکان باس لە لەناوچوونی نزیکەی یەک ملیۆن هەلی کار و بێکاربوونی نزیکەی دوو ملیۆن کەس دەکەن لە ماوەی چل ڕۆژی شەڕدا. ئەم ئامارە تەنیا کەرتی فەرمی دەگرێتەوە. لە پشت ئەم ئامارانەوە، جەماوەرێکی زۆر هەن کە لەسەر کاغەز هێشتا بە شاغڵ دادەنرێن بەڵام هیچ داهاتێکیان نییە، کرێکارانی ڕۆژکار کە ڕۆژەکانی کارکردنیان گەیشتووەتە کەمترین ئاست، ئەو شۆفێرانەی کە نە سەرنشین و نە باریان هەیە، ئەو فرۆشیارانەی کە داهاتیان تەنانەت کرێی دوکانەکانیشیان دابین ناکات و ئەو کرێکارانەی چەندین مانگ حەقدەستیان وەرنەگرتووە بەڵام ناویان هێشتا لە لیستی مووچەخۆراندا ماوەتەوە. بەم مانایە، قەیرانی بێکاریی تەنیا لە ڕیزەکانی ئیدارەی کار یان ئامارە فەرمییەکاندا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکوو لە سەر سفرە خاڵییەکان، لە کرێ خانووە دواکەوتووەکان و لە بێئومێدی ئەو باوک و دایکانەشدا خۆی نیشان دەدات کە ئیتر نازانن سبەینێ لە کوێوە بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، قەیرانی کرێنشینی گەیشتووەتە قۆناغێک کە بۆ زۆرێک لە بنەماڵە کرێکار و دەستکورتەکان، «خانوو» ئیتر نەک پەناگە، بەڵکوو بووەتە کابوسێکی هەمیشەیی. پشکی تێچووی نیشتەجێبوون لە سەبەتەی تێچووی بنەماڵە کرێنشینەکاندا گەیشتووەتە نزیکەی ٤٣ لەسەد لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی و نزیکەی ٦٠ لەسەد لە تاران بە تایبەتی. ئەمەش بەو مانایەیە کە زیاتر لە نیوەی داهاتی بنەماڵەیەکی نیشتەجێی شارە گەورەکان، تەنیا بۆ ئەوە خەرج دەکرێت کە لەژێر سەقفێکدا بمێننەوە، سەقفێک کە مەرج نییە نە پارێزراو بێت، نە بەکوالیتییەکی ئەوتۆی بێت و نە تەنانەت لەگەڵ پێداویستییەکانی بنەماڵەکەش بگونجێت. لەم نێوەندەدا، کرێ و پێشەکی لەرادەبەدەر، لەپاڵ حەقدەستە جێگیرەکان، حەقدەستی دواکەوتوو یان زۆر نزمەکان، بەکردەوە وایکردووە کە زۆرێک لە کرێنشینان توانای دابینکردنی کرێ خانوویان نییە. لە بەرامبەر ئەم گوشارە تاقەتپڕوکێنەدا، بنەماڵە کرێکارییەکان و تەنانەت بەشێک لە چینی مامناوەند ناچار بوون پەنا ببەنە بەر ڕێگەچارەی کورتماوە. کۆچی زۆرەملێ لە ناوەندی شاراکانەوە بۆ گەڕەکە پەراوێزنشینەکان، کۆچکردن لە شارە گەورەکانەوە بۆ شارە بچووکەکان و تەنانەت گوندەکان، دابەشکردنی یەکەیەکی نیشتەجێبوونی بچووک لە نێوان چەند خێزانێکدا، یان نیشتەجێبوون لە خانووی بچووکتر و قەرەباڵغتر، بەشێکن لەم ڕێگەچارانە. بەڵام ڕەنگە تاڵترین و لە هەمان کاتدا باوترین ڕێگەچارە، گەڕانەوە بێت بۆ ماڵی دایک و باوک. بۆ ژن و مێردێکی گەنج کە بە هەزار زەحمەت توانیویانە ژیانێکی سەربەخۆ پێکبهێنن، گەڕانەوە بۆ ماڵی باوک جۆرێکە لە پاشەکشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی. ئەم کارە واتە لەدەستدانی سەربەخۆیی، پەرەسەندنی ناکۆکی خێزانی لە ماڵە قەرەباڵغەکاندا، گوشاری هەرچی زیاتر بۆسەر دایک و باوکێکی کە خۆیان لەگەڵ قەیرانی بژێوی ژیانیان دەست و پەنجە نەرمدەکەن و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم تەنگەژەیەش لەسەر منداڵان بە ڕوونی دەبینرێت.

دوای بێکاری و نیشتەجێبوون، ئەڵقەی سێیەمی گوشارەکان بریتییە لە گرانی، هەڵاوسانی هەوسارپچڕاو و دابەزینی بەهای دراوی وڵات. بەپێی خەمڵاندنە فەرمییەکان، ڕێژەی هەڵاوسان لە قۆناغێکدا تا نزیکەی ٧٠ لەسەدا بەرز بووەتەوە. بۆ بنەماڵەیەکی کرێکار، ئەم ڕێژەیە واتە ئەو سەبەتە کاڵایەی کە ساڵی ڕابردوو بۆ نموونە بە یەک ملیۆن تمەن بوو، ئەمڕۆ پێویستی بە یەک و نیو تا دوو ملیۆن تمەن هەیە، لە کاتێکدا حەقدەست و مووچە هەرگیز بەو ڕێژەیە زیاد نەکراوە. ئەنجامەکەی بریتییە لە دەرهاویشتنی قۆناغ بە قۆناغی گۆشت، مریشک، ماسی و تەنانەت هێلکە لە سەبەتەی خۆراک، بەکارهێنانی کەمتری بەرهەمە شیرەمەنییەکان و میوە، جێگرتنەوەی کەرەستەی خۆراکی بێ کوالێتی و هەرزانتر و پەرەسەندنی ئاستی نەبوونی ئەمنییەتی خۆراکی، بەتایبەت بۆ منداڵان.

نەبوونی ئەمنییەتی خۆراک هەڕەشە لە داهاتووی نەوەیەک دەکات کە لەگەڵ بەدخۆراکیی شاراوە، لاوازیی جەستەیی، کەمبوونەوەی تەرکیز و دابەزینی ئاستی فێربوون دەبێتەوە. ئەمەش واتە ئەمڕۆ هەژاریی، خەریکی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە و قووڵکردنەوەی هەژارییە لە سبەینێی ئەم کۆمەڵگایەدا. لەگەڵ ئەمەشدا، دابەزینی بەهای دراوی ئێران تا ئەو جێگایەی کە باس لە گەیشتنی یەک دۆلار بە یەک ملیۆن و نیو تمەن دەکرێت، بە واتای گرانییەکی سەرسوڕهێنەری هەر کاڵایەکە کە پەیوەستە بە هاوردەکردنەوە. ئەوانەی داهاتیان بە ڕیاڵە و دەستیان بە هیچ سەرچاوەیەکی دراوی بیانی ناگات، ڕۆژ بە ڕۆژ هەژارتر و بێدەرەتانتر دەبن، لە کاتێکدا کەمینەیەکی بچووک کە دەستیان بە دراو، بازرگانی دەرەکی یان ڕانتی گەورە دەگات، سەرمایەکانیان چەند هێندە زیاد دەکەن.

بەم پێیە، سروشتییە کە زۆرێک لە کرێکاران و زەحمەتکێشان لە هەنگاوی یەکەمدا پەنا ببەنە بەر ڕێگەچارەی تاکەکەسی وەک: ئێزافەکاری، فرەشوغڵی، کۆچکردن، فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ، قەرزکردن و هیتر. لە ئاوا دۆخێکدا، تا ئەو کاتەی چینی کرێکار بە پرشوبڵاوی، بێ ڕێکخراوەیی و بێ دەنگی بە کۆمەڵ بمێنێتەوە، هەر شەڕێک، هەر گەمارۆیەک، هەر بڕیارێکی ئابووری و هەر قەیرانێک، پێش هەموو کەس قورساییەکەی دەکەوێتە سەر شانی ئەو.

لەمڕووەوەیە کە پرسی ڕێکخراوبوون، مافی مانگرتن و مافی دروستکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، لە ئاستی باسێکی تیۆری یان پیشەییەوە، دەگاتە ئاستی پێداویستییەکی سەرەکی بۆ مانەوە. کرێکاری تەنیا، لە بەرامبەر خاوەنکار، خاوەن ماڵ، لە بەرامبەر بانک و دەوڵەت و هەروەها لە بەرامبەر بازاڕی بێبەزەییدا، بەکردەوە هیچ هێزێکی بەرگری ئەوتۆی نییە. بەڵام کرێکارانی ڕێکخراو دەتوانن لەپێناو حەقدەستی دادپەروەرانە، بیمەی بێکاری، کۆنترۆڵکردنی نرخەکان و کرێ ماڵەکان، لەپێناو ئەمنییەتی پیشەیی و هەروەها باشترکردنی مەرجەکانی کار، هێزی وتوێژ و خۆڕاگریی دروست بکەن. کۆتایی هاتنی شەڕ دەتوانێت و دەبێت ببێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی بەربڵاو وشیارانە بۆ بەدەستهێنانی مافی مانگرتن و مافی ڕێکخراوبوون. تا ئەو کاتەی ئەم مافانە بە شێوەی فەرمی و کردەیی بەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتدا نەسەپێنرێن، خەبات بۆ داخوازییە بژێوییەکان هەروا بە پرشوبڵاوی و کاتیی و بێکاریگەری دەمێنێتەوە. بەڵام بە سەپاندن و جێگیرکردنی ئەم مافانە، خەبات لەپێناو نان، شوێنی نیشتەجێبوون، دەوا و دەرمان و پەروەردە، دەکەوێتە ڕێرەوێکی سەرتاسەری و کاریگەرتر و ڕێگە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو خۆشتر دەبێت.

ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر، کرێکاران و زەحمەتکێشان پێویستیان بەوەیە کە لە تەنیایی و پرشوبڵاوی بێنە دەرەوە، لە ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکاندا ئەڵقەکانی هاوپشتی لەوانە لە پێکهێنانی سندووقی هاوپشتیی داراییەوە بگرە تا شێوازە بەربڵاوەکانی ڕێکخراوبوون، پێک بهێنن. بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆ و ڕاستەقینەکان، هەنگاوی بچووک بەڵام بەردەوام هەڵبگرن. قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان نیشانیان داوە کە تەنیا لە هەناوی یەکگرتوویی، ڕێکخراوبوون و خەباتی بەکۆمەڵدایە کە دەتوانرێت لە بەرامبەر ئەم تۆفانەدا ڕاوەستین و ئاسۆی ژیانێکی شایستەتر بکەینەوە.

***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 472- April 2026
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# ویژدان، سەرمایەداری و شەڕ
# وتەیەک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ویژدانەوە



ڕۆژی پێنجی ئاوریل، کە هاوکاتە لەگەڵ ١٦ی خاکەلێوە، لە ڕۆژژمێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەک «ڕۆژی جیهانیی ویژدان» ناودێر کراوە. ویژدان، لە مانا مرۆیی و زیندووەکەیدا، هەمان ئەو هێزە ناوەکییەیە کە پێمان دەڵێت سوکایەتیکردن بە مرۆڤ هەڵەیە، برسی کردنی خەڵک تاوانە، وێرانکردنی شارەکان بەربەرییەتە و گۆڕینی ژیانی ملیۆنان کەس بۆ ئامرازی کایەی دەسەڵات، نکوڵیکردنە لە سەرەتاییترین پێوەرەکانی مرۆڤایەتی. بەڵام ئەگەر ویژدان تەنها وەک پرسێکی ئەخلاقیی تاکەکەسی تێبگەین، توانای بینینی ئەو میکانیزمە لەدەست دەدەین کە بێویژدانی دەکاتە یاسای باڵادەست.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەتایبەت لە گەرمەی ئەو شەڕەی کە ئێران و ناوچەکەی گرتووەتەوە، دەبێت ئەم ڕاستییە ڕاشکاوانە بوترێت کە دەوڵەتەکان ویژدانیان نییە، بەڵکوو بەرژەوەندییان هەیە. چینە دەسەڵاتدارەکانیش ویژدان ناکەنە پێوەری بڕیاردان، بەڵکوو ئەوان بە زمانی «ئاسایش»، «بەرپەرچدانەوە»، «بەرژەوەندیی نیشتمانی» و شتی لەو چەشنە دەدوێن، بەڵام لەژێر ئەم وشە بریقەدارانەدا، ئەوەی کار دەکات، بریتییە لە لۆژیکی دەسەڵات و پاراستنی هەژموون.

کاتێک شەڕ دەبێتە هۆی وێرانبوونی ژێرخانەکان، ئاوارەیی، گرانیی لەرادەبەدەر، کەمیی دەرمان، پەککەوتنی بەرهەمهێنان، نائەمنی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی هەژاری، ئەمانە «کاریگەریی لاوەکی» نین، بەڵکوو شێوازی ڕاستەقینەی کارکردنی ئەو سیستەمەن کە مرۆڤ دەکاتە قوربانی پاراستنی دەسەڵات. لە ئاوا سیستەمێکدا، منداڵی برسی تەنها ژمارەیە، کرێکاری بێکار تەنها ڕەقەمێکی ئامارییە، ژنی سەرپەرشتیاری خێزان پەراوێزێکە و بەساڵاچووی بێدەرەتان تێچوویەکی زیادەیە. ئەمە ڕێک ئەو شوێنەیە کە ویژدان، ئەگەر لە ئاستی هەستی تاکەکەسی تێنەپەڕێت، پێشێل دەکرێت.

لە ئێرانی ئەمڕۆدا، شەڕ تەنها لە ئاسمان و سنوورەکاندا نییە. بەڵکوو لەناو سفرە بچووکبووەکانی خەڵکدایە، لە کەمیی دەرمان، لە تاریکی و پچڕانی خزمەتگوزارییەکان، لە داخرانی کارگەکانی بەرهەمهێنان، لە بێدەرەتانیی مووچەخۆران، لە ترس و دڵەڕاوکێی منداڵان و لە شەکەتیی ڕۆح و ڕەوانی کۆمەڵگەدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەی لەژێر ناوی «دۆخی شەڕ»دا بەڕێوە دەچێت، لە ڕاستیدا توندکردنەوەی هەمان ئەو قەیرانەیە کە ساڵانێکە بەهۆی سەرمایەداریی ڕانتی، گەندەڵیی دامەزراوەیی، مووچەی چەند هێندە لەژێر هێڵی هەژاری و سیاسەتە دژە خەڵکییەکانەوە، قورسایی خستووەتە سەر شانی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر. شەڕ ڕووداوێکی ئەخلاقیی یان تەنها بەرهەمی هەڵەی ئەم یان ئەو سیاسەتوان نییە. شەڕ لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا، درێژەی هەمان کێبڕکێی بێبەزەییانەیە بۆ هەژموون، کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان، دابەشکردنەوەی دەسەڵات و پاراستنی بلۆکە سیاسی و ئابوورییەکان، بەڵام بە ئامرازگەلێکی خوێناویتر. هەر بۆیە، هەرکەسێک بیەوێت باس لە «ویژدان» بکات بەڵام باسی ئیمپریالیزم، دەوڵەتە شەڕخوازەکان، بۆرژوازی دەسەڵاتدار و پێوەندییە چینایەتییەکان نەکات، لە باشترین حاڵەتدا گەیشتووەتە ئامۆژگارییەکی بێمەترسی، نەک ڕەخنەیەکی ڕیشەیی.

لەم شەڕەشدا، وەک هەموو شەڕە هاوچەرخەکان، ئەوە خەڵکن کە دەکوژرێن، ئاوارە دەبن، هەژارتر دەبن و داهاتوویان لەناو دەچێت، بەڵام بڕیارەکە ئەوان نەیانداوە. بڕیار لە ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە دەدرێت و تێچووەکەی چینە چەوساوەکان دەیدەن. ئەمە هەمان مانای چینایەتیی شەڕە. شەڕیش، وەک هەڵاوسان، وەک بێکاری و وەک ڕیازەتی ئابووری، بێلایەن نییە. قورساییەکەی بەردەوام دەکەوێتە سەر شانی کرێکاران، مووچەخۆران، بێکاران، هەژارانی شار، پەراوێزنشینان، ژنانی چەوساوە و منداڵان.

لە ڕۆژی جیهانیی ویژداندا، مەترسیی ئەوە هەیە کە پرسەکە بۆ ئاستێکی بێمەترسی دابەزێنرێت، وەک ئەوەی کە هەرکەسێک لە دڵی خۆیدا کەمێک میهرەبانتر بێت، کەمتر درۆ بکات، یان زیاتر بیر لە کەسانی دیکە بکاتەوە. ئەمانە بێگومان خراپ نین، بەڵام هیچ کامیان بەر بە ئامێری شەڕ، چەوساندنەوە و سەرکوت ناگرن. سەرمایەداری لە مرۆڤە «باشەکان» ناترسێت، بەڵکوو لە ڕێکخراوبوونی مرۆڤەکان دەترسێت. لە ویژدانی تاکەکەسی ناترسێت، بەڵکوو لە ویژدانی بەکۆمەڵ و ڕێکخراو دەترسێت. هەربۆیە پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە ئایا تاکەکان هێشتا لە دڵی خۆیاندا شتێک بە ناوی ویژدان هەست پێدەکەن یان نا، بەڵکوو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت ویژدان لە فەزای تایبەتیی دەربهێنرێت و بکرێتە هێزێکی ماددی لە ئاستی کۆمەڵگەدا؟ وەڵامەکە ڕوونە، لە ڕێگەی هاوپشتیی چینایەتی، ڕێکخراوبوون لە خوارەوە، گرێدانی خەبات لەدژی شەڕ بە خەبات لەدژی هەژاری و چەوساندنەوە و هەروەها ئاشکراکردن و لەقاودانی بەردەوامی ئەو سیستەمەی کە مەرگ و بێبەشی بەرهەم دەهێنێتەوە.

ویژدان، ئەگەر نەیەتە ناو کایەی سیاسەتەوە، تەنیا لە ئاخ و داخدا کورت دەبێتەوە. ویژدان، ئەگەر بە خەبات لەپێناو نان، کار، نیشتەجێبوون، دەرمان، پەروەردە و ئازادییەوە گرێ نەدرێت، تەنها دەبێتە دروشمێکی ئەخلاقیی. ویژدان، ئەگەر دژی دەسەڵاتی زاڵ هەڵوێست وەرنەگرێت، لە کۆتاییدا دەبێتە ڕازێنەرەوەی هەمان ئەو سیستەمەی کە دەبێت لە بەرامبەریدا بوەستینەوە.

لە دۆخی ئێستادا، هەر چەشنە باسکردنێک لە ویژدان دەبێت لەم خاڵەوە دەست پێبکات کە خەڵکی ئێران نە گۆشتی دەمی تۆپن و نە پاشەکەوتی تەحەمول بۆ کایەکانی دەسەڵات. ویژدان واتە ڕەتکردنەوەی هەر سیاسەتێک کە لە خەڵک دەخوازێت بە ناوی «بەرژەوەندی»، «ئاسایش» یان «شانازیی نیشتمانی»، برسییەتی، بێ ماڵوحاڵی، بێدەرمانی و دارمانی کوالێتی ژیان تەحەمول بکەن. ویژدان واتە ئاشکراکردنی ئەم ڕاستییەی کە لەپشت هەر شەڕێکەوە، لە پەنای هەر مووشەک و بۆردومانێکدا، چینە دەسەڵاتدارەکان هەوڵ دەدەن ڕیازەتی ئابووری، دیسپلین، سەرکوت و بێدەنگیی کۆمەڵایەتیش بسەپێنن.

لە ئێرانی ئەمڕۆدا، ویژدان واتە بەرگریکردن لە مافی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاران، بەرگریکردن لە مافی خەڵک بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەدژی گرانی و وێرانکاری، بەرگریکردن لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و وەستانەوە لە بەرامبەر هەر هەوڵێک بۆ ئەمنییەتی کردنی ئازار و مەینەتییەکانی خەڵک. ویژدان واتە نەڵێین «ئێستا کاتی ئەم قسانە نییە»، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ڕێک ئێستا کاتی ئەم قسانەیە. چونکە لە کاتی شەڕدا، چینی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدات هەموو شتێک پەک بخات جگە لە هەژموونی خۆی. ویژدان بە واتا

ڕزگاریخوازییەکەی، ناوێکی دیکەی ئەو ڕاستییەیە کە مرۆڤ نابێت ببێتە ئامرازی قازانج و دەسەڵات و ئەم ڕاستییەش تا ئەو کاتەی لە پێکهاتە ئابووری و سیاسییەکاندا بەرجەستە نەبێت، بەردەوام پێشێل دەکرێت.

بەو هۆیەوە، ویژدانی سەردەمی ئێمە نەک لە ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکاندا، بەڵکوو لە بەرگرییەکی ڕێکخراودا لەدژی سیستەمی هەبوو مانا پەیدا دەکات. ویژدان واتە «نا» وتن بە شەڕ، «نا» وتن بە ئیمپریالیزم، «نا» وتن بەو سەرمایەدارییەی کە هەژاری و وێرانکاری بەرهەم دەهێنێت و «نا» وتن بەو دەوڵەتانەی کە ژیانی خەڵک دەکەنە قوربانی مانەوەی خۆیان. لە لایەکی تریشەوە، ویژدان واتە «بەڵێ» بۆ هاوپشتی، بۆ ڕێکخراوبوون، بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بۆ یەکسانی و بۆ بنیادنانەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی زۆرینە، نەک قازانج و بەرژەوەندی کەمینەیەک.

***

دواستون

## کاتێک فیلەکان شەڕ دەکەن، ئەوە چیمەنەکانن پێخۆست دەبن!

**نووسین: سەلام قادری**


ئەوەی بەرەی ڕاستی ئێران ناوی لێ دەنێت (دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانەی ئامریکا بۆ یارمەتیدانی خڵکی ئێران) سفرەی قومارێکە کە ناوی "ئێران"ی لەسەر نووسراوە، بەڵام یاریزانەکان ئەوانی ترن. کۆماری ئیسلامی کە جلوبەرگی شۆڕشگێڕی لەبەردایە، ئێستا زیاتر لە بەڕێوەبەرێک دەچێت کە ئەوەندە لە ژوورە ئەمنییەکاندا کاتی بەسەر بردووە، کە تووشی جۆرێک لە خەڵک نامۆیی بووە، خەڵک بۆ ئەوان (سەنا گۆیانی ناوەوە و، گرووپە شیەعەکانی دەوروبەرن، ئێرانیش بۆیان ئەوانەن بۆ کۆنترۆڵی خەڵکێک کە کۆماری ئیسلامی نامۆکەوتووە لێیان، بە شایەدی چەندین ئاخێز، کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی ئێرانیش وەڕز و بێگانەن لەو کۆمارە. لە بەرامبەر مێزی مارەکەدا ئەمریکا دانیشتووە، بە متمانەی قومارچییەکی پیشەگەر کە هەر جارێک کە دۆڕا یاساکانی یارییەکە دەگۆڕێت و بە «ستراتیژ» ناوی دەبات. ئیسرائیل وەک هاوڕێیەک وایە کە بەردەوام دەست لە سەر شانی دەکوتێ بە هێمنی دەڵێت: " دووبارە دووبارە"، ڕووسیاش بە زەردەخەنەیەکی ساردەوە کارتێک دەفرۆشێت و لە یەک کاتدا دەتوانێت یارییەکە خاو بکاتەوە یان تێکی بدات. چین کەمێک لە دوورترەوە وەستاوە، نەک بۆ یاریکردن، بەڵکو بۆ ئەوەی حیساب بکات کێ لە کۆتایی شەودا زیاتر قەرزدارە.

لەم نێوەندەدا خەڵکی ئێران تەماشاکەرێکن کە نە ڕێگەیان پێدەدرێت لە هۆڵەکە دەربچن و نە پشکیان لە بردنەوەکان هەیە؛ تەنها دەبێت هەر جارێک کارتەکان دەگەڕێنرێنەوە پارە بدەن.

پرسیارەکە ئەوەیە کێ دەتوانێت یارییەکە کۆتایی پێ بێنێت، یاریەک کە سوودی بۆ هەمووان هەیە- جگە لە خەڵکی ئێران. بیرۆکەی ئەوەی کە هەموو ئەم یاریزانانە ڕۆژێک کۆدەبنەوە و ڕازی دەبن لەسەر «چارەسەرکردنی کێشەکە» زیاتر لە کۆتایی فیلمێکی زانستی خەیاڵی دەچێت نەک واقیعی سیاسەت.

بۆیە یارییەکە بەردەوامە: کەس بە تەواوی نادۆڕێت، کەس بەڕاستی سەرناکەوێت و تاکە شتێک کە لەسەر مێزەکە کەڵەکە دەبێت، ئەو کاتەی لەدەستچووە و ئەو ژیانانەیە کە لە پەراوێزدا بەر یاری کەوتوون و ڕەنگە تەنیا ئەوانیش بتوانن دواجار ئەم کڵافە ئاڵۆزە بکەنەوە و ئەو بەردەی گوادالوپ خستیە ناو چاڵەکە بە هەزاران ئاقڵ ڕەنگە دەربێت، واتە ژیانی خەڵک بە دەستی خۆیان ڕزگار دەبێت و ڕێڕەوی ئەوان لە شەرەحۆچی فیلەکان جیایە.

***



ماڵپەڕە حیزبیەکان:
پەیام سایتێ سیاسی هەواڵنیری
www.payaam.net
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
www.cpiran.org
کۆمەڵە:
www.komalah.org
تشکیلات خارج کشور
www.k-kh.org